# ئەستێرەی دێدەوان

## کۆبەرهەمی شەهید هەژار دێدەوانی

**چاپی دووەم**

2023

ناوی کتێب: ئەستێرەی دێدەوان/ کۆبەرهەمی شەهید هەژار دێدەوانی
بابەت: شیعر و چیرۆک
هەندرێن شێخ ڕاغب پێشەکی بۆ نووسیوە
پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی دەقەکان: ئاکۆ ئاکۆیی
تایپ: هەندرێن شێخ ڕاغب و پەرۆش فەرهاد
دیزاینی بەرگ: کۆمپیوتەری هیوا
دیزاینی ناوەوە: کۆسرەت جمیل کریم
نۆرەی چاپ: چاپی دووەم 2023
تیراژ: (1000) دانە
نرخ:4000 دینار
چاپخانە: چاپخانەی هێڤی – هەولێر
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (594)ی ساڵی (2023)ی پێدراوە

## ناو ئاخن

پێشەکی........................................................................9

**بەشی یەکەم – ژیاننامە و ئەو نووسینانەی لە بارەی شەهید هەژار نووسراون**

ژیاننامەی شەهید هەژار دێدەوانی...........................................14

شەهیدبوونی هەڤاڵی نەمر هەژار دێدەوانی...............................17

پەیڤێک، بیرەوەری وەفا..........................................................19

ئەوەنیەپێشمەرگەم...............................................................23

ئەوهاش نەبا هەردەمردم.........................................................30

شەهید هەژار دێدەوانی و تفەنگ و قەڵەم.................................37

شەهید هەژار دێدەوانی و هەڵوێست و جوامێری. ......................46

چەند پەیڤێک لە بارەی شەهید هەژار دێدەوانی.........................50

چۆن و کەی شەهید (هەژار دێدەوانی)م ناسی؟..........................53

یادێک بۆ شەهید هەژار دێدەوانی.............................................58

شەهید هەژار دێدەوانی فەرماندە و سەرکردەی هەژاران...............61

شاعێری قەڵا شەهید هەژار دێدەوانی........................................64

خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوا بوو...............................................67

ئاڵا.......................................................................................73

**بەشی دووەم – شیعرەکانی شەهید هەژار دێدەوانی**

بۆ کچەکوردێک.....................................................................76

گوڵ......................................................................................76

هەژارێکی بێبەشم...................................................................77

زەردەخەنە.......................................................................78
نەخۆشم.........................................................................79
یادی نەورۆز...................................................................80
داو..................................................................................80
ڕێبوارم.............................................................................81
دڵی شکاو.........................................................................83
مەی................................................................................85
تکا..................................................................................86
دڵ واس واسە....................................................................87
دیاری...............................................................................89
شۆخی شیرن.....................................................................90
بەکرۆکە.............................................................................92
لەنەورۆزدا.........................................................................94
هەنگاو بەرەو گێتی ئازاد......................................................95
منالی و لادێکەمان...............................................................97
مژدەی خەوێکی بێ ئەنجام.....................................................98
کەمەڕ دەزێ.......................................................................99
ڕەشەبا..............................................................................99
بڕیار................................................................................100
مژدە.................................................................................101
ئاواتی ون..........................................................................102

نەورۆز................................................................................103
بووکەشوشە..........................................................................104
مەبەستمە...........................................................................106
نەورۆز ئەکەم.......................................................................107
هەور.................................................................................108
کۆرپە................................................................................109
سامان...............................................................................110
هەڵۆ.................................................................................111
سرودی هەژاران.....................................................................112
وەڵامی نامەیەک.....................................................................113
سرودی زەحمەتکێشان...............................................................116
سۆسیالیست........................................................................119
دڵ....................................................................................120
ئەستێرە.............................................................................121
پێشمە رگە..........................................................................123
جەژن................................................................................124
فرمێسک............................................................................126
ئەوەدیسان..........................................................................127
کرێکار...............................................................................128
ژوان.................................................................................130
عێراق...............................................................................133

بۆ نەورۆز......................................................................135
سکالا..........................................................................137
کوڕەکەچەڵ...................................................................142
ئەستێرەگەشە................................................................144
تکا مەکە......................................................................148
شۆڕش.........................................................................149
8ی ئاب........................................................................151
بوکی تارا سور...............................................................153
سەد ساڵی تر................................................................158
**بەشی سێیەم – کــــورتە چـــــیرۆک**
مەشخەڵی پیرۆز..............................................................160
**بەشی چوارەم – سێ بابەتی بڵاوکراوەی شەهید هەژار**
داستانی شۆپیران............................................................172
داستانی دەشتێو.............................................................182
برایەتی.........................................................................190
**بەشی پێنجەم – سێ چیرۆکی فۆلکلۆر**
ڕێوی و پورەئایشە...........................................................196
کیسەڵ..........................................................................198
تاقیبی گوێ بڕینی خۆیان دەکەن...........................................199
**بەشی شەشەم – چەند تێکستێکی حەیران**
چەند تێکستێکی حەیران......................................................202

**بەشی حەفتەم – بەستەو شیعری فۆلکلۆری**


کچی لادێ.............................................................210
کوڕی بێوەژنێ.............................................................211
دوو عەشیرەت شەڕ دەکا.............................................................214
بەندو بالۆرەی ساوار کوتانەوە.............................................................217
کانی.............................................................220
کۆتر.............................................................222
کەوێی بەری.............................................................223
ئاوی غازر.............................................................224
لەگەرتوومە.............................................................225
مقامی گاس لێدان.............................................................227
بە بەر منداڵ هەڵگوتن.............................................................229
چاو.............................................................231
لاو هاتیە.............................................................232
بەلۆرە.............................................................233
هەی مشکە.............................................................239
جورج.............................................................241


**بەشی هەشتەم – دیکۆمێنت و ئەلبومی وێنەکـــــان**


دیکۆمێنت.............................................................246
ئەلبومی وێنەکان.............................................................255

# پێشــــەکی

ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێ ( بێکەس قادر) باسی ئەوەم کرد بۆچی یادی شەهید هەژار دێدەوانی نەکەینەوە، گوتی واز لەمە بێنە، بۆچی شتێکی دیکە ناکەین؟ گوتم چی بکەین؟ هاوڕێ بێکەس گوتی واباشە کۆی شیعر و بەرهەمەکانی کۆ بکرێنەوە و لەنوێوە چاپ بکرێن، ئەمە خزمەتێکی گەورە و وەفایەکی شایستەیە بۆ ڕۆحی شەهید هەژار دێدەوانی، بێ دوودڵی لەگەڵ هاوڕێ (ئاکۆ ئاکۆیی) و بە هاوکاری دوو هاوڕێی دڵسۆز و تێکۆشەر (فەرهاد مەنتک و عوسمان مەنتک برای شەهید) کە دەفتەر و کتێب و شیعر و وێنە و پەڕاوەکانی شەهید هەژاریان خستە بەردەستمان، دەستمان پێکرد.

پڕ بەدڵ سوپاسی هەر دوو هاوڕێی دڵسۆز دەکەم ئەگەر ئەوان نەبونایە نەماندەتوانی کۆبەرهەمەکانی شەهید هەژار چاپ بکەین و ئەم کتێبە بخەینە بەردەست خوێنەران و کتێبخانەی کوردی.

هەژار ڕوناکبیر و شاعیر و پێشمەرگە بوو، یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە ڕۆحی، ئەرک و بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە، چونکە هەژار موڵکی ئەدەبیات و ڕوناکبیری نەتەوەی کوردە و بەشێکە لە میراتی شیعر و ئەدەبیاتی کوردستان، بۆیە ناکرێ هەژار دێدەوانی لەیاد بکرێت، خۆشبەختانە ساڵی 1992 چاپی یەکەمی بەشێکی شیعرەکانی کرا، کە نووسەر و پێشمەرگەی دێرین کاک (ئاسۆ حەسەن) پێشەکی بۆ نوسیوە و تەنیا چەند شیعرێکی تیا چاپکراوە، بەڵام لەم چاپەیاندا سەرجەم بەرهەمەکانی شەهید هەژاری لەخۆگرتووە، کە

پێکهاتووە لە (شیعر و چیرۆک و نووسینەکانی و چەند تێکستێکی حەیران و شیعر و بەستەو چیرۆکی فۆلکلۆری و چەند بابەتێک کە لەبارەی شەهید هەژار نووسراون).

شەهید هەژار یەکێک لە خولیایەکانی کۆکردنەوەی تێکستە فۆلکلۆریەکان بووە، بەرلەوەی ببێتە پێشمەرگە هەر لەسەردەمی خوێندکاریەوە هەوڵی کۆکردنەوەی تێکستە فۆلکۆریەکانی داوە، چەند تێکستێکی شیعر و چیرۆکو حەیران و بەستەی فۆلکلۆری و پەندی پێشینانی کۆکردۆتەوە و لەدوو توێی دوو دەفتەر تۆماری کردوون، بەشێکی زۆری ئەم تێکستە فۆلکلۆریانە لەم کتێبە چاپکراون.

لەلایەکی دیکەوە دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە لە نامیلکەی (ئەستێرەی دێدەوان) چاپی یەکەم چەند شیعرێک، چەند دێر و کۆپلەیەکیان لێ بڕدراون و چاپ نەکراون، وەک شیعرەکانی (سرودی زەحمەتکێشان، وەڵامی نامەیەک، ژوان، یادی نەورۆز)، لەم چاپەیاندا بەتەواوی شیعرەکان چاپ کراون.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی شیعرەکانی شەهید هەژار ئەوەیە، کە شیعرەکانی شەهید هەژار دێدەوانی سادەن، بەڵام پڕاوپڕن لە جوانیو هەڵوێست، دڵسۆزی بۆ نیشتمان، لەو سەردەمەی کە شەهید هەژار شیعری نووسیوە بە تایبەتی بەر لە هەشتایەکان و بەرلەوەی ببێتە پێشمەرگە، قۆناغێک بوو کە زۆربەی شاعیرەکان شیعری سادەیان دەنووسی، شەهید هەژاریش هاوشێوەی ئەوان بووە، کاتێکیش بوو بە پێشمەرگە ئەو شیعرانەی دەینووسین شیعری بەرگری بوون بەهەمان شێوە شیعری بەرگریش سادەن.

شەهید هەژار هەر تەنها شاعیر نەبوو، بەڵکو بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی شاخو بەرهەمەکانی تێدا بڵاودەکردنەوە، وەک گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە و سۆسیالیست و پێشکەوتن و دەنگی لاوانی کوردستان و خەباتی قوتابیانو ڕۆژنامەی ئالای ئازادی و رایە الحریە).

دەربارەی ناوەڕۆکەکەشی بەمجۆرە کارمان لەسەرکردووە، لەمەشدا هاوڕێمان( ئاکۆ ئاکۆیی) زەحمەتی کێشا، وێڕای ئەوەی پێداچوونەوە و هەڵەچنی بۆ دەقەکان کرد ، بۆ پۆلێنکردن و ڕێکخستنەوەی دەقەکان سوپاسی زۆری دەکەین، کەبەمجۆرە پۆلێنی کۆ بەرهەمەکەمان کردووە:

بەشی یەکەم: ژیاننامە و نووسینی تایبەت بە شەهید هەژار دێدەوانی
بەشی دووەم: شیعرەکانی شەهید هەژار دێدەوانی
بەشی سێیەم: کـــــورتەچـــــیرۆک
بەشی چوارەم: سێ بابەتی بڵاوکراوەی شەهید هەژار
بەشی پێنجەم: سێ چیرۆکی فۆلکلۆر
بەشی شەشەم: چەند تێکستێکی حەیران
بەشی حەوتەم: بەستەو شیعری فۆلکلۆری
بەشی هەشتەم: دیکۆمێنت و ئەلبومی وێنەکـــــان
هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچوکمان پێشکەش کردبێت.

**هەندرێن شێخ راغب**
**نیسانی 2023- هەولێر**

# بەشی یەکەم
# ژیاننامە و ئەو نووسینانەی لە بارەی
# شەهید هەژار نووسراون

# ژياننامەی شەهید هەژار دێدەوانی

شەهیدی نەمر محمد حسن عمر ناسراو بە (هەژار دێدەوانی) خانەوادەیان لە بناری دێدەوان ژیاون و دوایی هاتوونەتە هەولێر.. کاکە هەژار لە ساڵی 1958 لە گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر لە دایک بووە، باوکی لە ساڵی 1963کۆچی دوایی دەکات، دایکی (فاتمە سەلیم) سەرپەرشتی هەرسێک ڕۆڵەکانی (فارس و هەژار و عوسمان) دەکات و دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (کانی بزرە)، ساڵی 1965 بۆ خوێندن هاتوچۆی گوندی (کەردز) ی کردووە لەگەڵ (فارس)ی برایی و چەند منداڵێکی گوندەکەیان، لەوێ تا پۆلی دووی سەرەتایی خوێندووە، لەبەر نەداری و هەژاری جارێکی تریش دێنەوە هەولێر و کاکە هەژار دەنێرنە (خانەی نەوجەوانان) و هەر لە هەولێر خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵ لەئاسکی کەلەک ساڵی 1980 تەواو دەکات، پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ مامۆستا و قوتابیەکان هەبووە، بۆ بژێوی ژیانی خۆیی و خانەوادەکەی کرێکاری کردووە و بۆ ماوەیەکیش سەرپەرشتی کرێکارەکانی کردووە لە پرۆژەی دارستانی بێستانە لە کانوونی یەکەمی 1979.

ئاشنایی ژیانی دێهاتی بوو، وێنەی تاوان و گڕدانی دێیەکانی لە مێشک دەرنەدەچوو. لەساڵی(1977)ەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی کردووە و هەر لە دوای دەرچوونی لە ئامادەیی کشتوکال ساڵی 1980 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی کردووە و بۆتە پێشمەرگە و لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی چەندین پلەی حزبی و

فەرماندەی پێشمەرگایەتی بڕیووە، لەساڵی 1982 کراوە بە ڕابەر سیاسی کەرتی دوو لە هەرێمی 8ی دەشتی هەولێر کە فەرماندەی کەرت مامەند مەنتک بوو، لەساڵی 1983 کرا بەکادیر و پاشان ئەندامی ناوچەی دەشتی هەولێر کە بەرپرسی ناوچە شەهید سەلاح بوو، لە ساڵی 1985 کاتێ لە نێو حزبی سۆسیالیستی کوردستان هەڵوێست وەرگیرا شەهید هەژار یەکێک بوو لە کادیرە دیار و پێشەنگەکان، لە دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان 1985/12/12 ڕۆڵی هەبوو، لە ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی ڕابەر سیاسی هێزی(قوە) وەرگرت و دواتر بوو بە فەرماندەی (قەوەی سەفین) لەنێو هێزی پێشمەگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەچەند ناوچەیەک کاری کردووە، بەشداری چەند داستانێکی کردووە، وەک داستانی سێکانیان (شەڕی خەبیران) و شەڕی بەردە سپی لە ساڵی 1982، شەڕی قەرەچوغ و بێستانەی گچکە لە ساڵی1983، داستانی ترپە سپیان لە 1986/10/27چەندین شەڕ و نەبەردی تر، شەهید هەژار خۆشەویستی هەڤاڵانی بوو، وەکو فەرماندەیەکی سیاسی و پێشمەرگایەتی کارەکانی زۆر بە دڵسۆزی و بەرپرسانە هەڵسوڕاندوە، لەتەک ئەرکی پێشمەرگایەتی شیعری نووسیوە و کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، نووسەر و قەڵەم بە دەستێکی لێهاتوو بوو، بەشدارییێکی بەرچاوی هەبوو لە نێو بزاڤی ئەدەب و ڕۆشنبیری شۆڕش و پێشمەرگایەتی، بابەتەکانی وەک (شیعر و وتار و چیرۆک) لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و ئێزگەی شۆڕش بڵاو دەکرانەوە، هاوکارێکی باشی ڕاگەیاندنی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) بوو، چەندین بەرهەمی نووسینی لە بڵاوکراوەکانی ئەم حزبە بڵاو بوونەتەوە، هەروا کاتێک کە خوێندکار بووە خولیای کۆکردنەوەی تێکستە فۆلکلۆریەکانی

هەبووە و چەندین تێکستی لەم بوارەدا کۆکردوونەتەوە و تۆماری کردوون.

کاتێک ڕژێمی داگیرکەری بەعس بە نیازی سوتاندن و وێرانکردن و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکانی گوندە ئازادکراوەکانی دەشتا زێیێ و دەڤەری شیلادزێ هێرش و پەلاماری دەهێنا، هێزێکی پێشمەرگەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەتەک هێزەکانی تری لایەنەکان(پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق) بە فەرماندەیی شەهید هەژار دێدەوانی لە بەرگریدابوون، مەخابن لە ئێوارەی 1987/5/29 لە داستانی شیلادزێ لە گوندی (شیف چنارک) لە کاتی هەڵمەت بردن بۆسەر مۆڵگاکانی خائین و داگیرکەران شەهید دەبێت.

لە دوای ڕاپەڕین لە1991/11/28 بە ڕێوسمێکی شایستە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی ڕوفاتی شەهید هەژار لە بناری چیای مەتین دەهێنەوە زێدی خۆی لە گۆڕستانی گوندی کانی بزرە بەخاک سپێردرایەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەژار دێدەوانی و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی.

**لەبەڵگەنامەکانی شاخ**
**ڕاگەیاندنی هەواڵی شەهیدبوونی هەژار دێدەوانی**

## شەهیدبوونی هەڤاڵی نەمر هەژار دێدەوانی*

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی قارەمانێکی ڕاستەقینەی شۆڕش و گەلەکەمان و سەرکردەیەکی چالاکی خەباتی پێشمەرگەیی ڕادەگەیەنین، ئەویش شەهیدبوونی پاڵەوان(محمد حسن عمر)ی ناسراو بە هەژار دێدەوانی فەرماندەی قوەی سەفینی هێزی پێشمەرگەی حزبمانە .

شەهید هەژار دێدەوانی لە سەنگەری پێشەوەی دیفاعکردن لە بوونی گەلی کوردمان و پاراستنی خاکی کوردستاندا، لە کاتژمێر حەوت و بیست دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی 1987/5/29 دا، لەنزیک ئۆردوگای (شیف چنارک) لەسەر شەقامی گشتی دێرەلوک-شیلادزێ گیانی پاکی بەخشی.

شەهید هەژار دێدەوانی لەهەڵمەت بردنە سەر کرێگرتەکانی فاشیزم شەهیدبوو. لەوکاتە بوو، کە لە شەوی پێشترەوە هێزێکی هاوبەشی حزبمان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق و بەرگری میللی قارەمان، دەستیان بەسەر ڕەبایەی( گرێ کۆلان) و شەقامی گشتی دێرەلوک-شیلادزێ و مجمعی (شیفچنارک) دا گرتبوو، بۆ ڕۆژی دوایی هێزێکی گەورە لە جاشەکانی محمد کەلحی تاوانبار بۆ وەرگرتنەوەی ئەم شوێنانە سەری خۆیان لەبەردی کوردستان دەدا و لە دوو قۆڵەوە هێرشیان هێنا، بەڵام کوڕە ئازاکانی هەر سێ حزب و بەرگری میللی بە توندی لێیان دان و بەرەو دێرەلوک و شیلادزێ ڕاوە دویان نان. شەهیدی پاڵەوان هەژار دێدەوانی، بۆ

ڕامالێنی پاشماوەی هێزی دوژمن سەرکردایەتی هێزی هجومی دەکردو خۆشی لە پێشەوەی هەموو پێشمەرگەکاندا، بە نارنجۆک و دەستڕێژ سەنگەر بە سەنگەر بە جاشەکانی چۆڵ دەکرد، بەدەستی خۆی چەندان جاشی کوشت و بریندار کر دو بە دیلی گرتن، بەڵام بەداخەوە، لەو کاتە پڕ لە حەماسەتەدا بوو، مەچەک و سنگی دەپێکێ و گوللەیەکی چەپەڵ، بەنێو دڵە مەزنەکەیدا تێدەپەڕێ. شەهید بۆ دواجار ماڵئاوایی لە هەڤاڵانی دەکا و خوێنی سوری پڕ لە هیوای خاک و دەوەنی کەنار زێی سەرکەشی بادینان سور دەکات.

شەهید هەژار دێدەوانی تەمەن 28 ساڵ، لەخێزانێکی هەژاری شاری هەولێرە و دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، لە تشرینی یەکەمی 1980 وە بۆتە پێشمەرگە. لە کۆتایی ساڵی 1981، بۆتە ڕابەری سیاسی، لە ساڵی 1984، بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێری حزبو لە هاوینی 1986یشەوە فەرماندەی قوەی سەفینە. وێڕای کادیرێکی سیاسیو جەماوەری و سەرکردەیەکی پێشمەرگەیی لێهاتوو، شاعیر و ڕۆژنامەنووسێکی تازە هەڵچووش بوو، شەهیدبوونی هەڤاڵ هەژار زیانێکی گەورە بوو لە حزبمان و شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان کەوت. بەم بۆنە دڵتەزێنەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خۆمان و هەڤالان و خێزان و کەسوکاری شەهید دەکەین و وەفاداریشمان بۆ خوێنی بەناهەق ڕژاوی شەهید، سوربوونمانە لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزەی کە شەهید گیانی خۆی لە پێناودا بەخشی.

---

* لە ژمارە (11) حوزەیرانی 1987،ساڵی دووەم، ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازادی)، لە لاپەڕە یەکەم بەم ناونیشانەی سەرەوە، هەواڵی شەهیدبوونی هەژار دێدەوانی بڵاوکراوەتەوە.

# پەیڤێک، بیرەوەری وەفا*

(ئاسۆ حەسەن)

زێتر لە چوار ساڵ بوو، لە بناری کلکەی چیای مەتین، لە گۆڕستانی "هاجی مەندە" گۆڕێک لەگەا کەژەکانی کوردستاندا خۆی دەخەملاند و بێناز چاوی بڕیبووە ئاسۆی کوردستان، ئەگەر بەرەبەیانی خۆری ئازادی هەڵبێ، ئەم گۆڕە دەبێتە مەزار و ژیانەوە بە خەلات وەردەگرێ .

بەهاری پار خۆری ئازادی هەلات، (ڕاپەڕین) باشووری کوردستانی لە داگیرکەر و ناپاکان پاک کردەوە و بەرەو بیابانەکانی خواروو ڕاوی نان، ژیانیش وەبەر گۆڕەکەی "هاجی مەند" هاتەوە....ئێستا لە بناری دێدەوانی زستانە هەواری ڕەوەندانی مەنتک. بۆتە مەزارێکی نوێ و چاوەڕوانە دەستی ئاوەدانکاری بگاتەوە مەفتەنی و کۆچ و کۆچباری ڕەواندانیش لە تەکیا بحەسێنەوە مەزاری هەژار ببێتە ژوانگەی عاشقان، ئارامگەی ڕێبواران، قیبلەگای دڵشکاو و مراز حاسلان .

لەمێژە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێم، چەند وشەیەکی وەفا بۆ ئەم هاوسەنگەرە و هەڤاڵەی ڕۆژە سەختەکان بهۆنمەوە، بەلام درێخم کرد، پێشم وایە هەرچی بنووسم لە بەرانبەر (هەژار)ی شەهید دا هەرکەمە و ناهەقی بەرانبەر بە مرۆیەکی وا مەزن دا دەکەم .

ئەوەی لە نزیکەوە هەژاری ڕۆح سوکو قسە شیرین و بزۆک و چاپووکی نەناسیبێ، نازانێ چ مرۆڤێک بوو، چ خۆشەویستیەکی لە دەروونڈا بوو لەنێو کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانیش چەند لەبەر ودلان شیرینەو خۆشەویست بوو..لە بەرانبەر دوژمنی داگیرکەردا چەند ئازاو چ حەماسەتێکی بێ لغاو، لە نێو جەستەیدا دەجما. ئەوەی لەنزیکەوە هەژاری نەناسیبێ، نەیدەزانی، ئەو فەرماندە بە دیسپلین و

توندوتیژەی پێشمەرگە، چۆن هەندێ وەخت دەبووە شاعیر، دڵناسک و نەرمو بە بەزییەکەوە وەک مۆم بۆ هەق دەتوایەوە .

هەرگیز ئەم دیمەنەم لەبیر ناچێتەوە چەند ڕۆژێک بەر لە شەهیدبوونی ئەو ڕۆژەی کە دوو هێز ئامادە کران و بەڕێدەکران بۆ پاراستنی ناوچە ئازادەکانی دەوروبەری (دێرەلوک)، هەڤاڵان فەرماندەی هێزەکەی دییان کردبووە لێپرسراوی یەکەمی هەردوو هێزو هێزو (هەژار)یش بە بەجێگری ئەو دانرا. ئەمن ترسام (هەژار) ئەمە بە کەمی بۆ خۆی بزانێ و لە زۆر ڕووەوە ئەو لە برادەرەکەی دی بەتواناتر بوو. هەردووکیشیان فەرماندەی هێز بوون. بۆیە جودام کردەوە و پێم گوت لەدڵت نەبێ لەبەر هەندێ ئیعتبار ئەو هەڤاڵەیان بە لێپرسراوی یەکەمی داناوە و لێت ڕازی نابم گچکەترین گیروگرفتتان لەنێواندا بخولقێ. بە کردەوە هەر تۆ دەوری زێتر دەبینی..باشم لەبیرە هەژار زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی: دیارە هێشتا نامناسی. دڵنیابەو ئەو گومانە لە بیری خۆتدا لابە دەشگەڕێینەوە بۆت بە دیار دەکەوێ .

داخی گرانم هەژار نەگەڕایەوە. لەپاش نیوەڕۆی 1987/5/29 دا ئەو برادەرەی لەسەر (بێتەل) بوو بە قوڵپی گریانەوە هەواڵی شەهید بوونی پێ ڕاگەیاندینو قەت لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پرسەمان دانەنابوو، بەڵام ئەو ڕۆژە بوو بە پرسە.

(هەژار دێدەوانی) پەروەردەی دەستی دایکێکی خۆشی نەدیوو بوو، لەنێو (خانەی نەوجەوانان) و لە پاڵ خانووە قوڕەکانی بناری دێدەوان گەورە بوو بوو. خەمێکی زۆری هەبوو، خەمەکانیشی بە دوو وەسیلە دەخەمڵاند و دایدەڕشت. جارێکیان دەیکردە شیعر و یان وتاری ڕۆژنامەنووسی. جارێکیشیان دەیکردە قینی پیرۆز و لە لوولەی تفەنگەکەیدا بەرە و سینەی داگیرکەر و چەوسێنەرانی ئاراستە دەکرد.

بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لە زووەوە دەستی دایە تفەنگو بوو بە پێشمەرگە و ئەرکی پێشمەرگایەتی و ئەم دۆڵ و ئەو چیا، ئەم دەشت و ئەو ماڵی تیا خۆحەشاردان، ئەم کۆڕی جەماوەری و ئەو هەڵمەتی شێرانە، زۆربەی وەختیان دەگرتو ڕێگایان نەدابوو هێندەی ئازایە، هێندەی کادیرێکی جەماوەرییە، هێندەی فەرماندەیەکی ڕێکخەر و بە دیسپلینە، هێندەش کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەدەب و کۆڕ و موتابەعەکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیریو ئەدەبی تەرخان بکات، گەلێ جاران کە پێکەوە دادەنیشتین ئەو داخەی هەڵدەڕشت.. دەبێ ڕۆژی ئاشتی لە کوردستاندا بچەسپێو لە کۆڵ پێشمەرگایەتی ببینەوە و پشوێ بدات، بواری ئەوەی هەبێ بخوێنێتەوە و بیربکاتەوە و بنووسێ .

دڵنیام ئەگەر هەژار دێدەوانی، خەڵک ئاسا شەوێک بە ئارامی لە نێو نوێندا بخەوتایە.. سێ ژەم لەسەر یەکتری سکی تێر بوایەو هێندەی بوار بۆ رەخسایە بیر بکاتەوە..هێندەی کات بەدەستەوە بوایە ئەگەر بیویستبایە شیعرێک بنووسێ، تا شیعرەکەی تەواو دەکرد هەڵنەستابایە، ئەویش بیتوانیبا بچێتە کۆڕی ئەدیبانو گوێ بگرێ. کتێبان بخوێنێتەوەو ئاگاداری رەوتی ئەدەبی گەلەکەمانو جیهان بوایە، دڵنیام لە رووی شیعر نووسین و رۆژنامەگەریدا تەکانێکی باشی دەدا. هێشتا لەسەرەتای لاویدا بوو، خەزێنەیەکی زۆری لە مێشک و دەروونیدا هەبوو کە ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی و گەڕان بە تەواوی کوردستاندا پێیان بەخشی بوو، بە شەهیدبوونیشی ئەندامێکی کارای کۆمەڵەکەمان لەدەست چوو .

هەژار نەمرە..نەمرە وەک پێشمەرگەیەک، کە ئەمڕۆ بە بەرهەمی خوێنی ئەو و هەزاران شەهیدی تر، خۆری ئازادیمان هەڵهاتووە.. نەمرە وەک کادیرێکی جەماوەری و ئێستاش قسە شیرینەکانی لە نێو مێشک و

گوێچکەی هەزاران کەسدا دەزرینگێتەوە.. نەمرە وەک فەرماندەیەک، چونکە ئێستاش ئەوەی ڕۆژێک لەگەڵ هەژاردا ژیابێ، ئیلهامی هەڵمەتو بەرخۆدان و دیسپلینی لێ وەردەگرێ و پەخشی دەکاتەوە.. دواجاریش نەمرە وەک شاعیرێک، وەک ڕۆژنامەنووسێک، کە شیعری بەرەنگاری و ڕۆژنامەنووسی شاخ شانازی پێوە دەکەن.

هاوینە هەواری پیرمام، 1992/6/4

---

* ئەم بابەتە وەک پێشەکییەک بۆ نامیلکەی (ئەستێرەی دێدەوان) نووسراوە کە بەشێکی شیعرەکانی شەهید هەژار دێدەوانی لە خۆدەگرێ لە ساڵی 1992چاپکراوە.

## ئەوە نیە پێشمەرگەم!

(بەڵێن عەبدوڵڵا)

ڕۆژێکی بەهاری خۆش و خۆرەتاو بوو، لەدەرەوەی گوندی (میرکە) لە نزیک (بەستی شەرغە)لەڕۆژئاوای ناحیەی دێگەلەی پارێزگای هەولێر، لەگەڵ کەرتی دووی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر، دوو دوو، سێ سێ لەو ناوەپەرتەمان لێکردبوو خەریکی گفتوگۆ و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بووین، گەنجێک لەدووری ئێمەبەتەنها خەریکی خوێندنەوەبوو، سەرنجی ڕاکێشام و لێی نزیک بوومەوە.

- سڵاو هەڤاڵ، خەریکی چی؟

بێ ئەوەی قسەیەک بکات کتێبکەی بەرزکردەوەو بەرگی کتێبکەی نیشان دام (تاریک و ڕوون)ی شاعێری گەورەی کورد مام هێمن بوو.

- یەکەم جارەدەیخوێنیەوە؟

- نا، نا!

دەستی بەرزکردەوەو بە پەنجەکانی نیشانەی پێنجەم جاری نیشاندام، لەتەنیشتی دانیشتم.

- پێدەچی زۆرت حەز لەئەدەب وشیعر بێت؟

- بەڵێ، ئەی تۆ؟

- حەزی پێدەکەم بەڵام زیاتر ڕۆمان!

کەمێ بیدەنگ بوو، تەماشای کردم.

- بەڵام شیعر روحی عیشقە!

هەر بۆ ورژاندنی، گوتم: بەداخەوەتا ئێستا عیشق نەکەوتۆتەڕێگەم، نازانم چێژی چیە!

کەمێک بەسەرسوڕمانەوەگوتی: ئەی بۆ بویتەپێشمەرگە؟

بەنەرمی پێم گوت: دوور ڕۆیشتی هەڤاڵ من مەبەستم خۆشەویستی کوردستان نەبوو!

کەمێک بەسەرسامیەوەپرسی جا جیاوازی چیە؟ خۆشەویستیی و عیشق بۆ هەر شتێک یەک مانای هەیە؟

گوتم با لەداوی بخەم، لێم پرسی باشەکامیان هەلدەبژێری خۆشەویستی کوردستان یان خۆشەویستی خۆشەویستەکەت؟

سەری نەوی کرد و چاوی بڕیەکتێبەکەی نێو دەستی و کەمێک داما، پاشان سەری بەرزکردەوەو بەحەسرەتەوەتەماشای ناو چاوەکانمی کرد و گوتی: هەڤاڵ ئەوەنیەپێشمەرگەم!

تێگەیشتم خۆشەویستەکەی لەشار جێهێشتووە، نەمویست زیاتر ئازاری بدەم بۆیەزوو بابەتەکەم گۆڕی و هێنامەوەسەر کتێب خوێندنەوە، چونکەبەلامانەوەگرنگ بوو پێشمەرگەیەک ببینین کتێب بخوێنێتەوە، ئەو دابڕانەی لەخۆشەویستکەی ڕەنگی لەشیعرەکانی داوەتەوە.

ئەو گەنجێک بوو پڕ لە وزەو حەماسەت، پڕ لە جوانی، کەمێ باڵا کورت، بە جلکی خاکی و کڵاو جەمەدانیەکەی کە هێندە جوانی دەبەست حەسودیم پێدەبرد، کۆڵە پشتە بچووکەکەی کە هەردەم هاوڕێی بوو، جگەلەپێداویستیەکانی خۆی، بڵاوکراوەی حزب و کتێبی تێخستبوو، تاخمێکی ڕێک و پێکی جوان و کلاشنکۆفەکەی هێندەی تر وێنەی جوانتر دەکرد، بە ڕیشەوە زۆر شیرنتر و قۆزتر دەهاتەبەرچاو، کاتێ ڕیشی دەتاشی کەمێ لەنگی لەسەر و سیای دەردەکەوت، ڕۆژێک پێم گوت (هەژار بە ڕیشەوە جوانتری) کەمێ پێکەنی و سەری بۆ لەقاندم.

ئەو تفەنگ و کتێبی پێکەوە هەڵدەگرت، زوو خۆی پێگەیاند ئەرکی کادری حزبی پێ سپێردرا، لە ئازایەتی وێنەی نەبوو، خۆشەویستی نێو

هەڤاڵ و هاوڕێیەکانی بوو، با نموونەیەکی ئازایەتی ئەو شۆڕە سوارەتان بۆ باس بکەم.

لە داستانی گوندی (ترپە سپیان) لە بەرواری (1986/10/27) ئیمە شەو گەیشتینە ئەم گوندە و بە ڕۆژ لێی ماینەوە، ئەو گوندە زۆر نزیک بوو لە هەولێر و قوشتەپە، لە نێوان شەقامی هەولێر کەرکووک – هەولێر دیبەگەیە، مانەوەی پێشمەرگە لەم گوندە ئاسان نەبوو. نیوەڕۆ هێزێکی گەورەی ڕژێم و لەگوندی (دووگرتکان) بەرەو لای ئێمە جولەیان کرد و هاتن، خەڵکی گوندمان ئاگادار کرد بە زووی گوند چۆڵ بکەن، لە ماوەیەکی زۆر کورت خەڵک گوندیان چۆڵ کرد و بەرەو گوندی پیرداود و شەقامی مەخموور ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی دوژمن هەست پێبکا.

ئێمە پێشتر هێزەکەی خۆمان بۆ حالەتی ئاوا ئامادەو دابەش کردبوو، بڕیاریشمان هەبوو، هێزی دوژمن لە هەر لایەک بێت پێویستە بەرپرسەکان لەو شوێنە ئامادە بن و لە پێشەوە بن،هەموومان چوینەپێشەوەو بەسەر ئەو خانوانەدابەشبووین کە دەکەوتە بەردەم هێزەکەی دوژمن، دوژمن بەهێزێکی زۆر هاتبوو، چەکی گران و مودەرەعە و ناقیلەیان لەگەڵدا بوو.

بڕیاردرا تا لێمان نزیک نەبنەوە تەقە نەکەین، ئەو هێزە بەرە بەیان دەرچووبوون، گوندە دوورە دەستەکانیان پشکنی بوو بەرەو هەولێر دەگەڕانەوە هەرگیز بە بیریاندا نەدەهات لە گوندێکی ئاوا نزیک هەولێر پێشمەرگەی لێ بێت، بۆیە زۆر بە بێباکی دەهاتنە پێش، هێزەکە تەواو نزیک بۆوە و کەوتنە بەردەست ڕێژی گوللە و زیانێکی زۆریان بەرکەوت لە ژمار نەدەهات، نیو کاتژمێر لەلایەن دوژمنەوەهیچ بەرپەچ دانەوەیەک نەبوو، دوواتر بە فڕۆکەی پیلاتۆز و هەلیکۆپتەر و تۆپ و

دۆشکە و چەکی سوک، گوندیان ئاگر باران کرد، خۆشبەختانە خانوەکان تێکەڵە لە خشت و قۆر دروستکرابوون بۆیە کاریگەری بۆردوومانەکەزۆر کەمتر بوو.

من لە سووچێکی دیوارێکی دەرەوەی خانوێک دامەزرابووم، بە تەنیشت ئێمەوە هەژار کە فەرماندەی هێزی سەفین بوو، لەسەنگەر بوو، گوێم لە دەنگی بوو تەقەی دەکرد و بە دەنگی بەرز شیعری دەخوێندەوە، سەرم بەرز کردەوە دیتم هەژار لە سەربانەکە کە ستارەیەکی نزمی هەبوو بە پێوە تەقە دەکات و شیعر دەخوێنێتەوە، حەپەسام، هاوارم کرد هەڤاڵ هەژار دانیشە وامەکە، گوێی پێنەدام، دیسان بە سەریدا هاوارم کرد، هەڤاڵ ئەوەی تۆ دەیکەی هەڵەیە دانیشە، ئیتر ئەو لە شیعر خوێندنەوە و هاوارکردن و هوتاف لێدان نەکەوت، لەم مشت و مڕە دابووین تۆپێک لەسەر بانەکەی دا و بانەکە داڕوخا، بوو بە دوکەڵ و تەپ و تۆز، گوتم هەژار شەهید بوو لە دەستمان دا. خۆمان گەیاندە خانووەکە، لە ناو دوکەڵ و تەپ و تۆز هەژار هاتە دەرەوە، هەندێ تەنگە نەفەس بوو بوو بەهۆی تەپ و تۆزەکە، مەتارەکەی دەرهێنا و کەمێ ئاوی خواردەوە و هەناسەی باشتر بوو، گوتی هیچم بەر نەکەوتووە مەترسێ، گوتم چیم پێ گوتی بۆ وا دەکەی؟ لەسەرخۆ گوتی هەڤاڵ ئەگەر بە پێوەش نەبام و لە پشت ستارەکەش دانیشتبام هەر ئەوە ڕوویدەدا، بەڵام خۆت دەزانی بۆ وا دەکەم؟ ئەو بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە ئەوەی دەکرد، دەیویست بڵێ دەبێ بەرپرس نەبەرد و چاو نەترس بێت و لە پێشەوە بێت، ئەو هەمیشەلەهەموو ئەرک و شەڕەکاندا وابوو، لەو نەبەردیەی تیایدا شەهید بوو، لەهێرشبردن بۆسەر دوژمن لەپێشەوەبوو، هەر لەپێشەوەش شەهید.

هەر لەم یادەوەریە پێویستە ئەوەش بڵێم شەهید (قەهار) کە لەم داستانە شەهید بوو بە هەمان شێوە کەمێ لەو لای ئێمە بە کەمتر لە سەد مەتر لە خانوویەک دامەزرا بوو فەرماندەی هێزی بەڕانەتی بوو، لە گۆشەی خانووەکە هاتبووە دەرەوە دووربینەکەی بە چاویەوە نابوو چاودێری دوژمنی دەکرد و لە هەمان کات هەژماری زیانەکانی دوژمنی دەکرد، دیسان بانگمانکرد هەڤاڵ قەهار برۆ دواوە لەوێ مەوەستە، چەند جارێک دووبارەمان کردەوە گوێی پێنەداین، گوتی کە شەڕ تەواو بوو لێپێچینەوەم لەگەڵ بکەن... ئەوەندەمان دیت قەهار بە پشتدا کەوت و بە گوللەیەک شەهید بوو، شەهید قەهار نموونەی ئازایەتی و لە خۆ بووردەیی و خۆراگری بوو، وێنەی کەم بوو.

بە پێویستی دەزانم ڕاستییەک هەیەلێرە تۆمار بکەم، لەوانەیە هەندێ کەس بە حیکایەت و پێدا هەڵدان لێکی بداتەوە، بەڵام ئەوەی دەیلێم ڕاستیەکی مێژووییە وەک خۆی، من لە ژیانی پێشمەرگایەتیم بەردەوام لە جولە و جەولە دابووم، لە شەڕەکان لە شوێنە سەخت و پڕ مەترسییەکان لە کەوتنە کەمین و .... هتد، هەردەم لە ناخەوە هەستم بە هێزێکی بەهێز دەکرد، چونکە ئەو پێشمەرگە و کادر و فەرماندەو سەرکردانەی لەگەڵیاندابووم، جا ئەگەر ژمارەمان کەم بوو بێ یان زۆر، وام دەزانی هیچ هێزێک دەرەقەتمان نایەت، چونکە لە ئازایەتی و خۆڕاگری و دڵسۆزیان بێ وێنە بوون، ناتوانم لێرەدا ئاماژەبەناوی هەمووان بدەم، چونکە لە ژمارە نایەن چ ئەوانەی شەهید بوون، چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون، ڕاستیەکە دەبێ بگوترێ و پێویستە نەوەکان ئەمە بزانن شەهیدەکان هەریەکەیان ئازایەتی و لەخۆبوردوویان ڕۆمانێکە، زیندووەکان هەریەکەیان ژیانییان و سەربووردەیان مێژووییێکە، گەواهی ئەو ڕاستیەشم ئەوەیە، ئازایەتی و لەخۆبوردەیی و

قوربانی دانی ئەو هەڤاڵ و هاورێیانەنەبوا، نەمان دەتوانی بەرەوام باین، وێرای خەباتی سەخت و دڕندەیی دوژمن و داگیرکەران، سەردەمێک کەوتبووینەژێر هەندێ فشار، ئەوەئێمەبووین بەرگەمان گرت و ماینەوەو بەردەوام بووین، نەوەک هەر هێزێکی تربا جۆرێکی تر دەبوو.

بابگەڕێینەوە بۆ یادگارییەکی ترم لەگەڵ شەهید هەژار، لە ساڵی (1986) بۆ بەسەرکردنەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزب چوو بوینە نێو شاری هەولێر، دوای تەواو بوونی کارەکان دەبوایە لە شار دەربچین، پەیوەندیمان بە هێزەکەی خۆمانەوە کرد، ڕێکەوتین کە لە گوندی (دهێمات)لە نزیک شەقامی نێوان هەولێر و گوێڕ لەوێ چاوەڕێمان بکەن لە ڕۆژ و کاتی دیاریکراو، ئەم گوندە زۆربەیان ڕێکخستنی خۆمان بوون و هەندێ لە گەنجەکانیش پێشمەرگە بوون لەگەڵ خۆمان.

پەیامم بۆ شەهید هەژار نارد کە فلان ڕۆژ بۆ نیوەڕۆ بێنە لام و دەردەچین، من لە ماڵی براکەم بووم هاوڕێ(عەلی) ئەویش کادری حزب بوو لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزب، ماڵی لە گەڕەکی کرێکاران بوو، خۆشی لە بەغدا کاری دەکرد تەنها براژنەکەم و منداڵەکانی لە ماڵ بوون، بە براژنەکەم گوت کەسێک دێت و بەو جۆرەیە و دەرگای لێبکەوە هی خۆمانە، نیوەڕۆ کەمێ لای دابوو، لە دەرگا درا من لە پەنجەرەکە لە کەلێنی پەردەوە سەیری حەوشە و دەرگام دەکرد براژنەکەم چوو دەرگای کردەوە و چەند چەکدارێک بەحەوشە کەوتن، براژنەکەم هاواری کرد و بەرەو لای من ڕای کرد و بەربۆوە، من ئەوانم ناسی و بەپەلە چوومە دەرەوە براژنەکەم هێور کردەوە و پێم گوت هی خۆمانن مەترسە، ئەو وای زانی جاش و ئەمنن، روح لە لەشی نەمابوو ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، لەوەش خراپتر دووگیان بوو، شەهید

هەژار پەشۆکا زۆر داوای لێبوردنی کرد، ئەو برادەرانەی لەگەڵی بوون، ڕێکخستنی خۆمان بوون و شانەی چەکدرا بوون، یەکێکیان هاوڕێ (عوسمان)ی برای بوو، شەهید هەژار گوتی زۆرم هەوڵدا بە تەنیا بێم بەڵام ڕێگەیان پێنەدام، گوتیان نابێ ئێمە لەگەڵتان دێین و تا لە شار دەردەچن پاسەوانیتان دەکەین، داوای لێبوردن دەکەم دەبوایە پێشتر ئاگادارم کردبای، گوتم بە هەرحاڵ تا زووە ئەو برادەرانە با بڕۆن با دراوسێیەکان هەست نەکەن، برادەرەانی ڕێکخستن هەموو شتیان تەرتیب کردووە، دەستمان لە ملی یەکتر کرد و ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش بە سەلامەتی گەیشتینەوە هێزکەی خۆمان لە گوندی (دهێمات) پرسیاری دایک و خزمەکانیم لێکرد، شەهید هەژار دایکی یەکجار خۆشدەویست، بەڵام پرسیاری خۆشەویستەکەیم لێ نەکرد، نازانم دەرفەتی دیتنني بۆ هەڵکەوت یاخود نا.

## ئەوهاش نەبا هەر دەمردم... کەسیش یادی نەدەکردم

(زرار جۆلا)

کەسمان تا سەر نابین، بەلام خۆزی کەنەدەمام ئەوەندەی ئەو شەهیدەسەربەرزانەجێگای ڕێز و یادکردنەوەدەبووم، خۆزگەدەخوازم چانسم هەبێ وەک ئەوان ناوم زیندوبێت، وەک ئەوان ڕوو سوری بەردەم خودا و نەتەوەو نیشتمان و ناوچەو بنەماڵەو خێزانەکەم بم.

قەت لەخودا نەپاڕاومەتەوەکەتەمەنم ئەوەندەو ئەوەندەدرێژبکات، بەلام هەردەم پاڕاومەتەوەکەوەک شەهیدان ڕوو سور و سەربەرزم، مردن چەند جۆرێکە، سەربەرزانە، ئاسایی، سەرشۆڕانە، هەیەتەمەن کورت، جوانەمەرگ، هەشەلەناوەڕاستی ژیان دەڕوا و هەشەتەمەنی دەگاتەنزیک سەد ساڵ و زیاتریش، بەساڵ زۆر دەژی بەلام هەروەک نەژیابێ یان هەروەک نەبووبێ، هەشەلەسەرەتایی لاویەتی دەمرێ بەلام وەک نەمردوبێ و هەر لەژیاندا ناویشی هەر بەزیندویی دەمێنێ.

کەسانێک هەن کەدەمرن نەتەوەکەیان بنەماڵەکەیان پێیانەوە شەرمەزارەقەت حەزناکەن ناوی لەهیچ بۆنەیەکدا بێت، بەپێچەوانەشەوە هەندێکی تر هەن بنەماڵەکەیان خێزانەکەیان شانازی بەناو و ناوبانگ و مردنییەوەدەکەن.

دڵنیام، لەمێژووی کورد هەزران کەلەمیرد سەربەرزانەژیان و سەربەرز و قارەمانانەش لەپێناو خاکیاندا سەریان نابیەوە، بەلام بەنووسین لەهیچ تۆمارێک ناویان بۆ ئێمە بەجێ نەماوە، کەئێستا زۆر

کەس بەناویان دەکرایەوەو چەندین شوێن و دامەزرا و بەناویانەوە دەکران.

وەک دەڵێن لەهێرش و پەلاماری عەرەبەموسلمانەکان بۆ سەر کوردەواری و کوردستان لەناوچەی مەرگەیەکێک لەقارەمانەکانی کورد بەناوی پیرۆت دەورێکی پڕ شانازی و قارەمانانەی دیوەلەبەرەنگاری و بەرگری لەناوچەکەیان کەهەتا ئێستاش ناوی دەهینن لەناوچەی پشدەر و بتوێن، سەدان کەس بەناوی پیرۆت کراوە ئەوە هەر لەخۆڕایی نیە ئەم ناوچەیە ئەوەندە حەز بەناوی پیرۆتەوە دەکەن.

زۆربەی هەرەزۆری شەهیدان خەڵکیان بەناو دەکرێتەوەئێستا دەزگا و گەڕەک و کوچەو شەقامیان بەناو دەکرێن.

بەتێکچوونی کۆماری کوردستنان لەمهاباد و داگیکردنەوەی لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕەزاشادا و لەکوشتن و بڕ و دادگاییە نامرۆڤاتیەکانیان کۆمەڵێک تێکۆشەر دادگایی و لەسێدارەدران، کەیەکێک لەوان بەناوی (عەلی جوانمەردی) لەگەڵ برا قارەمانەکەیدا زۆر مەردانە بەڕووی جەلادەکان داهاتنەوەو زۆر بوێرانە چوونە بەردەمی پەتی سێدارە، کەجگە لەوەی هەتا هەتایەی کورد ناویان هەروا لەئاسمانی خەباتی نەتەوەکەمان دەدرەوشێتەوە، دڵنیاشم کەڕۆژیک لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان بنکەیەکی مەشق یان ڕوناکبیری یان خوێندنگا و پەیمانگا یان گۆڕەپان و گەڕەکێک بەناوی دەکرێت وەک ڕێزێک بۆ جوانە مەرگیان و هەڵوێستی جوامێرانەیان، گەر (عەلی جوانمەردی) و هاوشێوەکانی وا نەمردوبانە ئایا من و هەزاران ڕۆڵەی

گەلەکەمان ناوی ئەوانمان نەدەزانی؟ بەهۆی ئەو مەرگە سەربەرزانەیان کەناویان لەناو لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەماندایەو شانازیان پێوەدەکرێ.

مرۆڤ هەر دەبێ بمرێ، هەر دەشمرین سەربەرز یان بەشێوەی تر، لەمردن دەربازنابین، کەئەجەل هات ناگەڕێتەوە، کوا مرۆڤ بەشەهید بوون ئەجەلەکەی بەدوایی بێت ئایا ئەوەخۆشبەختی نیە؟ چەندین نووسین، پەخشان، شیعر، لەسەر شەهیدان ئەنووسرێن و دەکەونەبەر دید و سەر زمانان و لەقارەمانیەتی و مەرگ و هەڵوێستیان دەدوێن، بریا ئیمەش چانسی شەهیدانمان دەبوو کەوەک ئەوان ڕوو سور و سەربەرز ژیانمان بەجێهێشتبایە.

من خۆم لەقەرەی نووسین لەسەر شەهیدان نادەم، نووسین لەسەر ئەو کەلەمێردانەکارێکی دژوارەو دەترسم نووسینەکەم لەئاست ناوی پیرۆزیان و جوامێری و قوربانیدانیان نەبێت، بەڵام هاوڕێیان و دۆستانم دوایان لێکردم بەتایبەتی کاک (فەرهاد مەنتک) چەند وشەیەک دەربارەی شەهید کاکە(هەژار دێدەوانی)ی قارەمان و برادەر و هاوسەنگەر و هاوڕێم بنووسم، چونکەمن و شەهید هەژار زۆر دۆست و برادەر و لەیەکتر نزیک بووین.

شەهید هەژار دێدەوانی لەهەڵمەت و نەبەردەیەکی قارەمانانەبۆسەر مۆڵگای داگیرکەران لەبناری چیای (مەتین) لەگوندی (شیڤ چنارۆک) لەسەر ڕێگای دێرەلوک شیلادزێ لەڕۆژی 1987/5/29شەهید بوو.

کاکەشەهید هەژار دێدەوانی برادەری خوێندنگام بوو، بەیەکەوەخوێندکار بووین لەئامادەیی کشتوکال، زۆر کەس قسەی جوان بۆ ناسیاو و دۆست و ئازیزانیان هەڵدەبەستن لەدوای مەرگیان، یان نریت وایەکەقسەی جوان دەربارەیان بکرێ، بەڵام هی من لەوەبەدەرە، هەموو ئەوانەی کاکەهەژاریان دەناسی دەزانن کەهەژار چ خوڕەوەشتێکی جوان و بەرزی هەبوو، من ئیرەییم بەم خوڕەوشتەجوان و بەرزەی ئەو دەبرد، لەناو پۆڵ، لەدەرەوەی پۆڵ، لەناو ئۆتۆمبیل، لەگفتوگۆکردندا نەرم و نیانەکەی، لەئاوازی گۆکردنی بەزەردەخەنەسیعراویەکەی، هەژار نمونەی خوێندکارێکی ڕەوشت بەرز بوو دەتوانم بڵێم هەموو خوێندکاری خوێندنگاکەمان کەهەژاریان دەناسی خۆشیان دەویست.

کەبوومەپێشمەرگەلەدڵەوەحەزم دەکرد هەژارم لەگەڵم دابایە، بەڵام دەومگوت هەژار بەو نەرم و نیانیەیەوەکەی بۆ چیا و چەک و شەڕ و شۆڕ دەبێ، بەڵام کەلەڕۆژێکی ساڵی 1981 هەژارم لەچیا دی بەبەرگی پێشمەرگانەو چەک بەشان، سەرسام بووم، ئاخر هەژار و چەک و تەقەو شەڕ و شۆڕ! لەم ڕووەوەبۆچوونەکەم وەک خۆی دەرنەچوو و بەهەڵەداچووبووم، چونکەژیانی پێشمەرگانەی هەژار پر لەهەڵمەت، ئازایەتی و بوێری و پێشمەرگانەبوو، ئیدی وای لێهات لەئازایەتیش ئیرەییمان پێ دەبرد، چونکەهەژار لەڕیزی فەرماندەهەرەئازاکان بوو، یەکێک بوو لەپارتیزانەزیبک و چوست و چالاک و چاونەترسەکان.

ژیانی پێشمەرگانەی ئەو پۆلەپێشمەرگەی خۆمان تا ئەو دەم ژیانی پارتیزانانەبوو، چونکەلەهەموو لایەک یاساغ بووین، ئەو دەم زۆربەی

لایەنەکان نەک هەر دۆستمان نەبوون بەڵکو فەرمانی گرتن و کوشتنمان لەهەموو لایەک هەبوو بەدەولەتەدراوسێکانیشەوە، هەژار لەهەموو بارودۆخەسەخت و ناخۆشەکان هەر دەم بەخەندەو ورەبەرز و بەهیوا بوو.

کاکەهەژار لەبارەی خوڕەوشتەوەدەتگوت لەسەر دەستی عیسای مەسیح وانەی خوێندووەو بەرائەتی ئەوی هەبوو، لەلایەکی تر پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و نووسەر و ڕۆشنبیر بوو، شاعیرێکی دڵ ناسک بوو، لەزۆربەی ژمارەکانی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو دەم و سەردەمی شاخ، شیعر و نووسینەکانی بڵاودەکردنەوە، کەشیعرێکی دەنووسی دەهات بۆی دەخوێندمەوەو دەیگوت تێبینیت چی یە و شیعرکەچۆنە؟ ئەنگیزەو هاندەر و پاڵنەری زۆربەی شیعرەکانیم دەزانی، لەبارەی بیروباوڕیی و هەڵوێستی سیاسی و دڵداری بوون، زۆر جار باسی ئەو کچەی کارگەی مافوری بۆ دەکردم، وێنەیەکی ئەو دولْبەرەی لەگیرفاندا بوو، ئەو کچەدواتر مێردی کرد، ئەو هەر ئاشفی بوو، هۆی بۆیەک نەبوونیان پێشمەرگایەتی بوو، شەهید هەژار نەدەچووەژێر دەسەلاتی ڕژێم و تەسلیم بێتەوە، کچەش بۆی نەدەکرا بێتەشاخ، لەشیعرێکدا ئاوهای بۆ دولْبەرەکەی نووسیوە:

هۆ ئەو کچەی خۆشم دەوێی
بۆت نوسیبووم
کەی دێیتەوە کەی دێیتەوە
لێوم بەبیٚهەڵمژینت وا بەبارە
کوڵمی سور و سپیم ئێستا

جوانی نیشتمانەوەکو سروشتی
پڕ خۆزگە و یادگارە.
نەشمیل سوێندم بەکوردستان
بەکفەکفەی خوێنی ئاڵ و
بەڕێبازی زەحمەتکێشان
نایەمەوە... نایەمەوە
بەڵێئەو ڕۆژە دێمەوە
بەراتی خوێنمان ئاشتی بێ
لەگشت سوچێکی کوردستان
ئازادی بێ.

بۆ زۆر لەبۆنەکان و یادەکان، شیعری دەنووسی و دەیخوێندەوە، وەک نەورۆز و جەژنی کرێکاران و یادی حزب، بۆ زۆربەی ئەو شەهیدانەی دیناسین و هاوڕێی بوون، لەدڵەوەشیعری بۆ دەنووسین، بۆ جیاوازی تێڕامان و دید و بۆچوونەسیاسی و حزبیەکان شیعری دەنووسی، بۆ نمونەلەشیعری کوڕەکەچەڵ دەڵێ:

ئەمجارەیان کەچەڵ بیژی پیربۆزێکە
ڕاسپاردەی کاروان کوژە و
کوێخای سەدەی بیستی پێ یە
هەیهوو...هەیهوو بەڵام ئێستا
کوڕە کەچەڵ خۆی لە کوێ
کاروان و ڕەوتی مێژوو لە کوێ.

هەندێک لەشیعرەکانی بووبوون بەوێردی سەر زاری هەمووان و هەموو پێشمەرگەکان لەبەریان بوو وەک شیعری شاعێرانی بەناوبانگ،

نموونەی شیعری (سرودی شەهیدان و سرودی زەحمەتکێشان و کۆرپەو پێشمەرگەو زۆری تر).
شەهید هەژار بەمانای خۆی کادیرێکی بەتوانا و ڕۆشنبیر و پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و دەست و دەم و داوێن پاک بوو، نمونەی ڕەوشت بەرزی بوو، خۆشەویستی نێو جەماوەر و پێشمەرگەبوو، شاعیرێکی دڵناسک بوو، نووسەرێکی باشی سەردەمی خۆی بوو، ژیانامەی شەهیدان و داستانی پێشمەرگەی دەنوسین و لەبڵاوکراوەکانی ئەدەم بڵاودەکرانەوە.
بەشەهید بوونی هەژار دێدەوانی داخێکی گران بەدڵمانەوەنرا و سەنگەری شۆڕش یەکێک لەکوڕەهەرەبەئەمەکەکانی خۆی لەدەستدا، منیش یەکێک لەهەڤاڵەهەرەئازیزەکانم لەدەست چوو، بەڵام بۆ خۆی پڕ بەدڵ شانازی بەپلەی شەرفی شەهیدبوونی دەکرد.

یاد و یادەوەریت بەخێر کاکە هەژار
2022 / ڕانیە

# شەهید هەژار دێدەوانی و تفەنگ و قەڵەم*

(ئاکۆ ئاکۆیی)

لە ئێوارەیەکی پیرە بەهارێدا لە بناری چیای مەتین ڕۆحی پیرۆز و بەرزەفڕی پێشمەرگەیەکی شاعیر بە هێمنی و بەئەسپایی کشاو بووە ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار و گەشاوە، لەگەڵ کشانا بریسکە وشە ئەپڕژان و کۆترە باریکەکانی نیشتمانیش لەبڕی ئەوەی بەرە و لانە ببنەوە بریسکە وشەکانیان کۆدەکردەوە و ئەیاندا بەدەم شەپۆڵەکانی زێی (بادینان)، لە ئێوارەی ئەوڕۆژێدا سەدای زایلەی هۆنراوەیەک بناری (مەتین) دای بە لووتکەی ( گارا).

پێشمەرگە بووم
چەکی شەرف تێکۆشانم
کردبووە شان
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێش و
چەوساوەکانی کوردستان
بە ئاوات بووم شەهید بم و
پلەی شەرف خەڵاتم بێ
وا شەهید بووم هەژارەکان
سۆسیالیستی ڕێگاتان بێ.

بەڵێ ئەمە هۆنراوەیەکی شەهیدی پێشمەرگە و شاعیر(هەژار دێدەوانی)یە، شەهید کە دەستی دایە تفەنگ و بووە پێشمەرگە ئەو ڕێگایەیی بۆخۆ دانابوو یان دەست لەسەر تفەنگ شەهید دەبێت، یان بە سەرکەوتوویی دێتەوە دەست لە گەردەن، شەهیدبوونی وەک پلەی خەڵات دانابوو، لە ئێوارەی 1987/5/29 لەبناری چیای مەتین لەسەر

شەقامی(شیلادزێو دێرەلووک) لە هەڵمەتێکی پێشمەرگانەدا پلەی شەرف بە خەڵاتی بوو، شەهید بوو، ئاواتەکەی هاتە دی.

شەهید هەژار تەنیا پێشمەرگەیەکی چەک بەشان و کادیرێکی بواری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی نەبوو بەڵکو پێشمەرگەیەکی بەهرەمەند و نووسەر و ئەدیب بوو، لەئەدەبیاتی ئەوسای شاخ لە بواری شیعر و چیرۆک و پەخشان و ڕۆژنامەگەری جێپەنجەی دیار بوو، بەر لەوەی چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شان، جگە لەکاری ڕێکخستن ئەو بەڕۆح و هزر و قەڵەم و وشەلەتەک پێشمەرگەدا بوو، کاتێ بەرەو دێدەوان هەنگاوی ناو چەکی بەرگری کردەشان و بووەپێشمەرگە، بواری شیعری شۆڕشگێڕی و بەرگری فرەوانتر بوو، خۆشەویستی نیشتمان و ڕێباز و پێشمەرگە و نازدار حەیرانەکەی ئاوێتەی یەک ببوون و بلێسەیەک بوو داگیرسابوو، گەش گەش هەمیشە لە نێو گیانیدا لە لە کلپەدا دابوو.

شەهید هەژار کادیر و فەرماندەیەکی خۆشەویستی نێو جەماوەر و هێزی پێشمەرگەبوو، جارجار لەبارەگاکان یان لەکاتی پشودان بۆ ئەرکەکان و جەولە، دەفتەرەبچوکەکەی نێو باخەڵی دەردەهێنا و شیعری بۆ پێشمەرگەدەخوێندەوە، لەکۆڕ و ئاهەنگەکان کەپێشمەرگەبۆ بۆنەنەتەوایەتی و چینایەتەکان سازیان دەکرد، بەشیعری شۆڕشگێڕی بەشداری دەکرد و جۆش و خرۆشی دەخستەنێو پێشمەرگە، ئەو پێشمەرگانەی دەفتەری یادگاریان لەنێو باخەڵ و کۆڵەپشتەکانیدا هەبوو لەلاپەڕەی یەکەمیان شیعری (سرودی پێشمەرگە)ی شەهید هەژاریان نوسیبۆوەو ئەم شیعرەبووبووەوێردی سەر زاری پێشمەرگە، پێشمەرگە لە لایەن شەهید هەژار تا ئەو پەڕی پیرۆز بوو لەگەڵ خوێن

و گەشەکردنی تەمەنیدا ئەم پیرۆزییە زیاتر بالآی دەکرد، لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

لە دایک بووم بەبێگەردی
کۆرپەی چینی زەحمەتکێش و
کرێکارێکی ماندوی کوردی
کە مامان هات ناوکی بڕیم
بە پەنجەی پیرۆزی ئەڤین
ناویان لێنام پێشمەرگەی ژین

لە شیعرێکی نامە ئامێز کە لە سەر دوندی شاخەکان نووسیویەتی و داویەتە پەیکی سروەی بەیان تا بۆ کچە پاکیزەکانی نێو زیندانەکانی دووژمن ببات دەلێ:
ناپەری خان
تکا مەکە
پاڕانەوەت هیچ ناگۆڕێ
لە ڕەوشتی گەورە دزان

شۆخی شیرن
وەک شێرە ژن
تەلی پرچت بکە بە پەت
بۆدزەکان.
ئەوا منیش گرتمە بەر
لێڕەواری چڕ بێشەی شێر
ڕێگای سەختی هاشانەک هەلدێر

بۆ نیشتمان ....
بۆ سەندنەوەی هەموو ماچە دزراوەکان.

لە هۆنراوەیەکی تریدا بە ناونیشانی(لە وەڵامی نامەیەک)دا کە بۆ نازدار حەیرانەکەی نووسیوە، دیارەداوای لێکراوەکەبێتەوەو دەست لەتفەنگ بەردا، ئەمەش بەلای شەهید هەژار نەک هەر ڕەتکەرەوەبوو، بەڵکو بەخەیاڵیشیدا نەدەهات، لە کۆپلەیەک دا دەڵێ:

بەڵێ ئەو ڕۆژە دێمەوە
سەربەستی لە چیاوە بۆشار
ڕامالێ تەم ومژی ئێستا و
هەوری چڵکنی سەدانساڵ
بەڵێ ئەو ڕۆژە دێمەوە
بەراتی خوێنمان ئاشتی بێ
ئازادی بێ.

بەڵێ نەهاتەوە، مەرگ مەودای نەدا ئاوەتەکەی بێتەدی و ئەو ڕۆژە بێتەوە کە بەراتی خوێنی شەهیدان بووە ئاشتی و ئازادی، خوێنی ئەویش بووە بەشێک لەو بەراتە.

گەر لاپەڕەی نامیلکەشیعریەکەی (ئەستێرەی دێدەوان) هەڵدەینەوەو سەرنجێ بدەینەشیعرەکان، هەندێ لەشیعرەکان شیعری بۆنەو تایبەتن، بۆ گیانی ئەو شەهیدانەی نووسیووەهاوڕێ و هاوسەنگەری بووینەیان کەکاریگەر بووەپێیان، وەک شیعرەکانی:

* (سرووودی زەحمەتکێشان) بۆ شەهید سەیدا سالح یوسفی.

بەڵێ سەیدا
وەسیەت نامە و ڕێنمایەکانت هاندەرن
بەرەو ئازادی وادەڕۆین

لەگۆڕ ئێستاش
تۆی بلیمەت ڕێبەرمانی
ئێمە هەموو قوتابی تۆین
بەرەو ئازادی هەر دەڕۆین.

*(هەڵۆ) بۆ شەهید سەید سەلیم.
لەگابەردی سماقوڵی
خوێنی گەش ڕژا
هەندێ‌گوتیان بروسک بوو
لەهەورێکی بەهار خزا
هەڵۆیەکی لووتکە بوو
بەگوللەی دوژمن
شەهید کرا..
* (ئەستێرە) بۆ شەهید سەلاح.
هەر ستەم دیدە و ڕەنجدەرێکە
فرمێسکی خوێناو دەڕژێنێ
پرسە و سەرەخۆشی لاوێکە
کوردستانیش دەلەرزێنێ.
* (ئەستێرەگەشە)بۆ شەهید چەتۆ.
بەخەندە و سۆز...
گەردەنی جوانی پیا ئەکا
بە دروشمی کوردستان و
سۆسیالیزم هاوار دەکا.
* (بووکی تارا سور) بۆ شەهید قەهار.

دە سەیر کەن
لە سینگورکی دابێژراوی..شێرە کوڕی
گۆڤەندەکەی ڕەنگی ئاڵە..
داهاتووەکەی
تۆمارێکی مێژووی کوردە و
هیوا چەکەرەی تیا دەکا...
* (فرمێسک) بۆ شەهید شێرکۆ.
ئەها کاکە شێرکۆ
خەڵاتی کرد گیانی بەرزی
پیرداود، بەخوێنی سوور بوو
بۆکوردستان و سەربەرزی.

جگەلەشیعر هەوڵی داوەچیرۆک و کورتەچیرۆکیش بنووسێت و ئەزموونی ئەم ژانەرەئەدەبیەبکات، بەڵام هەر لەهەوڵی سەرەتاییەوەوازی لێهێناوە، لەنێو دەستنووسەکانی چیرۆکێک هەیە بەناونیشانی (مەشخەڵێکی پیرۆز) بەر لە ساڵی هەشتایەکان، پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە نووسیوویەتی، چیرۆکەکە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرەنگاری، باس لەکەسێک دەکات کەهەڤاڵی خۆی بووەو لەڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێک لەلایەنە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە بووەو لەلایەن داگیرکەران دەستگیرکراوەو پاشان لەسیدارەدراوە، ئەمەش چەند دێرێکە لە چیرۆکەکە (لەشەقامەکەی ژیر قەڵاتەوەبەرەو پەڕتووکخانەی سۆڵاف هەنگاومان هەڵدەهێنا، تازە زێدەبایەکەی کاردۆ گەلاڵی ژمارەیەکی نوێی لەبیبلۆگرافیای پەڕتووکە کوردیەکان تۆمارکردبوو، چەند هەنگاوێ بەبێ دەنگی ڕێگامان پیوا، کەوتەگفتوگۆ، ئەو مەشخەڵە بلێسەدارەی ئێستا لەلوتکەکانەوە داگیرساوە، بەدەم

ڕۆیشتن بە وردی باسی مەشخەڵەکەی بۆکردین، لەئەشکەنجە و ئازار لە دایک بووە.. شۆڕشێکی ڕەسەنە.. ڕێبازێکی تازەیە، ئەڤین و خەندەی پێیە.. پەرژینی دەبێ گیانی ئێمەی ڕەش و ڕووت بێ، گەورەترین موژدەی پێیە.. لە قەندیلەوە هەر گیرساوە).

شەهید هەژار خولیای کۆکردنەوەی چیرۆک و شیعری فۆلکلۆری و پەندی پیشینانی هەبوو، لەنێو دەستنووسەکانی چەندین تێکستی چیرۆک و بەستەو حەیران و پەندی پیشیانان هەن کەکۆیکردینەوەو تۆماری کردوون، گەر بواری خوێندنەوەی هەبا و سەرچاوە ئەدەبیەکانی کورد و بێگانەی خوێنبایەوە و ئاشنا بوایا بە ڕەوتی پێشوەچوونی ئەدەبیاتی جیهانی گومانی تیا نەبوو نووسەر و ئەدیبێکی لێهاتوو و دیار دەبوو، بەڵام بەداخەوە هەم مەرگ بواری نەدا و تا لە ژیانیش دابوو لەبەر هەژاری و نەداری و پەیداکردنی بژێوی ژیان و پاشان بوون بەپێشمەرگە، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەهاتەپێش و ئەو کاتە پێویستیەیی بۆ بڕخسێ تا بپڕژێتەسەر ئەوە بوارەو خولیا و ئارەزوەکانی بهینیتەدی، ژیانی پیشمەرگایەتی و پارتیزانی و گەڕان لەناوچەیەکەوەبۆ ناوچەیەکی تر بۆ خەبات و تێکۆشان و کاری پێشمەرگایەتی، بەتایبەتیش بۆ شەهید هەژار کەئەو کادیر و فەرماندەبوو، ئەرکی زیاتر و گرانتر بوو، ئەو کاتەپێویستەی بەدەستەوەنەبوو، زۆر جار ئەو ئاوات و ئارەزوەی دەدرکاند و ئەیووت سەرکەوتوانەژیانی پێشمەرگایەتی تەواو بکەین و دەست بەتاڵبین بۆ خوێندنەوەو نووسین و فێربوون بەتایبەتی فێربوونی زمانی تر.

شەهید هەژار دێدەوانی ناوی (محەمەد حەسەن عومەر) ە لەساڵی 1958 لە هەولێر لە دایک بووە، دوای کۆچی دوایی باوکی دەگەڕێنەوە بۆ گوندی (کانی بزرە) لەبەر نەداری و دەست کورتی جارێکی تر

دەچنەوە هەولێر و خوێندنی دوا ناوەندی تەواو دەکات، لە ساڵی 1977 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەکات، لە ساڵی 1980 بۆتە پێشمەرگە و چەندین پلەی بڕیووە لە نێو ڕێزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دوا پلەی فەرماندەی (قوەی سەفین) بوو وەکو فەرماندەیەکی سیاسی و پێشمەرگایەتی کارەکانی زۆر بە ڕێکی و دڵسۆزی بەڕێوە بردووە لەتەک ئەمانەش شیعرو چیرۆکی نووسیوە و کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە و چەندین بابەتی لە چاپەمەنیەکانی شاخ وەک (دەنگی پێشمەرگە و ئاڵای ئازادی و پێشکەوتن و تاد) بڵاوکردۆتەوە، لە 1987/5/29لە داستانی (شیلادزێ) لە گوندی (شیڤ چنارۆک) لەکاتی هەڵمەت بردن بۆ سەر خۆفرۆشان شەهید دەبێت.

بەڵێشەهید هەژار دێدەوانی یەکێک بوو لەو فەرماندە دلسۆزانەی کە نموونەی بەرزی بوو، یەکێک لە هاوڕێیە نزیکەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی (هاوڕێنایف) بۆی گێرامەوە وتی: ڕۆژێک بەر لە شەهید بوونی کۆبوونەوەیەکمان کرد کە تایبەت بوو بە نەخشە دانانی بەشداریکردنی ئازدکردنی شیلادزە بەر لەکۆتای کۆبوونەوەکە شەهید هەژار وتی: (من 350 دینارم بۆ هاتووە هیچ پێویستیشم پێنیە جگەرە ناکێشم و قات و پێڵاوەکەشم باشن ئەم بڕە پارەیە با بۆ حزب بێت و تفەنگێکی پێبکڕن چوونکە پێشمەرگەی بێچەکمان هەیە) ئەم پارەیە لە لایەن دایکیەوە بۆی هاتبوو، دایکی هیچ داهاتێکی نەبوو هەژار و دەست کورت بوو بە هەزار دەردە سەری لە دەمی خۆی گێڕابۆوە و تا ئەم بڕە پارەیەی پێک وەنابوو بۆ شەهید هەژاری ناردبوو.

شەهید هەژار لە دوای خۆی تفەنگێگ و دەفتەرێکی شیعرەکانی و خۆشەویستی بەجێهێشت، تفەنگەکەی بێدەنگ نەبوو، هاوڕێیەک کردیە

شانی و سەنگەرەکەی چۆلنەکرا، شیعرەکانی بوونە وێردی سەر زمان و خۆشەویستیش بووە ئەو گوڵە سوورە ئەبەدیەیی سەر لا چەپی سینگی هاوڕێکانی.

شەهید هەژار یادت بەخێر، سەر گلکۆت پڕاو پڕبێت لەگوڵاڵە.

---

* ئەم بابەتە لە یادی (14) ساڵەی شەهیدبوونی (هەژار دێدەوانی) لە ژمارە (416)2001/5/27ی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بڵاوکراوەتەوە، لێرە لە لایەن نووسرەوە کەمێک دەسکاری کراوە.

# (شەهید هەژار دێدەوانی و هەڵوێست و جوامێری)

(نایف ڕەحمان)

ساڵی 1982 لەگوندەکانی (بەستی شرغە) لەجەولەدابوین هێزێکی پێشمەرگەبووین کەبریتی بوو لەهەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر و ناوچەی هەولێر، نیوەڕۆیەک لەگوندی (بەردەسپی) دابەشی سەر ماڵەکان بووین، ئێمەچوار پێشمەرگەبەر ماڵێک کەوتین، شەهید (هەژار)م دیتبوو بەڵام لەنزیکەوەیەکترمان نەدەناسی ئەو ڕابەر سیاسی کەرتی دوو بوو، من لەناوچەی هەولێر بووم، لەو چوار پێشمەرگەی لەو ماڵەبووین (شەهید هەژار)یشمان لەگەڵ بوو، شەهید هەژار وەک پێشمەرگەو کادیرێکی لێهاتوو بەئاخاوتنەکانی سەرنجی خاوەن ماڵ و ئێمەی بۆ خۆی ڕاکێشابوو زۆر بە گەرمی و پڕ حەماسەت و پەرۆشەوە باسی داگیرکردنی نیشتیمان و کوردایەتی و یەکسانی و خەبات و ڕێبازی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کەچ ڕۆڵێکی هەیەلەگۆڕەپانی خوبات و تێکۆشان، بۆ دەکردین. ئەو کات لەنزیکەوە(شەهید هەژار)م ناسی و هەر زوو بەکردەوەو ڕفتارەجوانەکانی کەوتەبەر دڵ و بووین بەهەڤاڵ و هاوڕێی زۆر لەیەک نزیک، تا شەهید بوو ئەو هاوڕێیەتیەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتەوتر و مکۆم تر دەبوو. لەو ڕۆژەوە زانیم (شەهید هەژار) تەنیا پێشمەرگەیەکی چەکداری ئاسایی نیە، بەڵکو هەڵگری بیروباوەڕێکی پێشکەوتوخواز و نیشتیمانی و نەتەوەییە، خولیا و ئەندێشەی فرەوانی هەیەو بەئومێد و ئاواتێکی زۆرەوەڕێگای خەباتی گرتۆتەبەر.

لەدوای هەڵوێست وەرگرتن و دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە1985/12و ڕێکخستنەوەی بەش و ئۆرگانەکانمان، بەشی پیشمەرگایەتی کەبەشێکی گرنگ بوو لەڕێکخستنەوەی ئەم بەشە (شەهید هەژار) بووەڕابەر سیاسی قوە(هێز) پاشان بەرپرسی قوە، پێویست بوو حزب بەهێزێکی زۆر بەجەولەی سیاسی و پێشمەرگایەتی بچێتە دەشتی هەولێر چوونکەهەولێر چەق و پێگەیەکی گرنگی حزب بوو، لەپایزی 1986 هێزێکی حزب بۆ ئەو مەبەستە چووە دەشتی هەولێر، لە1986/10 لەگوندی ترپەسپیان لەگەڵ هێزێکی زەبەلاحی دوژمن ڕووبەڕوو بۆوەو داستانێکی بێوێنەی تۆمارکرد، (شەهید هەژار) کەفەرماندەی قوەبوو ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕا لەسەرپرشتیکردنی قوەکەی، کەدابەشی سەر دوو بەرەی شەڕ بوو بوو ئەو توانا و لەخۆبردووەی بەلامەوەکەم وێنەبوو.

کاتێ دوژمنی داگیرکەر بەنیازی سوتاندن و وێرانکردنی گوندەکانی دەشتا زێیێ و بناری چیای مەتین هێزێکی زۆری لەناوچەکە کۆکردبۆوە، حزب بڕیاری دا هێزێکی پێشمەرگە بنێرێتە ناوچەکە، ڕۆژی 1987/5/28 لەناوچەی دەشتازێیێ لەنزیک گوندی سەروکانی کەچەند ڕۆژێک بوو لەوێ سەنگەرمان گرتبوو، بەسەرپەرشتی هاوڕێ (دکتۆر سەردار) کۆبوونەوەیەکمان کرد بەمەبەستی دابەشکردنی هێزەکانی خۆمان بۆ بەشداریکردن لەچالاکیەکی هاوبەشی بەرەیی لەگەڵ (حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ گرتنی کۆمەڵگای شێلادزێ، ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە ئەو قوانەی بەشداربوون بریتی بوون لە قوەی سەفین کە (شەهید هەژار)

فەرماندەی بوو قوەی هەیبەت سولتان هاوڕێ (دڵشاد کۆیی) فەرماندەی بوو، قوەی بەڕانەتی دوای شەهید بوونی (شەهید قەهار عزیز) کە فەرماندەی قوە بوو کەسی تر دیاری نەکرابوو من کە ڕابەر سیاسی قوەکە بووم سەرپەرشتی قوەکەم دەکرد، هەروا هاوڕێیانی ناوچەی هەولێر کە (هاوڕێ گۆران و کرمانج عەوێنە) کە هەردووکیان ئەندامی ناوچە بوون، بە داوای لێبوردنەوە ناوی ئەوانەی ترم لەبیرنەماوە، چەندین پێشمەرگەی تر بەشداربوون کەبەشێکیان تازە هاتبوون و بێ چەک بوون. دوای گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردن و دابەشکردنی هێزەکانمان، هاوڕێ (شەهید هەژار) دیاریکرا بۆ سەرپەرشتی ئەو هێزەی لەبەرەی دەشتازێیێ لەزێی بادینان دەپەڕینەوەو دەچوون بۆ بەری لای شێلادزێ و بناری چیایی مەتین بۆ ئەنجامدانی بەرنامەکە ئێمەش قوەی بەڕانەتی و چەند پێشمەرگەیەکی تر لەگەڵ هاوڕێ دکتۆر سەردار لەبەری لای دەشتازێیێ ماینەوە و پەیوەندیشمان لەڕێگای جیهازەوە بەردەوام هەبوو، شەهید هەژار داوای لەهاوڕێ کرمانج کرد کەمەخزنە(75) فیشەکیەکەی بۆ ئەم چالاکیەپێبدات، هاوڕێ کرمانج مەخزنەکەی پێدا، کیفێکی مشەمای بۆ مەخزنەکە دروستکردبوو کاتێ شەهید هەژار شەهید بووبوو کیفی مەخزنەکەبەخوێنی سور بووبوو، هاوڕێ کرمانج مەخزەن و کیفەبەخوێنی سوربوەکەی شەهید هەژاری وەک یادگارییێک پاراست، لەکۆبوونەوەکە(شەهید هەژار) هەڵوێسێکی جوان و جوامێرانەی نواند، کەمەبەستمەلێرەدا و لەم نووسینەئاماژەی پێپدەم، (شەهید هەژار دێدەوانی) پێشنیارەی کرد و گوتی: (من 350 دینارم لەماڵەوەبۆ هاتووە هیچ پێویستیم بەو پارەیەنیەونەجگەرە دەکێشم،

نەشتێکیش دەکرم، قات و پێڵاوەکەشم باشن، دەبینم چەند پێشمەرگەیەکی بێ چەکمان لەگەڵدان، ئەم برەپارەیەپێشکەشی حزب دەکەم و چەکێکی پێبکرێت بۆ ئەو پێشمەرگانەی بێ چەکن و پێشمەرگەیەک چەکدار بکرێت).

ئەم هەڵوێستەی شەهید (هەژار دێدەوانی) جێگەی شانازی خۆیی و خانەوادەکەیی و حزبەکەی بوو، کە لاوێکی هەست ناسکی وەک دێدەوانی سەرەڕای ئەوەی خۆی پێشمەرگەیە و بەخوێنی خۆی قوربانی دەدات ئامادەی تێدایەهەرچی لەدەستی بێت بۆ شۆڕش و ڕێبازی کوردایەتی بیکات، هەر بەڕاستیش ڕاستگۆ بوو لەگەڵ بیروباوەڕەکەیی و هاوڕێ و هەڤاڵەکانی، لەشۆڕش قارەمانی وا دەرکەوتووەو بووە بەسوتەمەنی شۆڕش و قوربانی گەلەکەی. ئەوە بوو ڕۆژی دواتر واتە 1987/5/29 لەهەڵمەتێکی قارەمانانە بۆ سەر مۆڵگەی خۆفرۆش و داگیرکەران لەنزیک گوندی (شیڤ چنارۆک) شەهیدبوو، چووە کاروانی شەهیدان، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی بەرزەفڕی شەهید هەژار دێدەوانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

شەهید هەژار جگەلەوەی پێشمەرگەیەکی قارەمان و فەرماندیەکی لێهاتوو و کادیرێکی خاوەن فکر و هەڵوێست بوو، نووسەر و شاعێرێکی بەرگری نێو ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی شاخ و شۆڕش بوو، جار جار لەکاتی پشوودان و مانەوەمانلەبارەگاکان دەفتەرەکەی دەردەهێنا و چەند شیعرێکی بۆمان دەخوێندەوە.

# چەند پەیڤێک لە بارەی شەهید هەژار دێدەوانی

(فەرهاد مەنتک)

لە 1981/12/15 پەیوەندیم بە هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرد، لە کەرتی دووی هەرێمی هەشتی دەشتی هەلێر کە فەرماندەکەی (مامەند مەنتک)بوو بوومە پێشمەرگە، هەژار دێدەوانی پێش من بەساڵ و نیوێک تا دوو ساڵ بوو بوو بە پێشمەرگە و ڕابەر سیاسی کەرت بوو، پاشان بوو بە ئەندام ناوچەی دەشتی هەولێر، جارجار لەگەڵ شەهید هەژار دێدەوانی بەیەکەوە گفتوگۆمان دەکرد بەتایبەت لەسەر کاری حزبی و بیروباوەڕی حزبی سۆسیالیست و کەسی شۆڕشگێڕ و چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ جەماوەر، کە ئەوکات بۆ من فکرەی سۆسیالیستی شتێکی تازەبوو، زۆر پرسیارم لەم بارەیەوە لەشەهید هەژار دەکردو ئەویش بۆی شیدەکردمەوە, هەر چەندە من لەو بەتەمەن گەورەتر بووم، بەڵام سەرەڕای هەڤاڵەتیمان بۆ من وەک مامۆستا وابوو، لە ڕووی فکریەوە زۆر سودم لێیبینی، بەڵام بەداخەوە زوو شەهید بوو، ئەو هەمیشە ئەیووت ئەم ڕێگایە بەرنادەم یان سەربەرزانە شەهید دەبم، یان لەژێر ئاڵای ئازادی سروودی سەربەستی دەڵێین، بەڵێ ئەو ڕێگایەکەی بەرنەدا و شەهید بوو لە پێناو گەل و نیشتمان. ئەو لە هۆنراوەیەکدا بەناوی (سرودی شەهیدان) دەڵێ:

پێشمەرگە بووم
چەکی شەرەف تێکۆشانم
کردبووە شان
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێش و

چەوساوەکانی کوردستان
بە ئاوات بووم شەهید بم و
پلەی شەرەف خەڵاتم بێ
واشەهیدبووم هەژارەکان
سۆسیالیستی ڕێگاتان بێ.

ئەو شەهید بوو، ئاواتەکەی هاتەدی، بەڵام بەداخەوە ڕێبازی سۆسیالیستی نەهاتەدی.

شەهید هەژار چەندە کادیرێکی سیاسی و ڕێکخستن بوو، هێندەش کادیرێکی کۆمەڵایەتی بوو، نووسەر و شاعیر بوو، لەگەڵ کار و ئەرکی پێشمەرگەیاتی شیعر و چیرۆک و وتاری دەنووسی، هەمیشە قەڵەم و دەفتەرێکی بچووکی لە گیرفان بوو، هەست ناسک و هێمن و لەسەرخۆبوو، ڕۆح سوک و خوڕەوشت بەرز بوو، دڵسۆز بوو بۆ کێشەی گەل و نیشتمان و ڕێبازەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی فەرماندەیی و قارەمانی و هەڵمەت بردن بۆ سەر دوژمنی داگیرکەر و فاشی سڵی نەدەکردەوە، ڕێگای نەدەدا لە هێرش بردن کەس پێشی بکەوێت.

لەساڵی 1983 لەشەڕی پۆریجە بریندار بوو، لەوێش بەیەکەوە بووین، لەو شوێنەی لێی بووین جێگایەکە گونجاو نەبوو بە برینداری و بێ بێچارەسەرکردن لەوێ بمێنێتەوە، برینەکەی لەسەری بوو خوێنی لێ دەهات. دوای پێچانەوەی برینەکەی بە زۆر ناردم بچێت برینەکەی دەرمان بکات، دەیگوت چۆن ئێوە بە جێبهێڵم.

شەڕ و دەور گیران و گەمارۆدان بەهیچ شێوەیەک نەدەبووە هۆی ئەوەی زەڕەیەک کار لە ورە و ئازایەتی بکات، سروودی شۆڕشگێڕی دەگوت بۆ بەرزکردنەوەی ئیرادەی پێشمەرگە، بانگی دەکرد هەڵمەت

بەرن دووژمن لە شکانە. بۆ کویێ دەچن دووژمنی ترسنۆک، دەک ریسوابن خۆفرۆش و کرێگرتەی دوژمن.

مرۆڤێکی دڵسۆز و خۆنەویست بوو، ئەگەر بڕە پارەیەکی لە لایەن دایکی یان براکانی بۆ هاتبایە، لەگەڵ هەڤاڵەکانی دەکردە نیوە، یان دەیدا بە حزب، ئەگەر پێویست بوایە دەیگوت بۆ هەڤاڵان بە پێداویستی بدەن، جا چەک بوایە یان فیشەک و تاقم. هێندە قسە خۆش‌و بە سەبر بوو، لەگەڵ جوتیار، جوتیاربوو. لەگەڵ کرێکار، کرێکاربوو، لەگەڵ نەوجەوان، نەوجەوان بوو، لەگەڵ جوامێر و بەتەمەنەکان دەبوو بە بەشێک لە ئازارەکانیان. لەو ماوەیەی لە دەڤەری بادینان بووین، چەندین دۆست و لایەنگیری پەیداکردبوو بۆ خۆی‌و حزب، خەڵکی ناوچەکە خۆشیان دەویست، دوای شەهیدبوونی دەچوینە هەر گوندێک زۆر بە پەرۆشەوە باسیان دەکرد.

لەسەرەتای مانگی چوار من لە بارەگای کۆلەکان بووم و لەگەڵ چەند هاوڕێیەک بە هەندێ ئیشوکاری حزبی دەرچووین بۆ شوێنێک، شەهید هەژار لە بارەگای سەرکردایەتی بوو، بەر لە ڕۆیشتنمان نامەیەکی بۆ ناردم، نووسیبوی مەچۆ بۆ خوارەوە، لە مانگی پێنج بەیەکەوە دەچینە خوارەوە و جەولەیەکی ناوچەی دێدەوان دەکەین‌و دەچینە ناو خزمان، زۆر حەزی دەکرد سەردانی گوندەکانی لای خۆمان بکات، منیش وەڵامی نامەکەیم دایەوە بۆم نووسی ئەمن دەچم بۆ مانگی پێنج دەگەڕێمەوە، ئەوکات بەیەکەوە دەچین بۆ ئەو جەولەیە، بەڵام زۆر بەداخەوە من لە جەولە گەڕامەوە و دوای سێ ڕۆژ لە ڕێگای بێتەل ئاگادارکراینەوە کە هەژار دێدەوانی شەهید بووە. بۆ من کۆستێکی گەورە و کەسەرێکی زۆر بە ئازار بوو، یەکتریمان نەبینیەوە، بۆ ئەبەدی بەجێیهێشتین، هەرگیز لە بیرم دەرناچێت، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی.

# چۆن و کەی شەهید (هەژار دێدەوانی)م ناسی؟

(مراد مەنتک)

هەرچەندە لەسەرەتای سالانی (1960–1962) بەهۆی خزمایەتی و لێک نزیکی خانەوادەکەمان لە کۆڵانێکی گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر هەندێ جار لە نێو یەک خانووی قوڕ، هەندێ جاریش لەنێو دوو خانوی هاوسێ بەیەکەوە ژیابووین. بەڵام تا ساڵی 1969 لەگەڵا شەهید هەژار یەکترمان نەدەناسی، لەسەرەتای ساڵی 1962 پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی عبدالرحمان عارف ئێمەی ئاوارە و دەربەدەری باشووری عێراق کرد، منو شەهید هەژاری لەیەکتر جیاکردەوە و خەونی منداڵیمانی دزی.

ساڵی 1969 کاتێ باوکی ڕەحمەتیم لەلایەن ڕژێمی بەعس گیرا و خرایە زیندانی قەسری نهایە لەبەغدا، ئێمەش بە هەرحاڵ خۆمان گەیاندەوە کوردستان و لەگەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر نیشتەجێبووین. هەر لەم گەڕەکە هەژارنشینە دووبارە بە خزم و کەسوکار و لەنێویشیاندا بەدیداری شەهید هەژاری برا و خزم شاد بوومەوە. هەرچەندە دەوروبەر وایاندەزانی خزمایەتی و دراوسێیەتی هۆکاری سەرەکی لەیەک نزیکی من و شەهید هەژارن. بەڵام هزر و بیر و تێڕوانینی هاوبەشمان بۆ ژیان و خوێندنەوەمان بۆ واقعی تاڵی میللەتەکەمان ئێمەی زیاتر لەیەکتر نزیک کردبوەوە.

ئەوکات شەهید هەژار هەرزەکارێکی وریاو خوێندەوارێکی بە سەلیقە و وەرزشوانێکی باش بوو. زۆر حەزی بە خوێندنەوە و نووسینی شیعر

دەکرد هەمیشە بەگیرفانی بەتاڵەوە بەدوای کتێبدا دەگەڕا، دیوانی بەشێکی زۆری شاعیرانی کوردی کۆکردبوەوە جار جاریش شیعری دەنوسی و یەکەم کەس شیعرەکانی بە من نیشان دەدا و داوای لێ دەکردم ڕای خۆمیان لەسەر بڵێم هەرچەندە من لە شیعر نوسیندا کۆڵەوار بووم بەڵام نازانم ئەو بۆ ئەوەندە ڕای منی بەلاوە گرنگ بوو .

شەهید هەژار گرنگی زۆر بە منداڵان دەدا و فێری کوردایەتی و نیشتمان پەروەری و پاراستنی ناسنامەی دەکردن، زوبانی کوردی و جلی کوردی و ناوی کوردی زۆر بەلاوە گرنگ بوو، بۆیە ڕێگای نەدەدا خزمو کەسە نزیکەکانی ناوی عەرەبی لە منداڵەکانیان بنێن، بەشێکی زۆری خزمە گەنجانەکانی ئێستامان شانازی بە ناوەکانیانەوە دەکەن چونکە شەهید هەژار ناوی ناون.

شەهید هەژار تاسەر ئێسقان عاشقی خاکی کوردستان و تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردبوو، ئەو عیشقە ڕۆژ بەڕۆژ لە ناخیدا گەورە دەبوو و پەنگی دەخواردەوە لە نەورۆز و جەژنە نەتەوایەتیەکان ئەو عیشقە پەنگ خواردووەی دەتەقیەوەو حەماسەتێکی زۆری بە گەنجو لاو و منداڵان دەبەخشی، نەمامی عیشق و خۆشەویستی خاکی لەناخی منداڵاندا دەڕواند تێیدەگەیاندن کە خۆشبەخترین مرۆڤەکان ئەو مرۆڤانەن کە بە ئازادی و سەرفرازی لەسەر خاکی باپیرانیان دەژین .

لەئێوارانی هەموو نەورۆزێکدا منداڵانی گەڕەکی مەنتکاوەی کۆدەکردەوە، ئاگری نەورۆزی بۆ دەکردنەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی گڕ و گڵپەی ئاگرەکەش پڕ بە گەرووی لەگەڵ منداڵەکان سرودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)یان دەچڕی .

سەرەڕای عیشق و خۆشەویستی شەهید هەژار بۆ خاکو گەلی کوردستان هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوی کەوتە داوی ئەوینی کچێکی

شۆخ و شەنگی ڕۆشنبیر، ئەو خۆشەویستەیە زیاتر بووە هەوێنی گەشەکردنی زمانی شیعر لای شەهید هەژار. شەهیدی جوانەمەرگ ڕۆژانە چەندین لاپەڕەی بەشیعر و پەخشان و پەیڤی ئەویندارى و نیشتمانی دەنەخشاند و ئەوەی بەدڵی بوایە پێشکەشی خۆشەویستەکەی دەکرد.

شەهید خاوەن دڵێکی گەورە و میهرەبانی پڕ لە خۆشەویستی بوو، خۆشەویستی خاکو گەل و وڵات، خۆشەویستی خانەوادەکەی و خزم و کەس و هاوڕێ و دڵدارەکەی. بەڵام خۆشەویستی کوردستان زۆرترین پانتایی لە دڵی شەهید داگیرکردبوو. هەر بۆیە لە ساڵی 1980 نامەی ماڵئاوایی بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسیو بە شیعرێک ماڵئاوایی لێ دەکات و پێی ڕادەگەیەنێ بڕیاری داوە چەکی شەرەف بکاتە شان و ببێتە پێشمەرگەی کوردستانو بەچەک و بیروباوەڕی پۆڵاینی ڕووبەڕوی ڕژێمی فاشستی بەعس ببێتەوە، هەروەها شیعرێک ئاراستەی هاوڕێ و دۆستانی دەکات و دەڵێ:

پێشمەرگە بووم
چەکی شەرەف تێکۆشانم
کردبووە شان
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێش و
چەوساوەکانی کوردستان
بە ئاوات بووم شەهید بم و
پلەی شەرەف خەڵاتم بێ
واشەهیدبووم هەژارەکان
سۆسیالیستی ڕێگاتان بێ.

ساڵی 1982 خۆشەویستەکەی داوای لێدەکات و لێی دەپاڕێتەوە کە بگەڕێتەوە و بەیەکەوە هاوسەرگیری بکەن و هەوڵی بەدیهێنانی خەونی چەند ساڵەیان بدەن، بەڵام شەهید هەژار بە شیعرێک وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:

نەشمیل سوێند بە کوردستان
بەکفە کفەی خوێنی ئاڵ و
بە ڕێبازی زەحمەتکێشان
نایەمەوە ... نایەمەوە
بۆ نازانی!
نەهاتنەوەم بورکانێکە و
دڵی فاشیست دەلەرزێنێ
دام ودەزگای چەوسێنەران
دەتۆقێنێ...
نەهاتنەوەم مژدەیەکە و
ئازادی دەکاتە خەڵات
بۆ ئەو گەلە زۆر لێکراوەی
سەدان ساڵە
پیشەیەتی شۆڕش..خەبات.

شەهید هەژار ڕێکخستنێکی پۆلاین و شانەی چەکداری بەهێزی لەناو شاری هەولێر دروست کردبوو، بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی دوژمن. خۆشی ماوە ماوە دەهاتەوە نێو شار و لەگەڵ ڕێکخستنەکان کۆدەبوەوە و ڕێنمایی دەکردن ئەرکی بەسەردا دابەش دەکردن بۆ ئەنجامدانی چالاکی و زەبر وەشاندن لە دوژمن .

شەهید هەژار دەرفەتی زۆری بۆ ڕەخسا کە بچێتە ئەوروپا، لەوێ هەم خوێندن تەواو بکا و هەم ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بباتەسەر،

بەڵام ئەو شۆڕش و خەباتی لەسەر خاکی کوردستان هەڵبژارد ئاوارەیی و دەربەدەری و دووره وڵاتی ڕەتکردەوە. تا لە 1987/5/29 لەناوچەی شیلادزێ لە دەستانێکی قارەمانانە گیانی پاکی بە کور و کوردستان بەخشی و چووە کاروانی نەمران.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاک و بێگەردی شەهید هەژار دێدەوانی و هەموو شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان.

# یادێک بۆ شەهید هەژار دێدەوانی

(حسام عومەر)

بەهۆی ئەوەی کە خزم بووین و کوڕی ئامۆزای بابم بوو هەر لە منداڵیەوە ناسیم و زوو کەومتە ژێرکاریگەری بەهۆی خوێندەواری و ڕەوشت بەرزی، کە بوو بە پێشمەرگە خۆشەویستیەکەم بۆی زیاتر بوو بۆیە زۆرجار دەچوومە گوند و دێهاتەکانی مەنتکایەتی تاکو بیبینم، تەمەنم تەنها سێزدە بەهار بوو کە داوام لە (شەهید هەژار) کرد وەرم بگرن لە ڕێکخستن و لە شار ئیش بکەم، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە بەهۆی بچوکی تەمەنم و نوگونجانی تەمەنم لەگەڵ مەرجەکانی بوون بەئەندام بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆی حزب، بەڵام من لەگەڵ ئەوەشدا هەر وازم نەهێنا و بە دزی ئەوەوە پەیوەندی ڕێکخستنم دروست کرد کاتێک زانی پێی خۆش نەبوو بەڵام لەگەڵم دانیشت و ڕێنامیی کردم و پێی وتم کە دەبێ چۆن مامەلەبکەم و چیبکەم، یادی بەخێر پێی دەوتم تۆ لەو تەمەنە تەنها بخوێنەوە و لە هەموو بوارێک زانیاری پەیداکە و تاکو ڕادەی ڕۆشنبیریت بەرز بێت، بۆیە بوومە خوێنەرێکی باش و دۆستایەتیم لەگەڵ کتێب و خوێندنەوە پەیداکرد بەڵام بەهۆی ناکۆکیەکانی ناوەخۆی حزب و وەرگرتنی هەڵوێست شەهید هەژار ماوەیەکی زۆر لە هەولێر دوورکەوتەوە تاکو ساڵی 1987 ڕۆژێک خەبەری بۆ ناردم کە لە شارە دەیەوێ بمبینێ، بۆ من هەواڵێک بوو پڕاوپڕ لە خۆشی و شادی، ئەوەندە بە پەلە چووم لە وانەیە کەمترین کاتم پێ چووبێت، لە هەولێر لە گەڕەکی موفتی بوو، کە چووم دانیشتم هەر چاوم دەگێڕا و ئەوم نەدەدیت چونکە بە تەنها لە ژوورێکی تر بوو،

بۆ ئەوەی کەس نەزانێ لەو ماڵەیە، پاش کەمێک وتیان بۆ لای هەژار هاتووی وتم بەڵێ، ئیتر ڕێنمایان کردم بۆ ئەو ژوورەی کە(شەهید هەژار)ی لێبوو، ئای لەو چرکەیە لەو ساتە لەو دیتنە پڕ حەسرەتە، ئەو ساتێ چاوم پیکەوت تووشی شلەژان و شپرزەیی بووم، دڵم لەخۆشیان خێرا لێیدەدا نەمدەزانی کام وشە دەرببڕم و چۆن ڕستە دروست بکەم و بیکەمە پێشەکی بۆ گفتوگۆ، ئاخر شەهید هەژارم بە مامۆستا و پێشڕەوی خۆم دەزانی کەم نەبوو کە دووساڵێک دەبوو نەمدیتبوو، بەهۆی شەڕی ناوەخۆ دەشتی هەولێریان بەجێهێشتبوو دوورکەوتبوونەوە، بۆیە ئەم دیتنە بۆ من جێگای باوەڕ نەبوو، دوای هەواڵ پرسین و چاک و چۆنی کەوتینە سەر باسی حزب و ڕێکخستن و بارودۆخی ئەو کاتە، ئەم دانیشتنە کورتە کە تەنها دوو کاتژمێرێکی خایاند بۆ من بووە جوانترتین یادگاری.

شەهید هەژار دێدەوانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و شاعیرێکی بە سەلیقە و بە توانا بوو، ئەو پێیوابوو هەموو کایەکانی ژیان دەبێت تەرخان ببن بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی خاک و نیشتامن، شەهید هەژار خاوەن فیکری پێشکەوتووخوازی و نەتەوەیی بێ وێنە بوو ئەو لە دڵەوە خۆزگەی بە شەهیدبوون دەخواست و دەیگووت :

به ئاوات بووم شەهید بم و

پلەی شەڕەف خەڵاتم بێ

وا شەهید بووم هەژارەکان

سۆسیالیستی ریگاتان بێ.

کادر و ڕۆشنبیرێکی ئەوەندە گونجاو و بە توانا بوو، جارێک بەس بوو لەگەڵت دابنیشێت و قسەت بۆ بکات، بۆیە لە گوند و لە شاریش خەڵکێکی زۆر لە ڕێگای ئەو پەیوەندیان بە حزبەوە دەکرد، زۆر باش لە بیرمە لە ناوەڕاستی هەشتاکان کەم گەنج هەبوو لە مەنتکاوە لە ڕێگەی (شەهید هەژار)ەوە پەیوەندی نەبێت بۆیە زۆرترین کاریگەری لەسەر ئێمە جێهێشت، هانیداین بۆ ڕۆشنبیری و خۆڕاگری و خەباتی بەردەوام لە پێناو خاک و وڵات، بە تایبەتی بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری چونکە باشرین شێوازی خەباتە، قەلەم کاریگەرترە لە چەک، یاد و یادەوەریت بەخێر شەهیدی هەمیشە زیندو، ڕێگا و ڕێبازت ئاوەدان.

## شەهید هەژار دێدەوانی... فەرماندە و شاعیر و سەرکردەی هەژاران

(حەیدەرمەنتک)

شەهید هەژار دێدەوانی هەر لە سەرەتای لاویەوە جیاوازتر لە هاوتەمەن و دەوروبەرەکەی بیرکردنەوە و ڕەهەندی نیشتمانی بە ئاراستەی نەتەوەیی دەیڕوانی، زوڵم و زۆری ڕژێم وای لە هەژار دێدەوانی کرد هەستی کوردانەی بخاتە خزمەت خاک و نەتەوەکەی، تا گەلەکەی بە ئاسوودەیی و ئازادی هەناسە هەلمژێ و کورد نەبێتە داردەستەی ڕژێم.

هەربۆیە لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ساڵی1977پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دەکات و لەناو شار ڕۆڵ دەبینێ، هەستی خاکی بوون و سادەیی و هەژاردۆستی بۆ برا جوتیار و لادێنشینەکان بەردەوام لە هزری دەخولایەوە، لە کردارەکانی هەمیشە ڕەنگی دەدایەوە، ئەو مرۆڤێکی هەست ناسک و پاک و بە ئەتەکێت بوو لە ڕووی گفتوگۆ، پێشوازی، میوانداری و سەردان و بەسەرکردنەوە.

لە بواری سیاسی ئەو کادرێکی بە ئەزموون و گوێگر و خوێنەرێکی بەردەوامی ڕادیۆ و پەرتووک و گۆڤارەکانی ئەوێڕۆژێبوو، بەردەوام لە کۆڕ و کۆبونەوەکانی تازەترین بابەت و هەواڵ و وشەی مۆدرێنی دەخستە ناو وتەکانی، لەڕووی کۆمەلایەتی (شەهید هەژار) هەتا بلێیپێشمەرگەیەکی بە پەیوەندی و تێکەڵ بوو لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و نزیک بوو بە ئاراستەی چارەسەری کێشە

کۆمەلایتیەکان و قسەی خێر بۆ نزیک بوونەوەی ئەوانەی کێشەیان لە نیوانیان دروست دەبوو.

لە ڕووی عەسکری و پێشمەرگایەتی زۆر بە دسپلین و گوێڕایەڵ و دڵسۆز بوو، یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی ناو ڕێزەکانی شۆڕش بووە پێشمەرگەیەکی هێمن، چاونەترس، ئازا، بە دیقەت و ورد، نهێنی پارێز، دەست و دەم و داوێن پاک.

لە ڕووی ڕۆشنبیری و فکریەوە پیاوێک لێوان لێو لە زانیاری وبانگراوندێکی هۆشیاری سەردەمی، شاعیر و نووسەرێکی هەست ناسک و قەلەمێکی کوردانەی پاک، هەژار دێدەوانی چەندین شیعری نیشتیمانی و کوردانە و دڵداری هەیە، کە لە نامیلکەیەک بە ناوی (ئەستێرەی دێدەوان) چاپ و بڵاو کرایتەوە.

جیگای خۆیەتی بلێن لەماوەی پێشمەرگایەتی بە ڕێزبەندی و شایستەی خۆی پلەکانی حزبی و پێشمەرگایەتی بڕیووە، لە کادری سیاسی تا فەرماندەی هێز، لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕ و داستان و چالاکی ناو شاری کردوە، لەکاری ڕێکخراوەیی ناو شاریش لە ناو قوتابیان ناوبراو ڕۆلی گرنگ و بەرچاوی بینیووە واتە کادرێکی دیار و حساب بۆ کراو بووە لە ڕێزی ڕێکخستنەکانی ناوشار.

بەداخەوە خەون و خولیای ئەم سەرکردە خاکیە نەگەیشتە دوا لوتکە و بەچاوی خۆی ئازادی و ڕزگاری کورد و کوردستان ببینێ، لە شەڕێکی دەستەویەخە و ڕووبەڕووبوونەوە لە دەڤەری بادینان لە ناوچەی (شیلادزێ) گوندی (شیف چنارک) شەهید دەکرێو دەگاتە کاروانی نەمرانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەژار و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

ژیاننامەی شەهید

ـ ناو: محەمەد حەسەن عومەر
ـ ناسراوە بە: هەژار دێدەوانی
ـ ساڵی لەدایکبوون: 1958
ـ شوێنی لە دایکبوون: گوندی کانی بزرە/ ناحیەی قوشتەپە/ قەزای بنەسلاوە ـ پارێزگای هەولێر.
ـ ئاستی خوێندن: دواناوەندی/ شەهید لە گوندی کەردز دەخوێنێ‌و دواتر لە هەولێر ئامادەی کشتوکاڵ تەواو دەکات.
ـ باری خێزان: سەڵت
ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن : 1977
ـ ساڵی پەیوەندی بە پێشمەرگە: 1980
ـ لە ساڵی1982 کراوە بە ڕابەری سیاسی.
ـ لە ساڵی 1984 کراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی دەشتی هەولێر.
ـ دوا پلە: فەرماندەی قوەی سفین بووە لە ڕیزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
ـ ڕۆژ و مانگ و ساڵی شەهید بوون: 29 ـ 5ـ 1987 کاتژمێر (حەوت و بیست دەقیقە) ی ئێوارە
ـ شوێنی شەهیدبوون: شیلادزێ‌ـ گوندی (شیف چنارک)

شاعێری قەڵا

## شەهید هەژار دێدەوانی*

1987–1958

گۆشەی ئەم جارەمان شاعێر و پێشمەرگەی شەهید (محەمەد حەسەن عومەر) ناسرواو بەهەژار دێدەوانی، لەساڵی 1958 لەگەڕەکی سەیداوەی شاری قەڵای خۆڕاگر چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەتەمەنی چوار ساڵی لەسۆزی باوکایەتی بێبەش دەبێت، دایکی ناچار دەبێت ماڵەکەی بگوازێتەوەبۆ گوندی (کانی بزرە) کەدەکەوێتەسەر ڕێگای قوشتەپەکۆیەلەبناری چیای دێدەوان، تا لەژێر سیبەری خزمەکانی جگەر گۆشەکانی پەروەردەبکات، لەساڵی 1966دەچێتەگوندی کەردز بۆ خوێندن، پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەوێ تەواو دەکات، لەبەر دەستکورتی و ڕێگا دووری ناتوانێ لەوێ بەردەوامبێت، لەساڵی 1967 دەینێرنە هەولێر و بەخانەی نەوجوانانی ئەسپێرن، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەهەلێر و ئامادەیی کشتوکال لەئاسکی کەلەک تەواو دەکات.

هەژار زۆر حەزی لەژیانی دێهاتی و پیکەوەژیان لەگەڵ پاڵەو جوتیاران دەکرد، بۆیەنازناوی (هەژار دێدەوانی) بۆخۆی هەڵبژارد، پشووی هاوینانیش ڕووی لەگوندەکەی (کانی بزرە) دەکرد و تا لەوێ لەنێو سروشتی جوان و لەگەڵ ئازار و ژانی هەژار و زەحمەتکێشانی

گوندەکەی بژیت و لێیانەوەنزیک بێت، ئەوانیش هەژاریان زۆر خۆشدەویست.

کاتێ پەیامی مژدەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەشاخەسەرکەشەکانی کوردستان لەساڵی 1976ڕاگەیاندرا، گڕێکی بلێسەداری خۆشەویستی پیرۆز لەدڵی هەژار کلپەی کرد و گۆڕانێک بەسەر هزر و بیری هەژار داهات و هەر زوو پەیوەندی کرد بەڕێکخستنەکانی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)، کاتێ ئامادەیی کشتوکاڵی لەساڵی 1980 تەواکرد یەکسەر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەکرد لەدەشتی هەولێر، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی لەساڵی 1983 کرا بەکادیر، لەژیانی پێشمەرگایەتی چەندین پلەی کادیری و فەرماندەیی پێشمەرگایەتی بینیوە، دوا پلەی فەرماندەی (قەوەی سەفین) بووەلەنێو هێزی پێشمەگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

شەهید هەژار جگەلەئیش و کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی کەبەشداری چەندین داستان و نەبردی کردووە، وەک داستانی سێ کانی و ترپەسپیان و شێلادزێ و ڕۆڵی فەرماندەی تیا بینیوە، شاعێر و نووسەر و ڕۆنامەنووس بووە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووەلەم بوارەوە، لەگۆڤارو بڵاکراوەکانی شۆڕش سەردەمی شاخ وەک (دەنگی پێشمەرگە، سۆیالیست، پێشکەوتن، ئاڵای ئازادی، دەنگی لاوانی کوردستان، خەباتی قوتابیان) و زۆری تر بەرهەمەکانی بڵاوبوونەتەوە.

هەژار دێدەوانی لە1987/5/ لەداستانەکەی شیلادزێ کەدەکەوێتەبناری چیای مەتین لەهێرشکدا کەخۆی سەرپەرشتی و فەرماندەیی دەکرد شەهید دەکرێ و دەگاتەکاروانی سەروەری شەهیدانی گەل و نیشتمان.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید هەژار دێدەوانی و گشت شەهیدانی کوردستان.

ئەمەش نمونەیەک لەشیعرەکانی بەناونیشانی (سروودی شەهیدان).

پێشمەرگە بووم
چەکی شەرف تێکۆشانم
کردبووە شان
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێش و
چەوساوەکانی کوردستان
بە ئاوات بووم شەهید بم و
پلەی شەرف خەڵاتم بێ
وا شەهید بووم هەژارەکان
سۆسیالیستی ڕێگاتان بێ.

---

* ئەم بابەتە لەژمارە (9) ی ئازاری 1992ی گۆڤاری قەڵا بڵاوکراوەتەوە.

## خۆری ئەم هەژارەشمان ئاوا بوو

شیعری ڕێکان*

بۆگیانی شەهیدی نەمر (هەژار دیدەوانی)

ئێوارەیەو
میلی کاژێر لەتەکانە
کات، مانگی هەلچوونی خوێنە
مێشک و بیری
چەوساوانی شار و لادێ
شارەزەردەواڵەی قینە
لەخرۆش و ورووژانە.
ئێوارەیەو
لەهیکەوەهەواڵێکی کۆستی ناوەخت
پەیامی یاخییەکان
پەخشکرا،
هەڵۆیەکی هەڵمەتبەری
کێوی سەرسەختی دیدەوان
شەهید کرا.

* * *

هەڤاڵەکەم

کاتێ مۆری گوللەی ڕەوات

دەدا لەبەرۆکی دوژمن،

کاتێ شاڵاوی پیرۆزت

دەکردەسەر فاشیستەکان

بەنیازی مۆڵگەگرتن،

هەر لەو کاتە

وشەی پیرۆز

دادەڕژانەناو دەروونی

پێنووسی داستان و تۆڵە

شاکارێکی کۆڵنەدانت دەهۆنیەوە

بۆ ئەو پێشمەرگەشەهیدەی

تا گیانیدا لەسەنگەرا

سوێندی دەخوارد

بەڕەوەز و لوتکەو نەواڵ

بەمشتێک لەو خاک و خۆڵە

هەر پێشمەرگەو چەک لەشان بێ

بۆ ڕزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان

بیری بەرزی سۆسیالیستی

سەرمەشقی هەموو کرداری

تێکۆشان بێ.

* * *

هەڤالەکەم

لەکاتێکا بەجێت هێشتین

داڵەچنگ بەخوێنەکانی

کۆشکی پاشا

مەرگی بەسەر شار و لادێ

دابەشدەکرد

گەرمەشینی بۆ ساز دەداین

سەرجەم واری لەهەش دەگرت.

کەجێت هێشتین

دەشتزانی لەکوردستان

خوێن بارانە

گڕ بارانە

ئەوەی تەنها ناوی نەبێ

بەئاسوودەیی ژیانە.

دەشتزانی

ڕۆژێ دەیان(جێرنیکا)ی کورد

تەخت دەکرێ

ناخی زیندووش قۆڵ بەست دەکرێ

مافی مرۆڤ

کەڕ و لاڵە

ئەوەی تەنها لەکوردستان

باسی نەکرێ

لەداردانی بەکۆمەڵی کوڕ و کاڵە.

هەڤاڵەکەم

وێردی هەموو سات و دەمت

هەر ئەمەبوو

(زەحمەتکێشان پەیمان دەدەم هەتا مردن

پێشمەرگەبم لەسەنگەری تۆڵەسەندن)

* * *

هەژارەکەم لەبارەگای سەربەرزیدا

(سەلاح)ەکان پێشوازیت لێدەکەن و

پێشت دەڵێن

سۆسیالیستی ئێستاش گڕە؟

پێیان بڵێ

بەڵێ ئێستاش هەر دەسووتێ و لەسووتانە

لاوەکانی هاوڕێبازت

لەداوەتی مەرگ بەخشینی سەربەرزی

تێک چرژانە.

ئەی هەڤاڵی خۆشەویستی

سۆسیالیستم

دڵنیابەمردن دەمرێ و تۆ نامری

تۆ هەر (هەژار)ی پێشمەرگەی

ژوان لەگەڵ هەتاو دەگری و

دەست لەپەلاپیتکەی تفەنگ

لەسەنگەری.

هاوبیرەکەم

لەدوا جارا

پەیمان بەم خوێن و

بەم خۆڵە

قوتابیتبم

لەسەنگەری مەرگ و تۆڵە.

1987/6/27

* ئەم شیعرە هی نووسەر و شاعێر (ئیسماعیل تەنیا)یە 29 9ڕۆژ دوای شەهیدبوونی هەژار دێدەوانی نووسیویەتی و بۆ گۆڤاری (پێشکەوتن)ی ناردووەو بەناوی (ڕێکان) لە ژمارە (4) بڵاوکراوەتەوە.

# ئـــــالا*

(ئاکۆ ئاکۆیی)

(بۆ شەهید هەژار دیدەوانی)

هۆ هاورێ گیان
لە نێو ئەم دڵە بچکۆڵەکەمدا
ئالایەکی خنجیلانە
بە قەد مەزنی نیشتمان
بەرزی ئاسمان
بۆ پیرۆزی زام و خوێنت دەشنێتەوە.
بە ئاواتم و
تێدەکۆشم لە ڕێگاتدا
ئەم ئالایە
ڕەنگ خوێنینە
لەسەر دوندی چیاکان و
ماڵانی وڵاتی خوێن و ئەویندا
بە گەورەیی و بەرزی خۆیدا بشەکێتەوە.
1988

* لە ژمارە(124)ی ئالای ئازادی بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم
# شیعرەکانی شەهید هەژار دێدەوانی

# بۆ کچە کوردێک

شێت و شەیداتم ئەی گوڵ ئەزیزم ڕوحمێ بکە
سێدارە هەڵمەواسە دڵ زوخاوە وا مەکە
بەخەنجەری ژەهراوی ئاخ و ئۆفم پێ مەخە
ئەگەرچی لاوی کوردم، کچە کورد داخم مەکە
مەمکوژە ڕاوم مەکە بە تەمای ماچێکم بکە.

1974/3/1 نەوجەوانان

# گوڵ

شێتو شەیداتم ئەی گوڵ
ئازیزم ڕوحمێبکە
سێدارە هەڵمەواسە
دڵ ڕوخاوە وامەکە
بەخەنجەری ژەهراوی
ئاخو ئۆفم پێمەخە
ئەگەر چی لاوی کوردم
کچە کورد داخم مەکە

هەولێر – شۆڕش/ 1975

# هەژارێکی بێ بەشم

نازانم بۆ من بێ بەش بووم
ئەستێرەی هیوام زوو ڕژا و
مانگ لە چواردەبوو کە گیرا
چارەڕەش بووم
لە تیشکی جوانی و گەشدا
بووم بە بەری سێ ڕوو
دڵشکاوبووم
نازانم بۆ...
باش ئەیزانم
چونکە کوردبووم .
لە جۆخینا
ڕەوسە سوور بوو
من فەرمانم بەرنەکەوت
لەچەقەی گەرمای هاوینا
لەرزم ئەگرت
لەکاتی شۆڕشکردنی زگی برسی
دڵی من بوو...
لە لەتێ نانی ئەی پرسی.

1976

## زەردەخەنە

لەدڵی بۆن و بەرام ڕامام
تا سەرخۆش، زوو هەستی پێکرد
ئەو قەنەفرەی بۆنم دەکرد
مەستی نەکرد
گوڵ و ڕەیحانی تاکە دڵ
ڕووگرژی کرد.
پەیتا پەیتا ڕشتری کرد
لاوانەوەی نێرگزی پەست
لەخشتەی برد
بەڵام لەناخی ئەو دڵەی کە ژاکاوییە
دیاریەکی بێ تامەزرۆ
کەنەفت تام سۆ
بۆم دیاری یە
کەچی! ساڵانەی بەندی مە
دڵ پەشێوە و ئێجگار تەمە
چاوەڕێی چیم ؟
زەردەخەنە!
بەزەردەخەنەت وەک بولبول شادم
لەباخی بەهەشتبم بێ تۆ بێ مرادم
دووا هەناسەمە
خۆشەویستم چارێ
بڵێ بەڵێ تەنیا جارێ.

گوندی دوو شیوان 1977/2/8

## نەخۆشم

نازە بەسە تۆزێ وەفا بنووێنە
بۆ تۆ دڵ بریندار و داماوم بێ وێنە
شێت و شەیداتم دەناڵم دڵم پڕ خوێنە
لە دەریای خەم تا نەخنکاوم دەرم بێنە
کە ناپرسی لێم چۆنی؟ توخوا دڵم مەشکێنە
هەژارم ئاراستەم کە؟ ماچی لێوت هەنگوینە
لەت لەتە دڵ جگەر زامداری تیرتە
تاکەی دڵ ڕەقی ناپرسی هەتیو چیتە؟
نەپشتم دێشێ نەچاوم کوێر و تاریکە
تەنیا جارێ بە خۆشەویستیم بانگ کە.
1977/2/27 کانی بزرە

## یادی نەورۆز

کاوەی گوردی کورد...کوتکی ڕاوەشاند
زووحاکی تۆپاند سەری هەڵکەناند
بەم بۆنەوەیە مەشخەڵی ئاگرین
هەڵئەسێ لەگشت لوتکەی کورد نشین.

* * *

تاکەی بکێشین دەرد و ئازار و ئاه بێ وچان
نەورۆزە، نەوەی کاوە بەیەک دەنگ بۆ مەیدان
سەرێ بۆ سەربڕین سێدارە و زیندان نەبێ بۆچی یە؟
کوردە تۆڵەتە تاکەی ئەم ڕیسواییە و دیلی و ئەم ماتەمە
بۆ هەڵنەستین نەبینە پشکۆ و بە دەنگ و هاوار
بۆ نەبینە گڕی نەورۆز بۆ ڕوناکی گشت دێ و شار.

1977/3/20 مەنتکاوە

## داو

ئەزیز هەرچۆنێ ئەمخەیتە داوت
وەرگرە تکام مردووم لە تاوت
زوڵفی لاوە لاوە و ئەگریجەی خاوت
لادە با تۆزێ سەیرکەم چاوت
پەری نزام کە بمخەرە داوت
مەدە بە بەدکار دۆستی داماوت

1977/4/25 هەولێر

# ڕێبوارم

ڕێبوارێکم ڕێگام پڕ لە نەڕە دێوە
داشە هارەم من لەو کێوە
کە هەزار گورگ و ڕێوی و جەردە
بەدوام سەر دەدەن لە بەرد دا
بەڵام منی داشە هارە
ڕێبوارم لە نەهاتەوە
بۆ ئەو هاتەی کە دڵدارە
ئەویش وەک من پشت شکاوی
چینێکی تری زۆردارە.
جا سەدان داو و تەڵەی تریش
نە من دەستگیریان دەبم و
نە واز لە ئازادیش دێنم
کەچی هیوام لە زیندان ونە
ڕێگا سەخت و دڵ تەزێنە و
کاروانیش بەم شەوەزەنگە
بەخۆزگەی سپێدەی بەیانی
بەتەمای کۆچ بارکردنە
بەرە و هەموو کونج و کونی
گەزەنگ بدات  زەنگوڵ زەنگوڵ
لەگشت شار و هەموو لادێ
کە دڵداری لێی تاوانە

بڵێین ئازادی بەخوێن سوورە
لەهەژارەکان میوانە
بەم زووانە
لەهەر شوێنی زۆردار هەبێ
لەوێوە ئاگری شۆڕش هەڵدەبێ

مەنتکاوە1977/5/23

# دڵی شکاو

بەڵێ لە بن...
ئەم سواندە و کوندەرانە
جێی ژوان و ڕازی دڵی ئاشقانە..
ئالەم دیلە و دڵدارانە
کە هاتمو تۆ نەهاتی...
جێی سەرسوڕمانە
بەلام گیانە...
مەڵێ کوڕە چەوساوەیە و دڵی شکاوە
نەزانە و موو دەپسێنێ..
ئاگام لێیە زۆر بێ وەفایت...
سەد جاری دی دڵ بشکێنی..
ئازەی نەشمیل تەمام وایە..
تەنیا جارێ بمدووێنی..
بمدووێنی و نەمدووێنێ
هێندەی دی دڵم بشکێنی
پەت لە ملم، زنجیر لەدەستم بخووسێنی
لای من وایە
ئەلقەی خۆشەویستی پێم دەبەخشی
دیاری و جەژنانەم بۆ دێنی
هۆ ئازە گیان
تاکەی وابی و تەبا نابی؟

پەیکەری زێڕینتم تاشی و
لەدڵمدا هەر دەمێنی
خۆ لە بیرتە کە ئەتووت
(بەو بەرە تەونە)
کە هی عەیشێ و فاتمە
دەستم زی و نیلە و زێڕی دەبڕی.
1977/11/13 گوندی کانی بزرە

# مەی

غەم دەم خوات پەژارە میوانمە
ساقی ڕووم تێکە مەی دەرمانمە
کاسەکەم بۆ پڕکەوە تا بڵێم شاباش
شێخ نیمە تا سەیری ریشم کەی باش
بۆ خڕی مەمک پڕ شێواو و پەستم
مەی گێڕ لەم خەستە بێ نەیا هەستم
هەر دەی خۆمو خواردنەوە دەی خۆمەوە
گوڵی وشکیم پێی دەگەشێتەوە
ئەڵێی بۆ دەگری فرمێسک قەتیس ماوە
دیلی دیلم و مەی پڕ لە ئاوە
ئازیزەکەم وتت پەیمان یەکجاری
ئەڵێی مەی ژەهرە بەبێ ئینکاری
کەی دەستت هێن او خستتە ناو دەستم
لەگەڵ مەی ئەوسا ئەپچڕێ هەستم
کەی سەیرت دەکرد دەم و چاوت هەڵێنا
ئارەقی هەڤاڵم دوژمنی خوێنە
کەی جووتە مەمکت بۆم کرد بە دیاری
ئەڵێم مەی پیسە هەروەک شیربایی
کەی وتت فەرموو ماچ کە ئەم خاڵە
مەی حەرامە لێم چارم ناچارە

1977/12/4 هەولێر

# تکا

گوایە وایە...!
ئەڵێم منالَە هەتیوەکان
لەبەردەم دادگا
تکاکانیان وەردەگیرێ
بەڵام منی هەتیوی هەتیوخانە
بە ڕۆژ و شەو دوعا دەکەم
نزاکانم وەرناگیرێ
ڕاپۆرتە خوێناویەکانی باوانیشم
لەبەر دەرگای بێدادی ئەوان
فڕێ دەدرێ..
ئەڵێن بڕۆن بی دڕێنن
گشت ڕاستیەک بسوتێنن .

1978/2/29

# دڵ واس واسە

دڵەی واس واسم لەناکاو
لەو لادێیەی کە ملداره
باڵی گرت و بەتاو فڕی
خۆی چەوساوە
بەدوای کچە چەوساوەیەک
چەندین بەرزی و شاخی بڕی
لەکاتی لەنگەر گرتنما
لە نزمترین لوتکەم ڕوانی
دیتم ڕازێکی جوان و گەش
ڕازاوەبوو دڵگیر سەرکەش
مەستی کردم ئەم دیمەنە
دڵیشم ئێجگار گەرمە
بەڵێ نە خەیاڵە و نە خەونە
دەنگێ دەهات بە سۆز بە جۆش
شمشاڵی شوان کردمی بێ هۆش
قاسپەی کەوبوو بولبول دەیخوێند
نەمدەزانی کە دەڵێن پێم
گوایە ئێرە دێدەوانە
ئەم گوڵزار و باخە جوانە
جێگای ژوانە
ژوانی شەهیدانی کوردستانە.

جێگای چەوساوەکانی دوێنێ و
جێگای لەیلا و حەپسەخانە
ئەوسا وتم داری خۆزگە بهاتبایە بەر
ئەلێرەدا منی هەژار و چەوساوە
هێلانەی ژینم  چێکردبا
جێی ڕاموسانم خۆشکردبا
جێگای ژین و ژیانم با.

گوندی کانی بزرە 1978/5/22

# دیاری

ئەزیزەکەم چیت ئەوێ لێم
لە منی چەوساوەی هەژار
لە منی کرێکار و سەپان و شوان
لە منی دەست بەسەر و دەست لە ئەژنۆ
لەمنی ناو چاڵ و
خواردنی چنکێ نانی جۆ
لە منی شاعیری هەژار
تێکۆشەری ڕێی سەربەخۆ
لەمنی فەرهەنگ دڕای سنور دابەشکرای پڕ سۆ
هیچ شک نابەم ئاراستەت کەم گوڵەکەم
بێجگە لە شیعرێکی بەسۆز
بتهێنمە سەر ڕێی خەبات
پێکەوە تێبکۆشین
بۆ نەتەوە و بۆ وڵات.
1978/6/2

# شۆخی شیرن

ئەی ئەو شۆخەی..
جێگات سەختو بێ سنورە
گێژەلوکەی نەگبەت بەدووات
واڵە سورە.
تیرت دڵمی زامدار کردووە
ڕێگات دوورە.
گەرچی پڕ لە کەند و کۆسپە
لا ڕازی ترسناک و
بەخوێن سوورە.
دڵەی نەزەرگا و پەرستگام
حەشاردراوەی پۆڵای نوک تیژ و تووتڕکە
درک و قونجرکەی زوورە.
منی پەپولەی باڵ ناسک
بۆ گەیشتنت، دڵم سوورە.
وەک کڵ بۆ چاوی کاڵ
خەیاڵی شەوی درێژی پڕ لە لەرزین.
لەگەڵ خەونا..بۆ ئەو کچەی بوو بە پەرژین.
شۆخی شیرین
بێ شیلەی تۆ ساتێ ناژیم
ئەوسا گیانە مەرامم لەگەڵ ئاواتم.
شۆڕش کردن و خەباتم.

بۆ نەهێشتنی
تاڵی و تفتی لە ژیانە
ئەو ژیانەی لە دڵی دا..
سەرفرازی و بەختەوەری لێ میوانە
ئەم سەدە سەرگەردانە
بۆچی بۆچی بۆ تاوانە؟
چونکە دڵداری ئێمە، ئێمەی هەژار
هەر کوردستانە!

1978/6/28مەنتکاوە

# بەکرۆکە

هۆ هۆ کچە نازدارەکە
تۆم خۆش دەوێ
کە بە کرۆکە دەڵێ شێتە
کچێ نەکەی بە شێتایەتیم یاری بکەی
بۆ نازانی نهێنی گرە
کوشتەی هەزاران دڵداری
وەک ئێمەیە
درک دەڕوێنێ
لە نێوانی ئێمە
ڕاستە شێتم
شێتی شیعری مام هێنم
شێتی سنورە دەستکردەکەی
پارو پێراری دووژمنم..
هۆ هۆ کچە بەنازەکە
تۆ هەر نەهاتی شەوێ
ئاوی بن پێیانم چوو
سۆمایی چاوم کەوت
تۆ هەر نەهاتی..
بەڵام ئەم دڵەم شێت و گێژە
داناکەوێ
کچێ بۆچی وا خەواڵ و

خۆت کردە کەڕ
داوای ماچێکم لێ کردی
وتت بەدفەڕ
هۆ هۆ کچە نازدارەکە
گوایە ئەڵێی من ناتناسم
کوا ناسنامەی ئا ئەم باسە؟
بەکرۆکەیە تاوان بارە..
نا ئاغا نیم
هەرچەندە بڵێی لاسارە
من کرێکارم
دۆستی ڕووت و برسیەکانی هەموو شارم
کە بەکرۆکە دەڵێ درۆیە
ئاخۆ ڕاستی ئەو نەفامە
کا شکا نەتزانی خۆش باوەڕ
گۆمکی گۆپاڵی کام شوانە

1978/8/8 مەنتکاوە

# له نه‌ورۆزدا

تاریکەستان لە کوردستان تەم و ماتەمی وا رەوایـــەوە
گوتی ملمان پساو زنجیر زنجیر بە بازووی کاوە کــــرایەوە
ئازادی کە لە زیندان بوو بووە مەشخەڵ گـــەڕایەوە
ئێستاش بڵێسەی ئاگری خەبات نەکوژایەوە
بێ شک ئازادی نەبەخشرا و سەندرایەوە و بوژایـــەوە
ئەژدەهاک و خوێن مژەکان جەرگیان سوتا و تووایـــەوە
دڵداری کە ئەفسانە بوو لەگەڵا نەورۆز ســــڕایەوە
گوڵ و بولبول کە داماو بوون لەگەڵا مژدە گـــەشایەوە
لەگەڵ نەورۆز هیوای ون بوو لە دەمی ڕێوی دۆزرایـــەوە
برای کورد جەژنت پیرۆز بێت نەورۆزیش وا گەڕایەوە

1978/9/29

# هەنگاو بەرەو گێتی ئازاد

بەفر عەشقی لوتکەی بەرزە
دڵداران،
دەگرن ڕێگای سەخت و هەڵدێر
بۆ ماچێکی کوڵمەی یاری تازە

* * *

ڕووگەی ڕاستی و گەل پەرستی
پەرستگامە...
دەنگی گێتی ئازاد
ئەگەرچی لە زیندانە
بەڵام تیرە بۆ دڵە پیس پیسۆکەکەی
دووژمن و نەیارانە

* * *

دەنگی هەڤاڵانی ڕێگای ڕاستو
قەدی چیا
بووبە گڕی ئاگرێ
با و بارانی ئەوان
با بێ و چەند بە هێزبێ
هەرگیزا و هەرگیز کپ ناکرێ

* * *

چونکە بە خوێن نەخشاوە
خوێنی کوڕە و کچ تێکەڵاوە

به فرمێسکی سەدەها
دایکی زگ سوتاو ئاو دراوە
* * *
ئەگەرچی بومەلەرزەی هەزار تەرزە
بۆی لە ڕاوە شێوی تەزرە
بەڵام نازانم تا ئێستا
کامە دەنگە تۆقاندراوە
فرمێسکی چاوی کام ترسە و ڕژاوە
ئاخۆ چ هەنگاوێکە
ڕوو لە دواوە
ئازادی گەر بەخوێن نەبێ کەی بەخشراوە؟
1978/10/20

# منالّی و لادێکەمان

که مندالّا بوم ئەم وت دایه
ئەو ئاسمانه چەند گەورەیه؟ چۆن وەستاوە؟
دەی وت ڕۆڵه بۆ نازانی کاری خوایه.
کاتێ که فڕۆکه گڤەی دەهات
بەسەر لادێکەمانا...
بوو به گرمه و دووکەڵ هەستا...
خۆ کەپرەکەی منالّیشم سوتا..
لەو کاته دەبووه هەرا
لەهەر چوار لا
سەیری جۆخینم دەکرد
خەرمانەکەشمان گشت دەسووتا
که سەیری ئاگرەکەم ئەکرد
فرمێسک لەچاوم قەتیس دەما..
ئاخۆ تێنوەکان
قومه ئاوێکیان پەگا.
1978/11/8

# مژدەی خەونێکی بێ ئەنجام

که مانگ ئەسرینی رشت
تێر و پڕ و مشت..
بەقەد ئەو چاڵەی کە بەخوێنی سوور
نەخش‌و نیگاری کوردی دادەڕشت
لە شۆستەکانی شارە خنجیلانەکەما
لە ڕێی هەوراز و نشێوی دێیە کەما
بوو بە ئاوێنە
کاتێ سەیرم کرد و
تاوان و ڕووی ڕەشی
زۆردارانی تیابوو
لەپڕ ئەستێرەکان ئاوی چاویان
بە گوڕ لێشاوی هێنا..
بۆ ڕامالینی دەرەبەگەکان
بۆ گۆمێکی مەنگ
ناو زلکاو
چروکە و قیژەیان
خەندەی ئەبەخشی بە لێوی منداڵ و
مژدەش زەنگوڵ زەنگوڵ
بۆ هەژارەکان ئەباری..
کە زەردەخەنە لێشاوی بۆ لێوەکانم هێنا و
مەلی ئاشتی کەوتە فڕین ڕاپەڕیم!!
ئەوسا وتم خۆزگە خەونەکەم ئەهاتەدی...

1978/11/20

## کە مەڕ دەزێ

تینو برسی و هیلاکیم..
هەرگیز ناڵێم گرانیە و
لە بیابانی وشک و برینگم
بەڵام کاتێ کە مەڕ دەزێ
لە زستانا
لە لوتکەی بەرزی کوێستانە
ئەگەر بەرخەکە نێریش بێو
فرچک نەدرێ، بەڵێ بەڵێ فرچک نەدرێ؟
کێ هەیە بڵێ
ئەم بەرخە ئەژی و نامرێ؟ .
1978/12/7

## ڕەشەبا

کە ڕەشەبا ویستی بێت و هەڵم گرێ
لە ڕێ و ڕیشەوە
ڕەگم دەربێنیو
بۆشای ببا تا بیسوتێنێ
ئای کە ڕوو ڕەش بوو
بڕیاری دابوو تازە ڕێبوارە
لەبرسان ئەمرێ؟ گوایە هەژارە
نەیزانیوە کە ڕەگ و ڕیشەم
زۆر قوڵ تر و پتەوترە
لە شاخەکانی ئەم بنارە . 1978/12/8

# بڕیار

ئێسکەکانم بڕیاریان دا ببنە چەقۆ
وشەکانم بوون بە هەسان
دڵەی شێتی هەژارەکان
پرسی بۆچی؟
شیعر وتی
بۆ سەربڕینی
تابلۆ ڕەشەکانی دوژمن
بۆ نازانی دڵی نەورۆزی چوار پارچە کرد!
ئەوسا بە تیر
هەر چواریانی خۆ کون کون کرد
نەیانزانی کون کونەکان
بۆ گەلی کورد ئەبنە کانیاو زوو دەست وبرد..
نەیانزانی زامەکان
دەبنە کێڵگە و بەیار
داری ڕابوون چرۆ دەکا
دەبنە وزە بۆ مەشخەڵ
ڕێگای خەبات ڕووناک دەکا

1978/12/15

# مژده

بەڵێ دوێنێ ئەستێرەکان بە گریان‌و
هەناسەی ساردی شەوەزەنگ
فرمێسک لە چاو قەتیس مابوو
نەوجەوان، پڕ بە بێ دەنگ
لەناو بێشکەش هەرێنجی گریان و ماتەمە
غەم لێشاوی شادی هاڕی و کردی بە تەم
پەڕەی گوڵیش کەوتە بەرپێ
ونجڕ ونجڕ، ونجڕ کرا
باخەوان کۆچی دوایی کرد
خەمێکی تر جامی پڕکرد
بگرە مانگیش بەدەم نوسکەی پڕ لە تاسەی
سەرە ڕێگای سەرەمەرگی پێشان دای
کوردەواری هەستێک بوو
وەک تەزو
بە جەستەتدا هەڵزەنا
مەشخەڵێکت گرتە دەست و
ڕاوی شەوەزەنگت نا
لە چیاکان مژدە درا
ئاگری شۆڕش هەلکرا.

1979/3/4

## ئاواتی ون

هەرچەند دووربم تەمام پێتە
دڵسۆزی من خۆشەویستی تۆ
ڕێبوارێکە و لە رێگەتە
مەڵێ درەنگە و بەجێ مایە
بەو سەرمایە..تۆفانیشەو
زۆر برسیتی چنچکە نانیشی لا نەمایە..
بەڵام گیانە
بۆ سەرکەوتن بە ڕێچکۆڵەی برژانگتا
بۆ دلۆپێ ئاواتی ون
ڕێگەی نەهات کەڕەتێکە..
با بگلێم لەخۆر گەوزم
بەڵام مەرج بێ هەڵبستمەوە
ئەو ڕێگایەی کە گرتوومە بیگرمەوە
تا بەماچی هەڵپاچراوی ئازیزەکەم
تێر تێر بمەوە
بە دلۆپێ ئاواتی ونیش
شاد ببمەوە، شاد ببمەوە .

1979/1/22

## نەورۆز

تاکەی بکێشین ئەشکەنجە و ئازار و ئاخ بێوچان
نـەورۆزە نـەوەی کـاوە بـەیـەک دەنگ بۆمـــــەیدان
ســەرێبـۆســـەر بـڕیـنو زیـنـدان نـەبێبۆچییە؟
کـــــوردە تۆڵەتە تاکەی ئەم دیلیو ئەم ماتەمییـە؟

1979/3/21

## بووکەشوشە

منالێکی لادێ نشینی هەتیوو بوم
لەبیرمە
دایکم بەڕێ کەوت بەرەو شار
بۆ دەرمانچا و شەک رو وردەواڵەی ناوماڵ
بهێنێت بە کەروبار
هەژار و نەدار و بێ دەرەتان
دایە وتی بۆت دێنم
بووکەشوشەی جوان جوان
چاوەڕێ بووم لە ڕێی شاری
دایە بۆم بێنێ بووکە شوشە و دیاری
* * *
کاروان گەڕاوە بەرەو دێ
بە پیر کاروان چووم
کە بووکەشوشەم بۆ دێ
کاروان کپ و بێدەنگە
سیمای فرمێسکی گەشی کاروان چیەک
کزەی هێنا لە جەرگمان
بەهار پەیتا پەیتا بوو بەخەزان
* * *
پێیان وتم
دایە لە شار بەجێماوە

ئا ئەم بووکە شوشە جوانە
بە دیاری بۆ تۆ
بە ئێمەی داوە
لەلایەن ئەو دایکە پاکەی
کە لە کاروان بەجێماوە.
هاوار دەکرێت لێرە و لەوێ
خوێنی گەشی پێی نوسراوە
شۆڕش بکەن هەژار و برسی
بەسیە بێدەنگی و کوتنە خەوێ
بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکان
بێن و بچن بە سەربەستی
باوەش لە بووکەشوشە بدەن
ماچی بکەن بە بێ ترسی.

1979/4/12

## مەبەستمە

له باخچەی دڵی مەستمەوە
لەپەڕەی ئەوینی شیرینی هەستمەوە
جۆرەها گوڵ بڕوێنم
خۆشەویستی لە کوردستان بەرەو گێتی
وەک پەیام بە ڕێکەم.
مەبەستمە
له فرمێسکی چاوی زین
له ئارەقەی گەشی شیرین
له پاکی کچی کوردان بهۆنمەوە
ڕستێ خوناوکەی ژین
بەپەخشان و هەڵبەستمەوە
گڕی خۆشەویستی و سۆزم
بەمتمانە و پەیمانەوە
به کچە کوردی ببەستمەوە
1979/4/22

# نەورۆز ئەکەم

نەورۆز گەر بەپەرۆشی یادت نەکەم
دیاری جەژنانەت ئاراستە نەکەم
نەچمە سەرلوتکە و ئاگر هەڵنەکەم
یادی شەهیدان ڕەنگی سوور نەکەم
گیانی شیرینم گەر فیدات نەکەم
ئیتر بۆ کوردم، کورد شەرمەزار کەم

* * *

داوای سەربەستی نەکەم وەک کاکم
سەرم نەبەخشم لەپێناو خاکم
خوێنم نەڕێژم وەک خوێنی باوکم
یادی دایکم نەکەم کەشەهید بووە
بەرەو پیر نەورۆز دیاری بردووە
ئیتر بۆ کوردم کورد کەی وابووە

بەهاری 1980

لەژمارە(14)ی گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە بڵاوکراوەتەوە

# هەور

هەوری ڕەش بەس بگرمێنە
بەو هاوینە کاتی خەرمان و دروێنە
من ناترسم.. بەهەڕەشە.. مەم ترسێنە
نەشریقە و نەبروسک... نەمژ و تەم
ڕێم ون ناکات،
بگرە زیاتر.. زۆر بەگوڕتر
هانم دەدات
بەتین بەتاو
ڕوو لەشۆڕش... بەرەو هەتاو
هەوری ڕەشی پیسی چڵکن
چەند بەتاو بیت من ڕشترم
بۆمافی خۆم
وەک تۆ نیمە بەتاوترم
چونکە زەردەشت ناوی ناوم
لەکوردستاندا ڕوواوم
هەڤاڵێکی ڕاستەقینەی
گزنگ و تیشکی هەتاوم

خەرمانانی 1980

# کۆرپە

لەدایک بووم بەبێگەردی
کۆرپەی چینی زەحمەتکێش و
کرێکارێکی ماندووی کوردی
کەمامان هات ناوکی بڕیم
بەپەنجەی پیرۆزی ئەڤین
ناویان لێنام پێشمەرگەی ژین
لەهەمان کات فاشیستەکان
بێشکەیان لێ تێک شکاندم
مەمکی دایکیشیان هەڵبڕیم
سێدارەشیان بۆ هەڵواسیم
کاتێ‌پەتیان خستە ملم
گوتیان فرچکی گرتووە؟
دامە قاقا و خەندەی پڕقین
هەی گەوجینە بۆ نازانن
کۆرپەی کوردم، کوردستانیم

ڕەزبەری 1980

## سامان

دوژمن دەیخوات لەسامانم
هەرچیم هەبێ
لەخاکی بەپیتی کوردان
خۆی سەرپشکە!
بۆمنی هەژاری خانە خوێ
لەزێڕەکەم
ماری حەوت سەرە دوو پشکە
هەتا هەنگوین.. بۆتە ژەهر
ژەهرێکی کوشندە...
زمان بیگاتێگیان دێتە دەر
بەڵام گەردوون هەروا نابێ
ڕۆژێ هەر دێت سەرەو لێژبێ
لەم خاکەدا سەرنەگون و گومبێ.
ڕەشەمێی 1981

# هەڵۆ

(پێشکەشە بەشەهیدی قارەمان سەید سەلیم)

لەگابەردی سماقوڵی
خوێنی گەش ڕژا
هەندێگوتیان بروسک بوو
لەهەورێکی بەهار خزا
هەندێگوتیان ئەستێرە بوو
بەسەر (ئاوە گرد)دا پڕژا
بەڵام دەرکەوت...
هەڵۆیەکی سەر لووتکە بوو
بەگوللەی دوژمن
شەهید کرا..

هاوینی 1981

لەژمارە(20)ی دەنگی پێشمەرگە بڵاوکراوەتەوە.

# سرودی شەهیدان

پێشمەرگە بووم
چەکی شەرەف تێکۆشانم
کردبووە شان
بۆ ڕزگاری زەحمەتکێش و
چەوساوەکانی کوردستان
بەئاوات بووم شەهید بم‌و
پلەی شەرەف خەڵاتم بێ
واشەهید بووم هەژارەکان
سۆسیالیستی ڕێگاتان بێ

گەلاڕێزانی 1981

* لە گۆڤاری"دەنگی لاوانی کوردستان" ژمارە (7) ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان لقی سوریا بڵاوکراوەتەوە.

# وەڵامی نامەیەک

هۆ ئەو کچەی خۆشم دەوێی
بۆت نوسیبووم
تۆی سۆسیالست
کەی دێیتەوە کەی دێیتەوە
لێوم بەبێهەڵمژینت وا بەبارە
کوڵمی سور و سپیم ئێستا
جوانی نیشتمانەوەکو سروشتی
پڕ خۆزگە و یادگارە
بۆت نوسیبوم
پایەداربێت جێی ئاواتی
ڕەش‌و ڕووتان
کوتکی دەستی زەحمەتکێشان
تۆی پێشمەرگە
کەی دێیتەوە کەی دێیتەوە
کەوتوە سۆمای چاوم
ئاوی ژێر پێم چووە بۆیە
ئەژنۆم شل بووە تاساوم

* * *

نەشمیل سوێندم بەکوردستان
بەکفەکفەی خوێنی ئاڵ و
بەڕێبازی زەحمەتکێشان
نایەمەوە... نایەمەوە

بۆنازانی!؟
نەهاتنەوەم بورکانێکە و
دڵی فاشست دەلەرزێنێ
دامو دەزگای چەوسێنەران
دەتۆقێنێ...
نەهاتنەوەم مژدەیەکە و
ئازادی دەکاتە خەڵات
بۆئەو گەلە زۆرلێکراوەی
سەدان ساڵە
پیشەیەتی شۆڕش...خەبات
* * *
بەڵێ ئەو رۆژە دێمەوە
سەربەستی لەچیاوە بۆشار
ڕاماڵێ تەم و مژی ئێستا و
هەوری چڵکنی سەدان ساڵ
بەڵێ ئەو ڕۆژە دێمەوە
دیموکراسی کۆڵان کۆڵان
لەدێبۆشار
بڵێدەنگ هەڵبڕە هەژار
بەڵێئەو ڕۆژە دێمەوە
سۆسیالیستی دادپەروەر بێ
دەرەبەگ و سەرمایەدار
لەدار بدرێ
بەڵێئەو ڕۆژە دێمەوە

بەراتی خوێنمان ئاشتی بێ
لەگشت سوچێکی کوردستان
ئازادی بێ.

خاکە لێوەی 1982
لەژمارە(6)ی خەباتی قوتابیان بڵاوکراوەتەوە

# سرودی زەحمەتکێشان*

(پێشکەشە بەشەهیدی ڕابەر سەیدا ساڵح یوسفی سەرکردە)
بەڵێ‌سەیدا ساڵح یوسفی
تۆ سەرقافلەی شەهیدانی سۆسیالیستی
ڕەمزی ئاشتی
دڵی گەورەت کردە قوربانی
ڕەش و ڕووتی کوردستان و
منالآنی تینو... برسی
بەڵێ‌بۆیە...
دڵ ڕاچەنی وەک بروسک
مێشکی لەناکاوا تەزی
تەرزە گووتی.. بۆکۆچی تۆ
فرمێسکی خوێناوی چاوم
بەگوڕ هەڵڕشت(بۆ)سەر زەوی
وشەی زێڕین بو بەئەڤین
بۆلاوانی خەباتگێڕ
بۆئافرەتە بیر تیژەکان
بووە کانگای بیرو بڕوا
بەڵێ‌بۆیە..
شەپۆلی نارەزاییو
سێلاوی بەگژدا چون و
تەوژمی قین

هی هەژار و
چەوساوەکانی سەرزەمین
بوو بە گڕ و بە بڵێسەی هەمان ڕێگا
کەپیرۆز بوو بۆ هەمووومان
گرتمانە بەر هەمان ڕێگا
تۆی ڕابەر و مامۆستا
سەیدای مەزن
تۆکەی مردووی
ئەی هەڵگری ئاڵای بەرزی
سۆسیالیست و یەکسانی
ئەی مامۆستا... ئەی ڕابەرمان
پێشەنگی کاروانی خەبات
ئەی شۆڕشڤان

* * *

پێشمەرگەی ڕێگای خەبات و
تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی
کرێکاری خاوەن چەکوش
جوتیاری کێڵگە و شانازی
زەحمەتکێشی بیری نوێ
بیری نوێی سۆسیالیستی
پەیمانیاندا...
ڕێبازی ڕەسەنت ون نەکەن
مێشکی ناحەزانت شەق کەن

* * *

ئەوسا بەچەپکێ‌گوڵی جوان
بۆسەر گۆڕی سەربازی ون
بۆسەر گۆڕت ئەی سەرکردە
دێین، بەکۆ دێین
بەتاو بە گوڕ
ئافرەتو پیاو و کچو کوڕ
دێین مژدەت پێ بدەین مژدە
کەقوتابی ڕێبازی تۆین

* * *

بەڵی سەیدا سالح یوسفی
لەگەڵ کاروانی ڕەوتی مێژوو
بەرەو پیری سۆسیالیزم
وەسیەت نامە و ڕێنمایەکانت هاندەرن
بەرەو ئازادی وادەڕۆین
لەگۆڕ ئێستاش
تۆی بلیمەت ڕێبەرمانی
ئێمە هەموو قوتابی تۆین
بەرەو ئازادی هەر دەڕۆین

پوشپەڕی 1982

---

*ئەم شیعرە لە نامیلکەی(ئەستێرەی دێدەوان)هەندێ کۆپلەی لێچاپ نەکرابوون، ئەمە سەرجەمیەتی.

## سۆسیالیستی*

پێشکەشە بە(پ.م)ـە قارەمانەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)

لەنێو منداڵدانی کۆمەڵا
لەگەڵ ئەشکەنجە و ژانی گەل
کۆرپەی هیوا لەدایک بوو
لەگەڵ تیشکی ڕۆژی دەم کەل
هەژارەکان ناویان نا(سۆس)
چەوساوەکان وتیان(یالی)
زۆر لێکراوەکان گوتیان (ستی)
زەحمەتکێشان بەیەک دەنگ
هاواریان کرد سۆسیالیستی.

خەرمانانی 1982

---

* لە1984/8/8 لەیادی (6)ساڵەی لەدایک بوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەئێزگەی دەنگی شۆڕشی کوردستان خوێندرایەوە.

# دڵ

پێشکەشە  بە (ز)

کارمامزەکە
بۆ وا ماندویت وا هیلاکی؟
گیانت بۆچی وا دەلەرزی، بۆدەترسی؟
ئارەقەی ڕەش بۆ لە کوڵمت
بەگوڕ دەتکێبۆسەر زەوی؟
دەپێم بڵی... بۆ شڵەژاویت... بۆچی دەگری؟
گوایە دڵت لێ ون بووە
بۆچ نازانی؟
دڵت لەگۆشەی دڵمدا جێگیر بووە
دێیت بیبەیتەوە
سەریشت دەی لەدار لەبەرد..
سوێند بەچاوت نایەتەوە
نەشمیلی دێ... ویژدانت بێ..
شەرمیش مەکە.. سادەی وەرە باوەش
با دڵی زویرت ئاشت بێتەوە

خەرمانانی 1983

# ئەستێرە

(پێشکەشە بە شەهید مامۆستاسەڵاح)

ئەمجارەیان ئەستێرەیەک
لەبناری... قەندیل پڕژا
لە(ئێندزە)*... شۆڕشگێڕێک
شۆڕەسوارێکی زەحمەتکێش
شەهید کرا...
هەر ستەم دیدە و ڕەنجدەرێکە
فرمێسکی خوێناو دەڕژێنێ
پرسە و سەرەخۆشی لاوێکە
کوردستانیش دەلەرزێنێ
گۆڕستانی (ئێلینجاغ)ە**
چەپکێ‌گوڵی سور و سپی
کارەساتی (شاتێلا)یە ***
ڕەش پۆشن کوڕ و کچ گشتی
ئای لەو موچڕکە بەسامەی
خوێنی لەگیانیشم تکاند
گیانی بەرزی سەلاح فڕی
ڕوەو پایەگای شەهیدان
لەپایەگای مەزنی سەیدا
ئێستا بەتاو
هەنگاو دەنێن.. بەرەو هەتاو
ڕاپێچ دەکەن

شەوە زەنگ و ئەنگوستە چاو
ئەی کاروانی
پڕسەروەری و شانازی
شەهیدانی خۆنەویستی
سەرفرازی
ئالای سوربووی خوێنی ئاڵتان
وابەدەستمانا زۆر بەرزە
لەسەر هەموو لوتکە و دوندێ
لەگشت شار و شارۆچکە و دێ
ئەشەکێتەوە
سروودی سەربەستی دێتە گوێ.
خەرمانانی 1983

---

* ئیندزە: گوندێکە لەبناری شاخی قەندیل.

** ئێلینجاغ: گوندێکە سەر بەناحیەی قوشتەپەیە و شوێنی لە دایکبوونی شەهید سەلاحە.

*** شاتێلا: ئۆردوگایەکی ئاوارەکانی فەلەستینیەکان بوو لە لوبنان لە 1982ڕەشەکوژیەکی زۆری تیاکرا.

# پێشمەرگە

دەزانین نەڕێژین خوێنمان
شیلەی گیانمان
زۆریش برسی و تینو نەبین
شەهید نەبین
بۆئەڤینی نیشتمانمان
لەقوڵایی دۆڵی چرا
لەبەرزایی هەور بڕا
بە ڕێبازی سۆسیالیستا
هاوشان لەگەڵ کۆمۆنیستا
لەپێناوی ئازادی گەل... سۆسیالیزم
دەگرین سەنگەر
بۆگوێی ئاگردانی جوتیار
بۆکرێکار
نەبینە چرا
کە دیموکراسی بەردی بن گۆمە و
ئەژدیهاک مێشک دەخوا
ڕەزبەری 1983

# جەژن

بەیانی هەڵسام سەرم سوڕما
کاتیٚ‌پێیان گوتم جەژنە!
دامە قاقای پێکەنین و
ئەی کوانیٚ‌جەژنانە و خەندە
بزەی لێوان، ماچی ئەڤین
بۆچی بەندە؟!
سەیری ڕیشم...پێستی قلیشاو
جلی بەرم نەک هەر دڕاو
بۆر و چڵکن
چۆن وانەبم
منی پێشمەرگەی پارتیزان
نانی جەژنانەش دەبیٚ‌چیبیٚ
بیر لە گۆشتو پڵا و مەکەوە!
قەیسی و..بامیە.. یامیوەجات
نانی فڕنی.. کێک.. کولیچە
یاسەمون و کوبە و دۆڵمە
سنگە مریشکی لەسەر بیٚ
یاخواردنی پڕ و شاز
خواردنەوەی تاڵ و پڕ ناز
کە ناویان بۆتە قاچاخ
بۆسەیرە نان و جەژنانە

نەڕەی زنجیری زرێپۆش
هەڵمەتی پڕ لەشێرانە
گوللە، باروت، دووکەڵی چێشت
نەک هەوری چێشت
بەڵام بۆمنی پارتیزان
بوونەتە جێگای شانازی
تا گەل بەئاواتی دەگا
من و جەژن... جەژنانەی چی
منی پێشمەرگەی سۆسیالیست
جەژنی من سەربەستی گەلە
ئەو ڕۆژەیە ئازادمان بێ..
گەلاوێژی 1983

## فرمێسک

(پێشکەشە بەکاکە شێرکۆی شەهید و لاو)

چۆن ببڕێ
فرمێسک لەچاوەکانم
دیسان سۆسیالیستێکی تر
شەهید بوو بۆ نیشتمانم
ڕۆژ نییە شەهیدێ بەخوێنی
نەنەخشێنێ ئالآی خەبات
ئەها ئەم کاکە شێرکۆ
خەڵاتی کرد گیانی بەرزی
پیرداود*، بەخوێنی سوور بوو
بۆکوردستان و سەربەرزی

سەرماوەرزی 1983

---

*پیرداود : گوندێکە لەنزیک هەولێر

## ئەوە دیسان

ئەوە دیسان چەواشەکان
هاتن بەکۆ، بە گوڕ هاتن، بۆ شار
بون بەغولاًم و نۆبەتکار
بۆفاشستان بوون بەسوپەر
بوونە کوتکی زۆردار بۆ گەل
بوونە تەم بۆ بەردەمی هەتاو
لە پێشووتر دڵسۆزترن
لەپێناوی پارە و دراو
ئەمجارەیان
بوونە کۆسپی ڕێگای خەبات
لەنێو سەنگەری فاشیزم
دژ بە شۆڕش دژ بە خەبات
بەفرانباری 1983

# کرێکار

منی کرێکاری بەرچێر بە قۆڕ
برسیم.. پەستی میوانمە
دڵ تامەزرۆیە دەناڵم
نەشمیل چونکە من هەژارم
دۆستی ڕووت و برسییەکانی
لادێ و شارم
خاوەن بیری سۆسیالیستیم
ڕەمزە یەکی ئایارم
کرێکارم
ڕێگام پڕ لە درنج و دێوە
پێشمەرگەمە ئالەم کێوە
هەزار گورگو ڕێویو جەردە
بەدوام سەر ئەدەن لەبەردا
بەڵام منی ڕێبوار
لە کاروانا هەنگاو دەنێم هەوراز دەبڕم
بۆئاواتی هەژارەکان
تێدەکۆشم
لەکوردستانی گڕ و خوێن
دوژمنانم باش بزانن
وەک دار بەڕووی
کێوی سەختی کوردستانم

ڕەگو ڕیشەم هێندە پتەوە
لەگەڵ لەدایک بوونی کورد
دام کوتاوە
دڵنیامە هیچ بورکانێک نایجولێنێ
(هەژار) موژدەش بۆ ئاشقوڵکە
بۆ پشت ئاشان
مژدەی تۆڵە
لەفاشیست و چەواشەکان
بۆکارەساتی ساڵی پار
بۆشەهیدانی یەکی ئایار
جۆزەردانی 1984

# ژوان

نەشمیلەکەم
بۆچی گۆڕایت، چی تۆی گۆڕی
لەیادت چوو
کە ئەتگوت پێم من ناگۆڕێم
گەر چیا بگۆڕێ بە بیابان
دڵنیابە من ناگۆڕێم
لەیاد ناکەم
مەڵبەندی ژوان
لەتەک گیشە و گوێئاگردان!
بەڵام درۆت کرد بێوەفا
کاتێ بەر ڕاگواستن کەوتن
قینی داچەسپیوی زۆردار
گڕی بەردا
لەدێهاتو ڕەز و باخ
تەقاندییەوە کانی سازگار
دەرکران و
چوون بۆشار
کارەسات بوو ... جەرگی بڕیم
من بۆ تۆڵە
چەکی شەرەفم کردە شان
بۆبەرگری لە ڕاگواستن

بۆپارێزگاری شەوچەرە
بۆتۆی پەری.
بۆگوندی جوان....
گوایە ئێستا شارستانی
ئەبوایە زیاتر بۆم بژی
نازانم چۆن
کا کێشانت واچوو لەبیر
لەتەک لەودەی جێی ژوانا
لەسەر کانی
ماچی دڵگیر
هەر لەهاوین لەیادت کرد
کە سەر بێرم بۆتان دەگرت
تۆش دەت دۆشی
بزنی مەرەز، مەڕی سپی، مەڕی سۆر بەش*
کاتیٚدەتووت بەرەکەت کە (شەنگەبێری)**
بەتیلەی چاو پێت دەگوتم
ئەم شەو وەرە
مەمکی تورتم بەحەزرەتە
لەزستانا
شەوانی بەر گوێی ئاگردان
گوێز خواردن و بەڕوو برژان
لەوەش خۆشتر بەدزی
ماچ باران و دەست لە ملان
بەئەمەکی ڕۆژانی زوو

چۆن بیرت چوو
لەیادمە هەموو ئەمانە
ئا لەیادمە
کێشوولە گرتنی بن سوانە
گوایە بۆباوکت دەرمانە
ناشزانم چۆن!؟
وەرەس نەدەبۆی لەیاری
کێشولەیەکمان یا دەگرت
یانەدەگرت، هەر دەست بازی
هەر دەست لەمەم هەر دەم لەدەم
هەر ژوانی بێدەم و جەم
گەڵاڕێزانی 1984

---

*مەڕێسۆر بەش: مەڕی سۆری نێو چاوان سپی.
**شەنگە بێری: ناونیشانی شیعرێکی بەناوبانگی (مام هێمن)ە.

# عێراق

واچوار ساڵە*
هەرچوار وەرزت
هاوین ..بەهار
پایز.. زستان
هەرتۆفانە.. ئەوتۆفانەی
کۆتایشی سەرەتاییە
واچوار ساڵە
گڵارێزانی گیانی مرۆڤە
ڕەشەبایە
واچوار ساڵە..
کارەساتی دڵتەزێنە و
مەرگ دەبارێنەک باران
واچوار ساڵە..
کاسەی سەری لاو دەهارێ
دەستارەی گابەردی دزان.
نیشتمانم
نیشتمانی عشقو ئەڤین
وەتی هەمە... پێش هەبوونم
گیرفان پڕ بۆتە بل قاسم
شەیتان دادپەروەری گەلە
لەم دادگایە

پەت.. فەلاقە
بۆگیرفان برِا و
یان دیارییە... یان خەڵاتە
واچوار ساڵە..
هەر چوار وەرزت نەهاتە.

گەلاریزانی 1984

---

*مەبەست لەچوار ساڵ لە(1980تا1984 ) هەلگیرسانو بەردەوامی شەڕی عێراق – ئێران)ـە

## بۆ نەورۆز

بڕیاریاندا
دیسان کاوەی غەم و ئازار
نۆبەرەشی بکاتە دیاری
مارەکانی دێوەزمە
پێویستیان بە مێشکی مرۆڤە
حەز بە خوێنی لاوان دەکەن
ئەمجارەیان کاوە قینە...
یەک یەک مووی سەرتاپای گیانی
یا نەشتەرە...یا خەنجەرە
جەرگی ئەدڕن
گینگڵ گینگڵ لە نێو هەستی و
سۆزی گڕی
وەک چەقۆی دەمی دەڕاسە
دروێنەی دڵ و مێشکی ئەکەن
بەڵام کاوە قارەمانە
کاوە و هێرش...
کاوە و هەڵمەت...
کاوە و کوتەک...
ئەم جیهانە بۆ وا هەژا...!
سەری ئەژدەهاک بوو پڕژا
چ دەنگێکە دەزرنگێت و

هەر کوێ دەڕوانی چیا گڕە
هەموو لوتکەیەک ئاگرە
خەڵکی لە دوور سام گرتی بوون!
دیسان کوردستان بورکانە...
بەڵام ئێستا....
کێ هەیە دەرکی پێ نەبا
هەرچی ئەشکەنجە و ئازارە
لەنێو کوردا..لە سالێکدا...
ئەچی بۆ بەرزایی بۆ چیا
لە نەورۆزدا دادەگیرسێ
هێرش بۆ زۆرداران دەبا

نەورۆزی 1985

## سکاڵا

شۆخو نەشمیل
تۆ لەشار و من لەسەنگەر
بەو شەوە هات و بێدەنگە
بیرم لای تۆ و لەلولەی تفەنگ و سەنگەرە
دەزانم لەشیرینی خەوی
یالەدەست بازی ژوانی
یاکۆرپەت گرتۆتە ئامێز
بەلای لایە بەگۆرانی
نەشمیلەکەم!
چوار ساڵ و نیوە لێم ونی
نەسۆراخ و نامەت هەیە
نەدەنگ و باس
گوایە منت لە یاد چووە
ڕووت کردۆتە ڕووگە و شوێنێکی تر
چیم تاوان بوو... بۆچ واتکرد
هەرچی ئەڤینی من هەبوو
هی شەش ساڵە
هەمووت پارچە پارچە کرد
شۆخ و نەشمیل لەکێندەری
ڕۆژێ‌سۆراخێکت نەکرد
پێم نەووتی
وادەڕۆم بۆ کۆڕی خەبات
بۆ تێکۆشان بۆ ئازادی.

تۆهەر دوای من بێشەرمانە
جلی بوکێنیت کردە بەر
پەیمان و بەڵێنت شکاند
گرِت بەردا لە شادی.
خۆت بەتاڵکرد لە ئەڤینی
دەپێم بڵێ؟
چۆن منت لەیاد چوو؟
بیرەوەرییە سەوزەکانی
رِۆژانی زوو
ژوانگاکان چیت پێدەڵێن؟
چۆن لەبەردەمیان دەوەستی؟
چۆن نالەرزی؟
نەشمیلەکەم
کوا بزەی رِۆژانی کارگە؟
خەندەی رِێگای قوتابخانە
کوا گوڵی باخچەی منالاَن؟
کە دیاری بوو بۆم رِۆژانە
کوا ویژدانی بەرزی ئەڤین؟
تەنیا جارێبت جولێنێ
بەو ئاواتەم هەر کەرِەتێ
دڵی پێشووت
یادگاریم هەڵسەنگێنێ
بەلاَم ئەترسم قورِسایی
یادگاریم دات چەمێنێ!

منی زیڕە گرتوو ئەوسا
قوڕی کێبکەم بەسەرما
چۆن دەمبووری خودای عیشق
کام بڕیار ئازادم دەکا
شۆخ و نەشمیل لە کێندەری؟
دەزانی بۆ واشەیداتمو
ئەوەندەی بیرو حەزی هەمە
لەچاوی تۆی بەدی دەکەم
چونکە پەری
بۆیەکەم جار
چاوەکانت
هەموو ناز و جولەی گیانت
لەکارگەی مافوری هەولێر
فێریان کردم ژیان چییە!
عیشق چییە و
تۆم خۆشبوێ
فێریان کردم
وشەی شیرین.. ڕازونیاز دەربڕین
خەبات بۆ ژین
فێریان کردم
ماچی هەنگوین.
کەچی نەشمیل
ئاسکی شاری دڵ پڕ ئەوین
بەچیت دۆڕاند خۆشەویستی

کوا بژێوی دڵی برسی؟
بەچی بژی
بە خەندە و قاقای شیرن
بەو تیرەی دڵمت پێکا!
دەپێم بڵێ‌بێ ویژدان
خاوەنی کام ویژدانی
لەدەستت دێ
دادگاشم کەی بەبێ‌تاوان
بڵێی‌لاسار تۆ دڵ دزی
لەسێدارەم دەی بمکوژی
شۆخ و نەشمیل لەکێندەری؟
دەزانی کێ؟
ئەشقی من و تۆی خنکاند.
گڕی هەڵچووی منی شەیدا
کە ڕێچکەی هەتاوی گرتە بەر
نیشتمانم پێی سپاردم
خەبات کردن، هێرش، هەڵمەت
بۆیە تۆم جێهێشت ڕووەو چیا
بەکرۆکە کەوتە نێوانمان
وەک مەم و زین
چۆن فریوی دای؟!
نەتدەزانی!..
خەیاڵ نییە..ڕاستیە
نەت دەزانی!

گێژە لوکەی نەگبەتیە
بۆچ ڕێگاتدا
میهرەبانیت.. لەمێشک و دڵ.. بخنکێنێ
نەت دەزانی!..
گڕی عیشقم چەند بەتینە؟
ساتێ‌نییە.. یادت نەکەم
بۆهەر جارێ‌یادم ناکەی؟
پەنجەو لێو.. چاو و برۆ پێت دەبێژن
تۆی بێ‌وەفا..
ڕەنجی منت بەفیڕۆدا
شۆخ و نەشمیل لەکێندەری؟
لەنێو گیرفانی بێ‌پارەم!..
تەنیا وێنەت بەدی دەکەم
لەنێو ئارەقەی ڕەش‌و شین
هی ماندوو بوونی ڕێگای دوور
هی کاروانی سەودا سەر و.. هەوراز بڕ
برسی و تێنووی هەرچوار سنوور
ئەوە ئێستا.. وێنەکەی تۆ
لەکونجێکی بەڕکی شڕم
دڕ دەدا بەتاریکی و غەم
بەشەوە زەنگ لە دڵم
بەڵام گیانە
هەست دەکەم تۆش پەژیوانی
بەڵام پەنجە گەستن دوای چی؟　　　پوشپەڕی 1985

# کوڕە کەچەڵ

ئەم جارەیان کوڕە کەچەڵ
کۆسپی بەردەم
ڕەوتی مێژووی چەوساوانە
کوڕە کەچەڵ کۆنە دزە
فتوای مەلای خەتێ دەدا
بڕیار دەدا...
ڕێبوارەکان بەرەو ژوانگای جاران ببا
ژوانگای دزان
ژوانگای هەزاران دڵدار کوژ
ئەو نزرگەی هەر دوێنێ بوو
ئەسپەکەوێت هەر چوار پەلی تیا شکا
کوڕە کەچەڵ ناگرێ نانێ
ئەمجارەیان نان و ڕاموسانی ناوێ
ئەشقی داری زەقنەبووتە
سەری ڕێبوارانی دەوێ
کڕنۆش بۆ ئەهریمەن دەبا
سوژدەی ئاهوورموزادی دەوێ
کوڕە کەچەڵ ناگری نانێ
نان و ڕاموسانی ناوێ
هەتیم کەچەڵ
سێڵ و فەرشەو

گوارەی گوێچکەی زەریێ دەدزێ...!
کاروان بۆ شاری دێو دەبا
سەرکێشیش پێی ئاگادارە
بۆسەی مەرگ دەنێتەوە
بۆ ئاواتی ئەو نۆساڵە...
ئەمجارەیان کەچەڵ بیژی پیربۆزێکە
ڕاسپاردەی کاروان کوژە و
کوێخای سەدەی بیستی پێ یە
هەیهوو...هەیهوو بەڵام ئێستا
کوڕە کەچەڵ خۆی لە کوێ
کاروان و ڕەوتی مێژوو لە کوێ.

8ی پوشپەڕی 1985

---

کوڕە کەچەڵ: مەبەست لەو کوڕە کەچەڵەیە خیانەت لە چینەکەی خۆی دەکات و نۆکەری بێگانەیە.

## ئەستێرە گەشە

(پێشکەشە بە شەهید چەتۆی نەمر)

ئەم جارەیان...
تەتەرێ هات
لەشاری ڕەشپۆش و گریان
لە شاری قەڵای قارەمان
کوا پەیامە، کوا مژدەیە!؟
هەگبەی پڕ خەم...
خۆی داکوتا....
ڕەشەبایە...گەردەلولە...
گێژەنێکە!
سەدان لاوی تیا خونکاوە
هێشتا برینم هەر قووڵ بوو، جارێکی تر...
لە ڕووی تاوان کولایەوە
کولایەوە...
ڕۆندک وا جۆگەلەی بەست
کچی کورد شۆخ و چاو مەست
کوڕی ئازا...
بۆ گەرمەی شینی هەڤاڵەکەم
بۆ تۆی شەهید کۆڕیان بەست.
شانازی بوو
لات شەهیدبوون هۆ نەوجەوان

لە هەورازی ڕکابەری
بەڕووی تاوان بۆ ئازادی
تەقیتەوە
تەقیتەوە بویتە بورکان
ئێستاش ئەو ئەستێرە گەشەی
بەدیار سەرمان
لە ژووری گشت ماڵێکەوە
لەبارەگای ڕێبواران و
لەدوندی گشت شاخێکەوە
وا کاروان دێ و
کاروان سوور...تارای زیوین
ئەم دێهاتە دوو گردکانە
دە سەیرکە، هۆ قارەمان
بەدواتەوە حەشاماتە
پۆل پۆل
بە چەپکە گوڵ.
دوژمنان ئێوەش سەیر کەن!
کاکەی چەتۆی مامۆستایان
لەناویاندا....
لەسەر شان و
لەنێو مێشک و لە دڵیاندا
وێنەی سێدارە دەکێشێ

بەخەندە و سۆز...
گەردەنی جوانی پیا ئەکا و!
بە دروشمی کوردستان و سۆسیالیزم هاوار دەکا
دەسەیرکەن هۆ دوژمنان
دەنگ زوڵاڵەو
دەنگ دانەوەی لە قەندیلا
لەسەنگەری (سەلاح) دایە
ئەو نرکەیە...ئەو هەڵمەتە....
نرکەی سینگی شێرە کوڕە
بۆتە نایە...دەسەیرکەن
نەوەکانی مۆسۆلینی
دەسەیرکەن
نەوەی کاوە
لە گیان دانیش پێ دەکەنێ
پێ دەکەنێ و
دەنەڕێنێ بە ڕووی ڕەشتان
بانگیش دەکا
هاتم سەیدا....هاتم سەیدا
پەیامی سەر خاکم پێ یە
پێ دەکەنێ..
کۆشێ نان و
چەپکێ گوڵی سورم پێیە...

بۆ نیشتمان
بۆ گەلەکەم
بۆ نەوەکەم
بۆ شەهیدان
ئالآی بەرزی ئاشتیم پێیە.

1985/12/19

---

* شەهید چەتۆ کادیرێکی قارەمانو هەڤاڵی شاعیر بوو، ساڵی 1985 لە زیندانی (ئەبو غرێب) لە سێدارە درا .

*سەلاح: شەهیدێکی دۆست و هەڤاڵی کاک هەژار دێدەوانی بوو، ساڵی 1983 شەهید کرا .

*سەیدا: شەهید سەیدا ساڵح یوسفی .

## تکا مەکە !

ناپەری خان
تکا مەکە.. تانەگوشن نەگۆوێنن
مەمکی توورت...
تکا مەکە
تا نەدزن ماچی کوڵم
تا نەمژن ئاوی لێوان
تکا مەکە
پاڕانەوەت هیچ ناگۆڕێ
لەڕەوشتی گەورە دزان
شۆخی شیرین
هاوزمان و هاوئازاری
پور ئامینە و سنەوبەرخان
دەنگی ناسک... بکە زەنگ
هەڵمەت ... تەکان
وەک شێرەژن*
وەک لەیلا خان
تەلی پرچت بکە بەپەت
بۆدزەکان
ئەوا منیش گرتمە بەر
لێڕەواری چڕ پیشەی شێر
ڕێگای سەختی هاشانەک هەڵدێر
بۆنیشتمان
بۆسەندنەوەی هەموو ماچە
دزراوەکان

بەفرانباری 1985

# شۆڕش

بەر لەبرینی دڵی من
بەر لەپەیامی تفت و تاڵ
لەنێو ڕوندکی قەتیس ماو
لەبیلبیلەی چاوی تاساو
خۆم خوێندمەوە
خەبات سەختە.. ژیان سەنگەرە ئەڤینە.
لەبیلبیلەی چاوی تاساو
لەنێو ڕوندکی قەتیس ماو
بۆیەکەم جار
وشەی پارتیزانم بینی
گیرۆدەی بووم
بەڵێ فێر بووم
هەوراز بڕین قینی دەوێ
برسی، شەوڕۆ، شەوکوت هەیە
بۆسەی مەرگ لەڕێگایە!!
دڵدارێکی وەک خۆم ئاسا
ڕوو لەهەتاو.. برستیم بینی
لەنێو ئارەقەی ڕەش‌و شین
بۆیەکەم جار
زانیم شۆڕش هەگبەی کۆڵی
تەنیا هەر غەم و ئازار و
تێکۆشان و بەرگرییە!

بەڵام مژدە لەناخیاندا
گوڵە نەمامێکی زەیتونە
پێش قەرەوری خەندەیە
بۆنازانی ... گڕی گەرمم
هەناسەی ساردی خواردەوە
عیشقی تینوم
لەنێو جیهانی یەکسانی
لەنێو سەنگەری پێشمەرگە
دەژیێتەوە

بەفرانباری 1985

# (8)ی ئاب*

هۆ ڕەش و ڕووتانی برسی
هەژارەکان
چەوساوانی ژێر چەپۆکی
فاشستەکان
دەزانن کەی ڕێبازەکەتان
لەدایک بووە؟
دەزانن کەی هیوای ون بوو
لەسەر لێوی منداڵەکانتان
خەندەی گرتووە؟
دەزانن کەی دەستگیرانی
شەهیدەکان
دیاری سەوزیان دەستگیر بووە؟
دەزانن کەی هەوری سپی
خۆی داوەشاند و پڕ باران بووە؟
لەهەشتی ئاب بوو
ئەم مژدەیەلەدایک بووە.
لەکاتێکدا
ئەشکەنجە و ئازار وەک بورکان
گڕی هەڵچووی
هەڵپڕژا بەڕووی فاشستەکان
لەهەشتی ئاب بوو

لەو ڕۆژەدا شۆڕشگێڕان
گرتیان ڕێگای یەکسانی
گەزەنگی خۆر تیشکی بەتاو
لەکوردستان دەرکەوت
هەوری ڕەشو تەمو مژی
ڕاپێچکرد و
ئەهریمەن تەختی کەوت
کەهەستتان کرد...
بۆدیاری گەورە کانیان
ئەسپە شێیان کردە نیشان
ئێوە بوونە پارچەیەک گڕ..
لەدوو تۆی دوو هەڵوێستی دژ بەیەکدا
چەقۆو هەسان لەمێژوودا نەک هەر گلان
نەک هەر سوتان
لەدوو هەلدێری بێفەڕ بوونە نیشان
منیش بەم یادە پیرۆزە
پەیمانمدا... بۆ سەرکەوتن
ئەڵقەی بەخت و خۆشەویستی
بکەمەپەنجە بۆ نیشتمان.

* ئەم هۆنراوەیە لەساڵی 1984 دەست بەنوسینی کراوەو لەمانگی 6ی 1986 تەواو بووە.

# بووکی تارا سوور

*(پێشکەشە بە شەهید قەهار عەزیز بەوانەی شەونخونیان کێشا تا مژدەی سەرکەوتنیان بیست)

ئەوا هاتن...
کاکڵەی ئەم ڕەش و ڕووتانەی
دەمرن بۆ ژیان
ئەی نەمان گوت بە هاتنیان
ئەم بەرزە فرە سەر سەختانە
قینی پەنگ خواردووی دەرون و
تین و گوڕیان
پاڵەپەستۆی بێ ئەندازە و
سۆزی گەرم و
هەستی زامداری مکوڕیان
گینگڵ دەخوا و
تەقینەوەی کت و پڕیان
هەڵدەچێت و دانامرکێ
هەڵدەچێت و....
لەنێو مێشکیان چڕتر دەبێ
ئەی نەمان گوت...
بەهەورازی ڕکا بەرێیەکی پیرۆزدا
سەر سەختانە هەنگاو دەنێن

لەنێو وێستگەی
زامی تامەزرۆی ئێمەدا
دەنگ دانەوەیان مژدەیەو
لەنگەر دەگرێ
ئەی نەما گوت بەهاتنی
بەرزە فڕە سەر سەختەکان
لێوی منداڵ خەندە دەگرێ
گوڵ دەپشکوێ
خەمی داسەپیوی دوێنێی
گەشەسەندوی ئەمڕۆ و ڕۆژگار
لەسەر سیمای...
شۆخ و شەنگی ئەم هەرێمە ناسۆرەدا
بەرگە ناگرێو
هاشوهاشی ئەنگوستەچاو
پێ چەند و چوون چۆک دادەدا
ئەی نەمان گوت بەهاتنتان
قەڵەرەشکە، داڵ، باشوکە
دەندوکی کۆمی پڕ قین و باڵیان دەشکێ
قونجریسکەو توتڕک دەڕزێ
هێندەی پێ خواستی خوێناوی
بەسەریدا هەڵ خلیسکێ
خۆ بینیشتان...
بە گەیشتنیان، دەست بەجێ
کچ بوو....دەخزی بۆ ژوانگا

گوڵ بوو....لە بەرۆکی دەدرا
بوێر پێشوازیان دەکرا
پێشبینیەکان لەدایک بوو..
فرچکیان گرت...
چاوی لێکەن...
وا کات دوانزەی نیوەڕۆیە
دیمەن دێی ترپەسپیانە
خەڵک....جوتیاری ڕەنج دەرە
خوان....نەخشەی پەلامارە
وێنە....پێشمەرگە و سەنگەرە
زەماوەندی...ترپەسپیانی تازەبووک
بە یەکەم گوللەی ئار.پی.جی
بۆ گەورە کچ زەنگی لێ دا
دە سەیر کەن
شۆڕشگێڕانی شارودێ
بینای چاویان لە خاڵێکدا..سێرەی گرتووە
هێزی هەستیان لەهەمان خاڵ... ڕاگرتووە
دڵ بە گۆری هەمان خاڵە
ئەم خاڵە ترپەسپیانە تازە بووکە
بەڕووی چڕە دوکەڵی ڕەش...
پێشمەرگەی گرتۆتە ئامێز
پێدەکەنێ
بەری گێژەلوکەی نەگبەت...
بەری ڕەشەبا دەگرێتو

هەڵناقەنێ....
ترپەسپیان تازە بووکەو
وەکو چرا وا دەسوتێ...
دەسەیرکەن...
جار جار تەمێ، گەردەلولێ
بەری تیشکەکانی دەگرێ
هەست ڕاگرە...
تەم، گەردەلول..
ترپەسپیان و پێشمەرگە
کێ دەبەزێ؟
لە کاتێکا ترپەسپیان...تارای سوور بوو
هەر بستێکی، هەر سەربان و
هەر خشتێکی، هەر نێزەکی
قارەمانێکی لە پشت بوو
لێ مشتی خوێنی بکوژانی قۆنگرە بوو
لەناویدا...بێریەی سەر و
ناسنامەی پڕ لە شورەیی فاشیستەکان
خوێن ماڵی بوو
تەم، گەردەلول کەڕەنگەر بوو...!
دە سەیرکەن...ترپەسپیان چۆن ڕوو سورە...
چۆن شەهیدە
چۆن بووکی دەشتی هەولێر..تارای خوێنە
چۆن کەژاوە سەرسەختەکەی
مژدەیەکی لە دایک بووی

ناخی دڵی ڕەنجدەرە
چۆن پەیامە....
دە سەیر کەن
لە سینگوڕکی دابێژراوی..شێرە کوڕی
گۆڤەندەکەی ڕەنگی ئاڵە..
داهاتووەکەی
تۆمارێکی مێژووی کوردە و
هیوا چەکەرەی تیا دەکا...
ئا لەو کاتە
(هێرش و هەڤاڵ و زریان) دێن
دەڵێن باوکمان لەسەر چۆپی
نێو گۆڤەند و شایی سووری ترپەسپیان
شەهید کرا.

1986/11/11
لە ژمارە (3)ی گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە

---

فەرهەنگۆک:
نێزە: ئەو شوێنەیە لە قەڵاتەوە تیری لێ دەهاویشترێ.
بە گۆری: بە قوربان
کەرەنگەر: پەلکە چرۆی هەڵوەریوی پایزان.
هێرش و هەڤاڵ و زریان: مناڵەکانی شەهید قەهارن..
(زاگرۆس)یش یەکێک لە کوڕەکانی شەهید قەهار ئەوکات تەمەنی دوو مانگ بووە لە سکی دایکیدا، دوای شەهیدبوونی باوکی لەدایک دەبێت.

## سەد ساڵی تر

سەد هێندەی تر ...بقیژێنن
دەنگم دەنگتان دەخواتەوە
سەد هێندەی تر سەر هەڵبڕن
دەنگم دەنگتان دەسڕێتەوە
ئێوە بۆ من
لە زەلکاوی درۆ نەبێ
ناقیرێنن مەلە ناکەن
ئێوە کەڕن
لە زڕ و هۆڕی زێڕ و پارە نەبێ
هیچ تێ ناگەن
ئێوە خۆڵەمێشی مردووی ئاگردانن
تین نادەن
گەر بەدەم باشەوە تۆزبن
دووکەڵە شین مژدەی گڕ نادەن
خۆتان مەکەن بە پێشەوا و ئاڵا هەڵگر
خۆتان مەکەن بە خودان ماف
بەدڵسۆزی دەروون میرگر
دوایی لافاوی دەرونی خەڵکی بە گوڕ
لێو دەبێ بە پشکۆ و گڕ
چونکە خۆتان چاک دەزانن
ئەنجام هەر بۆ
شاری پارە و
کولانەی چۆک دانەواندن
دەکەونە گەڕ

بەهاری 1987 کافێ

# بەشی سێیەم
# کـــــورتە چیرۆک

# مەشخەڵی پیرۆز

(پێشکەشە بەدوا شەهید)

لەشەقامەکەی ژێر قەڵاتەوە، بەرەو (پەرتووکخانەی سۆڵاڤ) دەڕۆیشتین، تازە زێدەباییەکەی (کاردۆ گەڵاڵی) ژمارەیەکی نوێی لەبیبلۆگرافیای پەرتووکە کوردییەکان تۆمارکردبوو.

کاک (بروسک) گوتی دەمێکە ستار بزرە! منیش بەهەڵەداوان قاقا پێکەنیم، وەک بڵێی هەڵەیەکی کردبێ.. هەی بێقەزابیئەی دوێنێلەسەر پیکاب چاک و چۆنیمان لەگەڵ نەکرد. چ زوو لە بیرت چوو! ئەی نەشی گوت ئەم بەهارە دەبێسەردانێکمان بکەن، بروسک دۆش داما و لەبەر خۆیەوە وتی (ئاش لەخەیالێکو ئاشەوان لەخەیالێک..) من ستاری مام سادق دەڵێم، بەبیستنی ئەم ناوە تەزوویەکی سارد بە جەستەم داهات لەتەوقی سەر تابنی پێم.. دڵم ڕاچڵەکی و لە ناخەوە کەوتم وەک کەوتنە بنی گۆم.. بیر و هۆشم باڵەندە ئاسا لە شەقەی باڵیدا، بە خەیاڵ خۆم لەچیای(بێرمکە)ی سەنگەری پیشەی شێرە لەشکان نەهاتووەکان دۆزییەوە... قارەمانییەتی شەهید (سلێمان)م هاتەوە یاد خۆدەزانی چ ڕۆڵەیەک بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: بەبەنەماڵەوە شۆڕشگێڕ بوون لەپێناو دەرکەوتنی تیشکی خۆر بڕانەوە، بەچاوی‌تێر و زگی برسی، ماڵئاواییان لەخاکو ئێمە کرد.

لەپڕ دەنگێک(ئەوکاتەتان باش) گوێچکەمان پێ زرینگایەوە! قسەکانمان بڕی و لە شوێنی خۆمان وەستاین و حەپەساین، یەکسەر کردمانە باوەش هەردوو کوڵمە گەشەکانیمان ماچ کرد و پاش ساتێ وەستان بەرەو پەرتووکخانە جولاین، لەلایەکی شەقام دەنگە بەسۆزەکەی زیرەک و گۆرانی(خۆمن کوێستانی خاڵ نیم) سەرەنجی

ڕاکێشاین و هەروەستەی پێکردین، کاکە (ستار) زۆر هۆگری دەنگی ئەم بلیمەتە بوو، هەر بۆیە لاماندایە ساردەمەنی زیرەک و دوای خواردنەوەی شەربەتی مێوژ هەلساین و چوین بۆ پەرتووکخانە و بەسیدانە پەڕتووکی (زێدەبایی)ەوە بەرە و وێستگەی پاسی مەنتکاوە جولاین، ڕووی پرسیارمان ئاراستە کاکە (ستار) کرد! ئەوەی ڕاستی بێت کاکە (ستار) تۆماوەیەکە دیار نیت؟ ئای کەیادمان دەکردی.... دەمێکە تامەزرۆی قسە خۆشەکانتین.. هەر ئێستاش باسی تۆمان دەکرد، بەڕاست هەر لە دوور خراوەیی؟ دەبی کەی ئەم خەڵکە خەباتگێڕە ماندووە دوور خراوانە بگەڕێنەوە شوێنی باب و باپیرانیان؟ بەزەردەخەنە و بزەیەکی ئاسا هاتە قسە: ئەوکاتە ڕزگارمان دەبیکە لەترۆپک سەنگەرمان لەهەوری ڕەشی چلکن گرتبی.

هەستمان کرد بەپرسیارەکانمان لەناخەوە دەکولا.. هێشتا چەند هەنگاوێکمان مابوو بۆ وێستگەکەی پاسەکان، گوتی: واباشە بەپێیان برۆین، ئێمەش زۆرمان لاخۆش بوو، دیاربوو وشەی ئاگرینی زۆر لەدڵیا پەنگی خواردبوو، لەقەلەبالغی تێپەڕین و تێنەپەڕین هاتە قسە.. ئەریئێوەی قوتابی! کەمێک وەستا و چەند هەنگاویڕۆیشتین بەبیدەنگی، پاشان گوتی: ئەو مەشخەڵە بەبلێسەی ئێستا لەلوتکەکانەوە داگیرساوە، چۆن چۆنی سەیری دەکەن؟ ئەم وتانە وەکوخوێن بەجەستەمان ئەسوڕایەوە، نەی هێشت وەڵام بدەینەوە، خۆی باسی مەشخەڵەکەی بۆکردین، نازانم چۆن بوو بەختمان هەبوو، شەقامەکە چۆلبوو دەتگوت بایەقوش لێیخوێندووە جگە لەخۆمان و لەو دوو منداڵەگوڵە بەڕۆژە فرۆشەکەسی تر بەسەر شەقامەکەوەنەبوو.

ئەویش پەیتا پەیتا زۆر هێمنانە بەردەوام بوو لەباسکردنی ئاگری مەشخەلەکە.. سەنگەرە چۆڵو بێناز کەوتوەکانی دوێنی، ئێستا خەریکی

دڵدارین لەگەڵ ئەستێرە گەشەکان.. بەدیار یەکەوەخەمی دوێنێ و داهاتوو هەڵدەڕێژن..کۆرپەی هیوا مەلۆتکەی چینە زەحمەتکێشەکانە.. بەقەد خۆیان، بگرە زیاتریش خۆشیان دەوێ.. هەر ئەوانیش مامانیان بۆکردووە.. لەگەڵ ئەشکەنجە و ئازار لەدایک بووە.. خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی ڕەسەنە، ڕێبازێکی تازە، کاروان بە ڕێگایەکی تر دادەڕوا، ئەڤینو خەندەی پێیە.. پەرژینی دەبێ‌گیانی ئێمەی ڕەش و ڕووت بێ.. کاروانێکە و سەر قافلەچی پەیامی پێیەو بەرەو هەتاو کاروان تاو دەدات، خەریکە دڕ بەشەوەزەنگی نائومێدی دەدات.. هەنگاو دەنێ، زۆر سەختە ڕێگا و هەوراز و هەڵدێری بڕیوە، گەورەترین مژدەی پێیە، یەکسانی سەرکێشە.. ئەم کاروانە لەترۆپکی قەندیلەوە ملی ناوە، لەدوا سنوور لەنگەر دەگرێ،هەڤاڵان ئا ئەمەیەمەشخەلەکە.

هەرکێ‌لەشوێنی ئێمە بوایە.. بەبیستنی ئەم هەواڵە خۆش و مژدەبەخشە، وەک ئێمەسەرسام دەبوو، دەکەوتەجیهانێکی تر، دوو هەڤاڵ بووین، لەخۆشیانا ڕۆندکی شادی بەر برژانگی گرتین، بێ‌ئەوەی هەست بکەین لەدوو جەستەو دوو گیانین بەجووتە گوتمان: شۆڕش کەوتۆتەسەر ڕێبازێکی تازە، مەشخەڵێکی پیرۆزە... دەمێکە لەوکاتەی وشەی ژیان لەمێشکمانا چەکەرەی کردووە بەئاواتەوە بووین گوڵی هیوا بپشکوێ... ئەو خونچەیەی سەدان ساڵە بەخوێنی لاوەکانمان ئاودێری دەکەین بگەشێتەوە، تومەز لەخۆشی ئەم وژدەخۆشە، هەستمان بەبەرزی دەنگی خۆمان نەدەکرد، کاکە (ستار) پێکەنیو بەئەسپایی گووتی دیوار بەگوێیە! دەنگتان نزم کەن.. ڕۆژگارێکی سەیرە.. ئەم قسانەمان نزمترین باجی سێدارەیە! جاکێ‌هەبوو بلێ‌لەل، ترس و تۆقین هەبوو، هەڕەتی گرتن و تۆقاندنو ڕاگواستن بوو.. بەبەعسی و بەعەرەب کردنیش سەربار و بن بار! بەهاری نۆسەد و

حەفتا و حەفت بوو، ڕژێمی داگیرکەر چەنگی لەنیشتمان گیرکردبوو، فشاری بۆ خەڵک دەهینا بیانخاتەناو بازنەی خۆیان، داوایان لەدار و بەرد دەکرد ببنەبەعسی، شارەکەمان پڕ کرابوو سیخوڕ و سەگ، ڕۆژ نەبوو یەکیٚون و نەخرێتەکونجی زیندان.

گەرچی سەرەتایەکی درەنگ بوو.. بەڵام گوڵە سیس و ژاکاوەکان.. باخچە بیٚباخەوانەکان، پێشوازی گەرمیان لەگەزەنگ کردبوو.

(بروسک) ڕووی دەمی لە (کاکە ستار) کرد.. دڵتەنگ مەبە زۆر ڕاستیان کردووە، تۆیان ناردۆتەوە، گومانی تیانییە پێشمەرگایەتی پیرۆزە، مەگەر پلەی شەهید بوون بەرزتربیٚ، بەڵام لەبنەماڵە نەدارەکەتان، تۆماویت و بەس، دەبیٚتۆش پارێزگاریت لیٚ بکریٚ.

هەستم کرد ڕەنگی هەڵبزڕکا.. درێژ دادڕیم کرد، نەخێر هەرگیز من ناڵێم دەستە و ئەژنۆ دانیشە، بەڵام.. قسەکانمی بڕی بەتوڕەیی‌و دەنگێکی بەرز.. هەرگیز ڕاستیان نەکردووە، بۆمن لەدایک براکانم زیاترم..؟ ئەوەی لەهەموو ژینمدا چاو نەزێڕی پێدەبەم پێشمەرگایەتییە و هیچی ترنا، ئازاریش جگە لەهێز و بازوو، بیری تیژ، لەلولەی تفەنگی پێشمەرگە بەدی دەکەم، ڕاست دەفەرمووی بیری مناڵی تیژە، لەیادمە لە ڕۆژێکی باسریشکدا دەستی ڕەوە دەرەبەگی سوور بوو بەخوێنی مەحەمەدی برا گەورەم چونکە پێشمەرگە بوو، گێلەی براشم لەدوایی شوانی بەنان و زگ ڕێگای خەباتی گرتە بەرو بەر سێڵاو کەوت، ئیتر هەر نەمان بینیەوە، کاکە حەمەدیش مەرگ شاڵاوی بۆهێنا و لەیەکەم هەنگاوی تێکۆشان گیانی خونچەیەکی تازە پشکوتوو بوو هەڵوەری، سولەیمانی کاکیشم ڕابوو، هەمان چەکی برا شەهیدەکانمی کردە شان، ئەو کاتە من زۆر منداڵ بووم ئیتر چۆن من لەکاروان جێبمێنم، مەحاڵە سوتانی دایکم.. لاشەی خەلوزاوی، مەحاڵە گوندە سوتاوەکەمان، لەبیر

مرۆڤی خاوەن ویژدان دەربچێ، دیمەنی ئێجگار سامناکن، دوا کارەسات، گیانی سولەیمان ئەو ئەستێرە گەشەی لەبێرمکە پڕژا، چونکە ڕاستیان کردووە، کەمن بەو ئاواتە بم لەکوردستانە زامدارەکەم ئالأی ئازادی بشەکێنمەوە.

(بروسک) وتی باش بزانین دەبێ‌ئێمەی کرێکار و ئێوەی ڕۆشنبیر پالپشتی قەندیل بین، ئەی شانازی بەچی بکەین ئەگەر وەک چرا لەشەوەزەنگی زستان لەژێر گابەرد و ئەشکەوتەکان دانەگیرسێین بۆکاروانچییە هەژارەکان.

لەگەڵ ئەم هەموو هەڵچونەشیا، لام سەیر بوو، زەردەخەنە هەرگیز لەسەر لێوە بەبارەکانی نەتۆرا.. قورگم گریانی تیازا چاوەکانم لێل بوون و بەرگەی لێزمەی ڕوندکیان بۆنەگیرا سەیری کاک (بروسک)م کرد، خۆم ئاسایی ڕوندک لە چاوەکانی قەتیس مابوو.. دیار بوو ئەو سارد ببۆوە تاوێ‌بێدەنگی و تێڕوانین، نەخێر من لەگەڵ ئێوەیا نیم، ڕووباری ئەسرین بەقەد تۆزقالێک خەبات، کار لەدوژمن ناکات. خانووە قوڕینییەکانی گەڕەکەکەمان دەرکەوتن، لەگۆڕەپانەکەی بەینی ڕوناکیو مەنتکاوە لێی دانیشتین، (ستار) کەوتەوە قسەکردن: برایان دوا جارە دەتان بینم لەو شارەی شاگردانی مۆسۆلینی تێدا تەرانتێن دەکەن! ئێستاش دەچم بۆ ماڵی (خ)، ئەگەر پایسکلێ هەبێ‌باشترە حەز ناکەم بەپا بچم.

کاک (بروسک) بۆی دەرچوو هێندەی بڵێی یەک و دوو پایسکلە شەقە شەق کەرەکەی باوکی بۆهێنا، کاکە ئاگاداری بە ئیستاپی تەواو نییە!

گورج هەڵسا، دەستە قلیشاوە تفر هەڵدەرەکەی خستە ناو دەستمان توند توند گوشی.. ئێمەش بەڵێنماندا ڕێبواری ڕێگای مەشخەڵ

بەدەستان بین، لەکێل بونەوەی بەرەو قەندیلی سەرکەش، ئارامی لێ هەڵگیرابوو، ئەمجارەیان بەهێنانی شەونامە بۆ زاخاوی مێشکی لاوە جەستە تەزیوەکان گەڕابۆوە شار.. چەقەی گەرمای هاوینی هەمان ساڵ بوو، هێشتا جۆخین و دەغڵ و دان تاو تویێنەکرابوو، تازە لەکانی بزرەی خنجیلانە گەڕابومەوە، دەمزانی کاک (بروسک) هەواڵی گەیشتنەوە شارمی زانیوە، ئێوارە چوومەماڵیان.. میللی کاتژمێر چەند جارێک سوڕابوەوە، شەو درەنگ بوو، کاروان کوژە هێشتا تەوا و تروسکەی دەرنەکەوتبوو، شەوێکی کش و مات بوو خەریکی ڕۆیشتن بووم بۆماڵەوە، دوو وشەی شەوێکی شاد هێشتا تەواو لەدەمم دەرنەچووبوو، جرتو فرتی چەندین ئۆتۆمبێلی بۆرە پیاوانی ڕژێم، بەکۆڵانە تۆزاوییەکان گرەیان دەهات، دیسان دەبی چی قەومابێ و چی بقەومێ! ئاخۆ دەبێچ بێتاوانێک مەرگ شالاوی بۆ هێنابێ، دیارە شەوی بێری شەوکوت، شەوگر، شەوگوژ .. دڵمان هەردەیگوت زەنگوڵی نێری پێش مەڕی ئاریەکۆرە لێدەدات.. گرە گرِی ئۆتۆمبێڵەکان و پێلی گریان و شین تێکەڵ بوو، گوێمان بۆ ئەو ئاوازە مەرگ هێنەرەش نەگرت دڕدۆنگ بووم، بڕۆم.. نەڕۆم.. داوای برادەرەکەم ڕەت کردەوە.

قوچاندم و وەکو پەلیک خۆم گەیاندەوە ماڵ، لەسەر بانەوە خۆم خزاندە سەر لبادە شڕەکەم، دایکمو براکانم لەگەرمەی خەوی شیرین بوون، نازانم چۆن لەگەڵ هەناسە بڕکێی من هۆشیار نەبونەوە!

نەک هەر خەو لەچاوەکانم زڕا، لەگەڵ هەر کەلەکە گۆڕینێک سەدان لێک دانەوەم دەکرد. لەپڕەخەوە کەوتم، خەوی تۆراوی چەند چرکەیەک بەزەیی پێم هاتبوەوە لەو ژینگەدا بووم دایکم هەڵسایەوە (بسم الله) ڕۆڵە بۆچی نەخەوتووی، بیر لەچی دەکەیتەوە، خۆهێشتا منداڵی، دەبێچ کچەتیوێک بێت و دڵی ڕفاندبی؟! نوقەی چی بکەم، لەبەر دڵی ئەو

پژدێنەکەم هەڵکێشا سەر چاوەکانم، ئەگینا من و خەو کوجا مەرحەبا.. کەڵە شێرە سۆرەش تێی هەڵکرد، کرێکارەکان تاقو لۆق لەماڵەکانیان دەردەکەوتن، خۆم گەیاندەوە ماڵی کاک (بروسک)، باوکی کوت کوت خەریکی پەنچەر کردنی تایەی پایسکلە شڕەکەی بوو، بەیانی باشم لێکرد و بەتوندی بەقادرمە قوڕینەکەیان سەرکەوتم بەدەم گۆتەی (درەنگە بۆمەیدان) بەتانییەکەم لەسەرچاوی لادا، وریابوو خەوە پۆپەی دەبردەوە و غوراب ببوو، هەشیارم کردەوە، ئەرێکاکە ئەو سەین و بەینەی ئەم شەو چی بوو، ڕەنگی لەڕوو پەڕی بوو بەزەحمەت قسەی بۆدەکرا.. پاش ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێڵەکان کا..کافیە هات.. من.. ستار گیرا ستاری مام سادق. خەریک بوو پێی پێبکەنم، چونکە نەمان زانیبوو چەند ڕۆژێبوو گەیشتبوەوە شار.. ئەی بۆ لەدوای ئێمەی نەناردبوو؟ باوەڕناکەم، بۆگیرا؟ ئاخر بۆچی گیرا؟
یەکەم جارم بوو لەژیانمدا (بروسک) وا بەڕووما بتەقێتەوە..! ماڵت بەقوڕ نەگیرێدەڵێی خەڵکی ئەم کوردستانە نیت، گیرا.. بەکوردێکی بزێوی لەقەڵەم دەدەن کەوتە قوڕگی حەزیا.
بەدەرپڕینی باشە نەترسێن وەڵامم دایەوە، هۆشیاری خراپ نییە بەڵام جێگای متمانەی تەواویشە، کاکە (بروسک) نابێخۆمان سەروەشێن کەین.. هەر هەست ڕادەگرین.

خوستە خوست پەیدا بوو، تازە ئەم ڕۆڵەش گووم بوو، گەڕەکەکەمان هەژا، خەڵکەکە سام گرتی بوون، چ بوو چ بوو لەهەموو دەرگا و دڵێکی گەورە و بچوکیدا.. (مام سادق) لە پێنج کوڕ هەر ئەمەیان مابوو، تاکە میراتگری بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی بوو، .. (ئاوات) هێشتا منداڵە، ئای (کافیە)ی هەژار و بەستە زمان، لەوەتەی تامی ژیانت چەشتووە، بەشت هەر خەم و پەژارە و شین و واوەیل او قوڕ پێوان

بوو.. جارێکی تریش لێت قەوما، دوور نییە بڵێن سەرەخۆرەشە، سەرەڕای بێبەختیو چارەڕەشیت.

ئاواتو دایکی و باپیرەی پرێسکەیان تێکنانو ڕوویان کردە سەر مەزرای ڕەش پۆش.. مانگیدوو مانگ هەر دەنگ و باسێکیش نەبوو، ئای لەو گەنجە جوان و دلێرە، خۆڕاگر بوو لەگەڵ هەموو ئەشکەنجە جۆرا و جۆرەکانی فاشیستەکاندا.. نەک هەر دانپێنانی نەکردبوو، بیلکو بەگژیاندا چووبوو، ورتەی لەدەم نەهاتبووە دەر، دوایی چەند مانگیزیندانی و ئەشکەنجەدانی، بڕیاری لە سێدارەدانی ڕاگەیانرا.

دڵی ئێجگار تەنگ بوو. هێندە تورە نەبوین کەس بزانێت، خەنجەریان لێدابایت خوێن لەزامت نەدەتکا، دەتزانی ئیمڕۆ دوا مۆڵەتی بینینیەتی، بەیانی لەسێدارە دەدرێت و دەچێتە جیهانی نەمران.. هەر چەندە زۆر زووبوو، ناردت بە دوای(م) بەهەڵەداوان خۆتان گەیاندە گەراجی موسل، حیسابی بەرکی شرِی خۆتان دەزانی، هەر بۆیە خۆتان کوتا ناو (نێرینەسپیە18) نەفەرەکە.. ئەگەر نەقابە هەر بەناو نەبوایە، شوفێرەکەی نەی دەتوانی سوارتان بکات، چونکە بەئێوە ڕا (3 ) نەفەر زیاد بوون لەکورسییەکان. هێشتا سەکنەکەی کەمناڵێکی(12) ساڵانەی لاسار بوو دەچوو هاواری دەکرد (موسل...نەینەوا) یەک نەفەر، تۆ ئەوەندەت ئاگا لێبوو نێرینەکە هەژایەوە، بەجەستەلەڕێزی دووەم بویتو نەئاگاداری قەبزی شوێنەکەت و نەھەراو ھۆریای خەڵکەکە تەنانەت هەستت بەو چرە دوکەڵەش نەدەکرد کە زۆر قینت لێیەتی. تۆ لەجیهانێکی تر دەژیایت، لەگەڵ برادەرەکەت لەتەک یەک دانیشتبوون. ئازایەتی تۆ نەبوو، ئەو شوێنی خۆی لەگەڵ کابرای تەکت گۆڕییەوە... لەهەولێرەوە قسەیەکت نەکرد، ئەمە جاری یەکەم بوو خاڵەکانی پشکنین، ئۆتۆمبیڵ ڕانەگرن. بەدرێژایی ڕێگا تۆ نوقمی خەیاڵ بویت، ئەگەر جار ناجارێک

بەهۆی هەڵبەز و دابەزی نێرینەکەکاتێ لەتاسەکانی دەدا خەبەر ببایتەوە، ئاگاداری قەتیسماوی فرمێسکی چاوەکانیشت نەبویت. وشەی هەستە دابەزە بەئاگای هێنایتەوە بینیت گەیشتوویتەشارە دەستت بۆگیرفانت برد، هەڤاڵەکەت وتی پارەدراوە، بەبێ‌دەنگی دابەزیت و سەیرێکی کاتژمێرت کرد زووبوو، تەکسییێکتان بەکرێ‌گرتو لەبەردەم زیندان لێی دابەزین. حەشامات هەستا بوو، لەژێر پاڵەپەستۆی حەشاماتەکە توشی هەناسە بڕکێ‌بویتو خۆت گەیاندەدەرگا گەورەکەو مۆرێکیان لەدەستت داو. یەکەم کەس بویت لەدەرگای بەندیخانە چویتە ژوور، هەرکە چاوت پێی کەوت لەقوڵپەی گریاندا. یەکترتان گرتە باوەش و توند توند یەکترتان دەگوشی، تامەزرۆت لێنەشکا، وابە ئاسانیش ناشکێ.. خەڵکەکە هەرهاتو پڕی حەوشەکەبوون، شین و گریان خەریک ئەو ناوەی پڕکردبوو، ناکاو بەمیهرەبانییەوە! دیار بوو لەزیندانیەکانی تر ورە بەرزتر بوو، فەرمووی: (ئێرە شوێنی قارەمانییەتی و دان بەخۆدا گرتن و بەگژدا چوونەوە و دروشم و سروودی شۆڕشگێڕییە، شۆڕشگێڕی ئێمە و گەلەکەمان و چینی زەحمەتکێشان با لەبەر چاوی دوژمن لەدەستنەدەین) قسەکانی شیرین بوون، زەردەخەنە سەر لێوە وشکەکانی هەرگیز بەرنەدەدا، ئاواتی تاقانەی توند توند گرتبووە باوەش، دەستێکی خستبووە ناو پەنجە رەقەکانی باوکیو دەستەکەی تریشی لەنێو پەنجە ناسک و بێناز کەوتوەکانی کافیە بوو، کافیەی ڕەش پۆش‌و خوێن لەچاوزاو بێبەش لە ژوانی دڵدارە دەستو پێ زنجیرکراوەکەی.

بەچاوەکانی ئێمەشی دەدواند... من تەمەنی درێژم بۆئێوە بەجێ‌دێڵم، ئێوەش بیکەنە دیاری ژیانێکی نوێی بێ‌چەوسانەوە.. بەڵام دڵسۆزانم ئاگاداری کافیەی تاکە دەستگیرانمو باوکم و ئاواتی جگەر گۆشە بن..

ورە بەرزی هەموو زیندانەکانت بینی، پێچەوانەی هاتوانی لای زیندان و ئەسرین و وشەی ئاگرین، دروشمی گڕ ئاسا و شۆڕشگوورِی و سروودی (ئەی رِەقیب و ئەی شەهیدان) چەند بەپەرۆشی پێشوازیان لە مەرگ دەکرد، دوا شەهیدی بنەماڵەی شەهیدان (کاکە ستار) هاواری دەکرد (ئای کەخۆشحاڵم کوردستان وەک شەهیدێکی خۆی قبوڵم بکات). زەنگی کۆتایی سەردانیکردنی زیندانیان لێدرا.. کەس نەبوو فرمێسک لەچاوانی نەیەتەخوار، دواجار دەستی بەقژە زێرِینەکەی ئاوات خانی تاقە کۆرپەی بنەماڵەکەیان داهێنا، دڵۆپی فرمێسکی گەش لەچاوەکانی پەرِییە سەر چاوەکانی ئاوات، ئامۆژگاری دەکرد،"کۆرپە نازدارەکەم سەرپۆشی شەرم فرِێبدە و قەڵەم تاکە هەڤاڵی گیانی بەگیانیت بێت،

رِێبازی چەوساوەکان تاکە رِێگات بێ، ئەوسا داپیرە و باپیرە و مامەکانت لەیاد نەکەیت.*

* شەهید هەژار دێدەونی ئەم چیرِۆکەی تەواونەرکردووە.

# بەشی چوارەم

# سێ بابەتی بڵاوکراوەی شەهید هەژار

# داستانی شۆ پیران*

مادەکردنی/ هەژار دیدەوانی

## شەوی 30/29 تەمموزی 1979

هێشتا تیشکی خۆر زەردەی مابوو، دوو کەرتی تێکۆشەر لە هەرێمی (8) دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگە گیان لەسەر دەست و جەربەزەکانی حزب، لە هەڵگرانی ڕێبازە ڕەسەنەکەی سۆسیالیزمی زانستی، لە خەرابەی کانی بزرەوە بە کەندی لوولله و دامێنی (گردی شەڕگە) دوو دوو پەیک ئاسا بە دەربەنداندا شۆڕیان کردەوە. هەرچەندە ئەو کاتە ناوچەکە بە شەو و ڕۆژ کۆنترۆل و پێخوستی بەچکە فاشیستەکان بوو بەڵام هەڵۆ بەرزە فڕ و بازە بە تواناکان لە شەقەیَ باڵیاندا و خۆیان گەیاندە گوندی (کەردز) و بە پێی نەخشەیەکی ڕێک و پێک بە فەرماندایەتی (حوسێن دۆشکە و خدر حاجی عەلی) دەستیان بەسەر ئەو چوار سەد سەرە مەڕەدا گرت کە ڕژێمی فاشی بە ناوی (کۆمەڵەی هەرەوەزی کەردز)کردبویە سەرچاوەیەکی چاو سوورکردنەوە و بە بەعسی کردن و ڕووتاندنەوەی جوتیارە زەحمەتکێشەکان، بەرەو دێدەوان کێلیان کردەوە، ئەم شەوە بە ماندوو بوون و شەکەتی و شەونخوونی مەڕەکانیان لە پشتی دۆڵ دەمانچەوە بەرەو (شۆ پیران) داگێڕا.

## شۆپیران و پێناسێک

شۆپیران گوندێکی خنجیلانە و بچووکی بناری دێدەوانی کوانووی پێشمەرگە و چوار کیلۆمەتری بەستی (شرغە)یە. لە دۆڵێکی نیمچە قووڵ و درێژ، لە نێوان دوو تەپۆڵکەی بەرزدا لەبەری بەرۆژ قوت بۆتەوە.

لە بەرانبەریدا بە ناو قوتابخانەیەک، بەڵام بێ مامۆستا و خانوێکی گەورەی ڕەق و تەق بەدیدەکرێ، ئەم گوندە بێنازە سەر بە ناحیەی (شۆڕش)ە لە قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر، هەر لەسەرەتای پێکەوەنانیەوە وەک گوندێکی دوا کەوتوو لە پێداویستییەکانی ژیان بێ بەش بووە. چەندین جاریش لەلایەن ڕژێم سوتاوە و جوتیارە چەوساوەکان سەر لە نوێ دروستیان کردۆتەوە، زەحمەتکێشانی ئەم گوندە ژیکەڵەیە، ژیانیان بەندە بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، لە سەرووی گوند بە کیلۆمەترێ دارتووییێکی پتەو لە تەکیدا بیرێکی ئاو بەدیدەکرێ.

## شۆپیران و بەرەبەیانی/ 30 ی تەمووزی 1979

جووتیارەکان، وەک پیشەیانە لەگەڵ گەردی بەیانی ڕووە و کار و فەرمان وەدەرکەوتن، هەندێ ڕووە و پەرێز هەندێ بەرەو جۆخین و جەنجەڕ دابەستن، هەشبوو چاوەڕوانی کزەی شەماڵ و شنەبا بوو.

پێشمەرگە قارەمانەکان بۆ پشوو لە ماندووبوون و کە نەقتی ڕۆیشتن بە درێژایی شەوی پێشوویان، لەژێر دار تووەکەی سەرووی گوند و سەر بیرە ئاوە کەللە تەزێنەکە دانیشتن، بۆ ئەوەی نەختێ

شەکەتی لە گیانیان دەر بکەن و ئارەقەی ڕێگەی سەختی کاروانی خەبات و چالاکیە شۆڕشگێڕەکەیان فێنک بکەنەوە، ئێشککگرەکەشیان لە تەپۆلکە هەرە بەرزەکە بە دیار سەری هەڤاڵەکانیەوە، لە نێوقانە پووشێک دووربینە بچووکەکەی بە دەستەوە بوو، جار ناجارێ پێی دەڕوانیە هەرچوار لای کە تا چاو بڕکات هەر دیار بوو، ڕانە مەڕەکەش لە قەد پاڵ و گردۆلکەکان بڵاوببوونەوە.

## شۆپیران و چێشتەنگاوی/ 30 ی تەمووزی 1979

تازە خەڵکی ڕەش و ڕووتی گوند لە پیرۆزبایی ڕۆلەکانیان بە بۆنەی ئەم چالاکیە بە پێکەنینەوە بەرەو ماڵ و سەرکارەکانیان گەڕابوونەوە، پێشمەرگەکان گورج و گۆلانە خۆیان شەتەک دابوو، دەیانزانی بەم کارەیان ڕژێمی شۆفینی چاوی دەچێتە تەوقی سەر، هەر بۆیە چەکەکانیان زمانیان لە لێوان دەدا. لە ناکاو بانگێک و دەنگی زوڵاڵی ئیشک گرەکە و نەڕە نەڕی (8) کۆپتەری جەنگی لەو دۆڵە تەنگە بەردا لەگەڵ شەقە شەقی پەروانەکانیان دەنگی دایەوە، دەنگدانەوە و بەرەنگاربوونەوە ڕکابەرییەکی پیرۆزی گڕی لولەی تفەنگی شێرەکانی بێشە بوو، ئەوە بوو کوڕەکانی گەل پەلیک ئاسا وەخۆ کەوتن و دەستە دەستە دامەزران بەر لەوەی کۆپتەرە بێ بەزەییەکان ڕق و کینەی ڕەشی فاشیستەکان لە ناخی باروت و تیزاب و ئاسندا داببارێنن، چەکە سووکەکانی نوێنەرانی زەحمەتکێشان ئاسمانیان لێ کردنە یەک پارچە ئاگر، دوژمنی زەندەق چوو دوو ڕەوە کۆپتەری دیکەی جەنگی باری ناردە هانای هێزە ئاسمانیە تۆقیوەکەی، ڕەوێکیان لە ڕۆژئاوای گوندەوە هێرشی هێنا، ڕەوەکەی تر لە باکوورەوە، هەر لە سەرەتای شەڕەکە

بوو. کە دوو لاوی گورزوەشین دارتووەکەیان کردە دوا ئارامگە و بە خوێنیان ئاویان دا، تەقە گەرم بوو، ئەو هێزە سەربازییەی کە هەر لە بەیانییەوە بە پشتیوانی زریپۆش و تۆپ بەرەو بەستی شەرغە بەرێکەوتن بوو، ئەویش گەیشتە مەیدانی شەڕ. بەمە تا دەهات گڕی شەڕەکە کڵپە تاوی دەسەند و فراوانتر دەبوو، پێشمەرگەکان بڕیاری شەڕی مان و نەمانیان دا و سینگیان کردە قەلغان، شۆپیران داروبەردی، جۆم بەستی بووە سەنگەری بەرگری، هەر زووش ئاگاداری خەلکە زۆر لێکراوەکەیان کرد کە لەناو کورەی شەڕەکە دەربچن. ئەمەش سەرەتای یەکەم هەنگاوی هەڵمەت و پاراستی خەلکە بێ دەرەتانەکە بوو.

## نیوەڕۆی/ 30 ی تەمووزی 1979

چرقەی گەرمای چلە و تێنویەتی، لەگەڵ هەڵمەت و هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە ئازاکان ئاوێتە ببوو. ئاسمانە بچووکەکەی شۆپیران (20) دانە کۆپتەری باری و جەنگی تێدا دەخولایەوە، (دە) دەهات و (دە) دەچوو، کەوتبونە گیانی گیانبازان و بەچکە فاشیست و موشەک و شەستیریان هەڵدەڕشت، ئاقارەکەشی بەهێزێکی گەورە کە لە گەلە جاشێکی خۆفرۆش و چەند تیپێکی سەربازی پیادە و هەرچوار سریە موغاویری (العزم، الحریة، الولحدة النصر) پێک هاتبوو جگە لە تیپێکی (قوة خاصة)، بە پشتیوانی هەر هەموو ناقیلەکانی کەتیبەی (ئیستیتلاعی ابن الجراح)، گەمارۆی تەنیا ئەو (19) پێشمەرگەیەیان دا کە ئێجگار ماندی و شەقی بوون. بەڵام ورە بەرزانە، باوەڕ بە هێز و پۆڵاینانە، شۆڕە سواران، جومیرانی دەشتی کاکی بە کاکی هەولێر و

دێدەوان، تەپۆلکە و چۆم و بەست و چاڵ و خانووە قووڕینەکانی شۆپیرانیان کردە مەتەرێزی شەڕەف بۆ ئەوەی جارێکی کەش بسەلمێنن کە هەمان هەڤاڵ و هاوڕێبازی گورزوەشێنەکانی داستانەکانی وەلزێ و دەشتێو و شێنی و ناو دەشت بیسەلمێنن کە هەستی شۆڕشگێڕانە و وورەی قایمی سۆسیالیستەکان زۆر لە تۆپ و تانکۆ موشەک و جبەخانەی دوژمنانی کوردستان بەهێزترە دەبا لە کوڕ و کچانی ناوچەکە ئەم گۆرانیە ببیستین:

حوسێن دۆشکەی ئازا و نەبەرد

لێپرسراوی کەرتیکی مەرد

دەیگوت هەڵمەتکەن دەست و برد

ببڕن، بکوژن، دوژمنی، کورد....هتد.

بەمەش تا دەهات شەڕەکە خەستر دەبوو، تا دەگەیشتە شەڕی دەستە و یەخە هەر کەلاکی قوە خاصە و موغاویر بوو هەڵدەپرووکا، هەر کۆپتەر بوو بۆ بەرزایی ئاسمان هەڵدەهات، هەر جاش بوو لە خۆل دەگەوزێندرا، چرقەی گەرما شالاوی دەهێنا و پێشمەرگە هەڵمەتی دەبرد، تەکانی شێلگیرانەی تێنوانی ئازادی، دابڕ دابڕی هێزە بەزیوەکەی ڕژێم، جێگای شادی جوتیارەکان بوو، شەڕ تا دەهات ئاگری خۆشتر دەبوو، خەلە و خەرمان، ڕەوسەی گەنم، ئاگری تێبەردەبوو، خانووبەرەی جوتیارە نەدارەکان کەوتە بەر بۆمبا و مەشخەلی لێ بەرزبۆوە، پەرێز و پاوان، دار و بەرد بوونە یەک پارچە ئاگر، کوندە و دێمکە و داودان دیاری گەرمەی شەڕ و دەستەی خەڵکە شۆڕش

گێڕەکە بوو، بەڵام حەیف کە تا دەهات بێ فیشەکی شاڵاوی بۆ بوێرە سەرسەختەکان دەهێنا، هەر کاتژمێرێک یەکێکیان شاڵاوی بۆ بوێرە سەر سەختەکان دەهێنا، هەرکاتژمێرێک یەکێکیان، دووانیان، سێیانیان، دڵە مەزنەکەیان لە لێدان دەکەوت (ئەم جارەش با بزانین کوڕان و کچانی ناوچەکە چۆن ئەم داستانەیان هۆنیوەتەوە):

سەیری هەر جۆمێکت دەکرد – لە گیانت بەردەبوو ئاگر

لاشەت دەبینی بە بێ سەر – هی پێشمەرگە، لە ناو سەنگەر.. هتد).

بەڵام هەڤاڵەکانیان سوێندیان بە خوێنی ناهەق ڕژاوی ئەوان دەخوارد و هەمان چەکی خوێناوی و فیشەکی ئەوانیان دەگرتە دەست و بە ڕووی دوژمنانیاندا دەتەقاند و گەر بەلاشەی خۆشیان بوایە ماوەی ساردبوونەوەی تەندووری شەڕەکەیان نەدەدا.

## عەسرێکی درەنگی 30 ی تەمموز

تا دەهات مەیدانی شەڕەکە تەسکتر دەبوو، بستێ زەوی لە ئاقاری ئەم گوندە خۆراگرە نەمابوو نەبووبێتە پیخوستی پۆستاڵ یا موشەک و بومبای فاشیستە مشەخۆرەکان نەیسمیبێ، چڕە دووکەڵ ئاسمانی تەنیبوو بۆنی باروت مرۆڤی کاس دەکرد، هەر پێشمەرگە بوو نەدەپرینگاوە و خۆی دەکردە قوربانی لانەی سووتاوی جوتیارە هەژارەکان و لاشەی پیرۆزی هەڤاڵەکانی، بە خوێنی ئاڵی دەنەخشاند و هەڵمەتی دەبرد، کاتژمێر هەنگاوی دەنا و سۆسیالیستە بەئەمەکەکانیش هەنگاوەکانیان گوللەی دەقۆزتەوە، (دوای تۆمارکردنی ئەم داستانە و ئێستاش دەبیستین کە خەڵکی ناوچەکە دەڵێن):

خدری حاجی عەلی بە تاو – دەیگۆ دوژمنی بەدخوو گلاو

ئەگەر پێشمەرگەش نەمێنێ – گەل تۆڵەی خۆی هەر دەستینێ...)

لە هەر (19) پێشمەرگەکە یەکێک نەمابوو گوللەی فاشیستەکان نەی پێکابی، تا ئەو کاتە (12) تێکۆشەری ڕێگای ئازادی گیانیان لە شەقەی باڵیان دابوو و بەرەو پایەگای شەهیدان، جەستەی سووریان تێکەڵی خاک و خۆڵەمێش بووبوو، حەوتەکەی تریشیان بە دەم ناڵەی زامەکانیانەوە و بە تێنوییتی لە سەنگەری شەڕەف و سەربەرزی دەجەگان، لەکاتی بێ فیشەکیدا وشەی (سلم نفسکم) مارێکی حەوت سەری ئەفسوناوی بوو لە نێو مێشکیاندا گینگڵی دەداو دەیکیفاند، دەبا ئەم جارەش بزانین خەڵکی ناوچەکە چۆن ئەم داستانەیان بە گۆرانی و شیعری سادەی خۆیان تۆمارکردووە...

پێشمەرگەی بریندار لە لانە – بێ هاناو فیشەک و ئاوە ... هتد

بیری دەربازبوون کێشی کردن، بەڵام بۆ کوێ؟ هەمووولایەک بە هێزی دوژمن تەندرابوو، دووقارەمانی دیکەش لە بریندارەکان بە دوا فیشەک خۆیان شەهید کرد و چواریشیان بە دەم ناڵەی زامەکانیانەوە کە تاکە فیشەکی لە نێو تفەنگەکانیان بەدی نەدەکرد، کەوتنە دەستی ڕژێم، بە نەمانی تەقەی پێشمەرگەکان هێزە تەقیوە هەترەش چووەکەی دوژمن غیرەتیان دا بەر خۆیان و لاشە بێگیانەکانیان بە زەوی و بە نێو دار و بەردی سووتاودا کێش دەکرد و سووکایەتیا پێ دەکردن، تا لەگەڵ هەر چوار دیلەکە لە کۆپتەر باریان کردن بەرەو شارە دێرینەکەی هەولێر، کەلاکی کوژراو و بریندارەکانی خۆشیان، کەلەکەی

سەر یەک کرد و لە نێو زیل و ئێفاکانیان ئاخنین، بەپەلە پڕوزێ خەریکی خۆ دەربازکردن بوون، چونکە زەبری کوشندە و سامی پێشمەرگەیان دیبوو، دوا پێشمەرگەش کە هێشتا تیشکی خۆر لە (گیرەی ڕەش) ئاوا نەبوو بوو بە بریندارى خۆی گەیاندە جوتیارە زەحمەتکێشەکان و ئەوانیش وەک چاوی خۆیان پاراستیان.

## زەردەی خۆرئاوا

خەڵکی گوندی شۆپیران کەوتنە بەردەم پەلامار و هەڕەشە و گوڕەشە و بڕیاری دەرکردنیان هەر لەسەر لمووزی زرێپۆش ئیمزا کرا، لاشەی ڕێبوارە بەجەرگەکان، کەلاکی تۆپیوی سەرباز و جاش بارکرابوو، هێزەکەی دوژمن سەرای نابوو گەڕانەوە، شین و گریان کلپەی سەند، بووە ڕۆژی ڕەش، لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی دیکەی پێشمەرگەکانی حزب کە بۆ گەیشتنە هانای هەڤاڵانیان، چەندین هەڵەتیان بڕیبوو، بەڵام لەبەر فراوانی شەڕەکە و زۆری هێزی زەوی و ئاسمانیٚ دوژمن، نەیان توانیبوو کارێکی ئەوتۆ بکەن، کەمینێکیان لە نێوان هەردوو گوندی (شۆپیران و بیستانە) لە نزیک وەزیرە ڕێ دانایەوە، خۆر خەریک بوو دواتروسکەی ماڵئاوایی لە تەرمی شۆپیرانی شەهید و خوێناوی دەکرد، بەشێک لە هێزە پەرش و بڵاوەکەی بەعسیە دڕەندەکان، لە کاتی گەڕانەوەیاندا کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکان، کۆڵی دڵی خۆیان لە لولەی تفەنگەکانیان پێ هەڵڕشتن، ئاگریان بەسەردا باراندن و دەیان کەلاکیان لێ خستن، ئەم نەبەردیە کەم وێنەیەی پێشمەرگە ئازاکانی حزبمان (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) وانەیەکی تری قارەمانی و پەند و

عیبرەتێکی تر بوو بۆ هەموو ئەو چاو چنۆکانەی وەک کەل و پەل سەیری کێشەی گەلی کورد و زەحمەتکێشانی کوردستان دەکەن، زیانی دوژمن لەو داستانە، بریتی بوو لە زیاتر لە (60) کوژراو و بریندار لە ناو کوژراوەکاندا (3)یان ئەفسەر بوون. بەڵێ شۆپیران سووتا و خاپوور بوو بەڵام کەی؟ .. لە کاتێکدا کوشندەترین زەبریان وەشاندە دوژمنی گەل، هەرچەندەش ئەم داستانە بە خوێنی ئاڵی (14) شەهید، (14) کوڕە هەژاری گیانباز لە مێژووی نوێی پڕ فیداکاری گەلە ستەمدیدەکەمان تۆمار کرا، ئەم (14) هەڵگرەی ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستی گیانیان وەک کۆترێکی سپی بەرز هەڵفڕی، تا لە دڵی هەموو زەحمەتکێشێکی کوردستان ئارامگەی کۆتایی بگرن، ئەم داستانەش ئێستاش وێردی سەر زاری ڕۆڵەکانی کوردستانی زامدار و خوێن و خەباتە، دەبا بە شانازی و شایستە سەری ڕێز و تەقدیر بۆ ئەم (14) قارەمانە دانەوێنین، کە بریتین لە شەهیدانی هەرگیز نەمر:

1. حوسێن دۆشکە/ فەرماندەی کەرت
2. خدر حاجی عەلی/ فەرماندەی کەرت
3. مغدید حاجی حسێن
4. تحسین احمد حمدامین
5. ئۆمەر چاو سوور
6. ئەسعەد حەسەن وسو
7. ئەسعەد ڕەسوڵ حەمەد

8. ڕفیق سەدیق
9. نەعمان ڕەشید
10. زرار جەلال
11. عەلی برنۆ
12. بایز شێخ محەمەد
13. ئەکرەم محەمەد
14. سەدیق حوسێن

هەزار سڵاو لە گیانیان.

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە (2)ی تەشرینی یەکەمی 1986 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە.

# داستانی دەشتێو*

ئامادەکردنی بۆ چاپ (م. سەنگەر)

گژوگیا، دارو درەخت، گوڵوگوڵزار، خەریک بو سەرلە نویٚ ببوژێنەوە و چرۆ دەربکەن، بەهار لە خۆ ئامادەکردن بوو بۆ سەرەتای ئەو حەز و ئارەزووانەی لە ناخی نەورۆزدا بە ئاواتی لە دایکبوون بوون، زستانە پیرە لەدوا ڕۆژەکانی چۆکدادان و سەختی و تەڕ و تووشی پەیتا پەیتا ملکەچی وەرزێکی نویٚ بوو. دە بە قەد زستانە ئالۆزەکەی ئەو کات، کوردستانی زامداریش لە گێژاوێکی تەنگ و شەوەزەنگی ئەنگوستە چاوش لە سایەی ڕژێمێکی شۆڤینی، باڵی ڕەشی کێشابوو، هەلومەرجی ئەو کات ئێجگار ناخۆش و پڕ کوێرەوەری بوو، کوردستانی خۆشەویستمان هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ، بە قوڵایی چەندان کیلۆمەتر چۆل و هۆڵ کرابوو، باو باوی بە عەرەب کردن و بە بەعسی کردنی ڕۆلەکانی گەل بوو، ڕژێمی ڕەگەزپەرست، گەر لە توانای دابووایە، چیا گەردن کەشەکانی کوردستانی تەخت دەکرد، وەک چۆن لادێکانی وێرانکرد، بە هەزاران شۆرشگێڕی لە پیشە و مەڵبەندی باوک و باپیرانی دەرپەڕاند و لە شارەکانی خوارووی وڵات سیمپێچی کردن و نامووس و کەڕامەتی کوردی خاوەن پرسەی خستە ژێر ڕەحمەتی دڕندانە و ئایدیۆلۆژیە شۆڤینیەکەی و ئەو کات نیشتمانەکەمان بە قەد خەڵکە بیٚ دەراتانەکەی سیخوڕی تیا ئاخینرابوو. ببووە یەک پارچە سەربازگە و موڵگەی دوژمن، ئەمانە هەموو سەرچاوەی ئەو ڕقوقینە پیرۆزە بوون، کە لە ناخی دڵی زەحمەتکێشانی کوردستان پەنگیان خواردبوو، زیاتر لە ساڵ و نیوێکیش بوو شۆڕشی

نوێی گەلەکەمان تێدا لە دایک بووبوو. شۆڕشێک کە بە تاو و گوڕ، گڕی دەسەند و پێشمەرگە قینی گینگل خواردووی دەروونیان لە نەبەردیە یەک لە دوای یەکەکاندا هەڵدەڕشت.

## دەشتێو ڕۆژی 1978/3/8

ئەمجارەیان شۆڕشگێرانی شۆڕشی تازە، هەڵگرانی ڕێبازە ڕەسەنەکەی سۆسیالیزمی زانستی، ژان و ئازار ولە تەهی دڵ هەڵگرتووانی گەل، هەڤاڵ و هاوڕێبازانی تومارکەرانی داستانەکانی وەلزێ و شێنێ، تێکۆشەرانی هەرێمی هەولێری حزبمان لە قەراچووغ و دەشتی کاکی بە کاکی هەولێرەوە لە ناوچەکانی کۆیە و خۆشناوەتیەوە، پەیتا پەیتا زستانە شێتەیان دەپێچایەوە و تەنگەتاویان کردبوو، لەگەڵ ماندوو بوون و شەو نخونییێکی بێ ئەندازە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی 1978/3/8 دا گەیشتبوونە ناوچەی قەلادزەێی قارەمان و لە ناوچە خۆڕاگرەکەی (دەشتێو) تووشی هێزێکی گەورە و، پێشوو ئامادەکراوی دوژمنانی ئازادی و یەکسانی دەبن، ئەو دوژمنە داخ لە دڵ و چارە ڕەشەی دمێک بوو، هەراسانی دەستی ئەم شێرە کوڕانە بوو، بە خەیاڵی گلاوی خۆی لە دەرفەتی تۆڵە سەندن دەگەڕا، بەڵام ئەم جارەشیان هەرپێی کرابوو بەختی ڕەشی خۆی تاقی بکاتەوە، سەرەڕای ناشارەزایی کوڕە ئازاکانی هەرێمی هەولێری تێکۆشەر و زۆری سەربازگە و موڵگەکانی دوژمنی ڕەگەز پەرست لە ناوچەکە و گەمارۆدانیان لە هەرچوارلاوە و سروشتی شوێنەکە، کە پشتیان ڕووباری قەلادزە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکیان پێکردن، مەگەر

هەرجوتیارە ڕووتەلە و شۆڕشگێرەکان، بە دەرەبەگ و هەر پێشمەرگەی سۆسیالیستە گیان لەسەردەستەکان بە دوژمنانیان کردبێ.

## دوو هێزی نا بەرانبەر

هێزە گەورە هەترەش چووە چەک مۆدێرنە هەمەچەشنەکەی عەفلەقیەکان، زەوی و ئاسمانیان کۆنترۆل کردبوو. لە زەویدا بریتی بوون لە دوو لیوای سەربازی پیادە و مغاویر و قوە خاصة، بە پاڵپشتی وەحدەیەکی زرێپۆش لە چوار قولەوە، ترسنۆکانە هەنگاویان دەنا تابە ڕووی شۆڕە سوارانی مەیدانی خەبات و قوربانیداندا هەڵقژێن، لە ئاسمانەوەش زیاتر لە (30) کۆپتەری جەنگی و بارهەڵگر سێبەرەیان کردبوو، هێرشەکە بە سەرکردایەتی ڕاستەوخۆێ فەرماندەی (فرقە)ی هەشت بەڕێوە دەچوو، مەبەست لەو هێرشەی ڕژێمیش لە ناوبردنی تەواوی ئەو هێزە قارەمانەی حزب بوو.

هێزی پێشمەرگەی حزبمان (حزبی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر) بریتی بوو لە لاوە زرنگ و ورە پۆڵاین و پارتیزانە جەربەزەکانی هەرێمی هەولێری هەرگیز لە شکان نەهاتوو، کە زۆر نا بەرانبەر بوون لەگەڵ هێزی  هێرش هێنەرەکەی دوژمن، چ لە ڕووی جۆری چەک و چ لە ڕووی ژمارەوە، بە سەرکردایەتی سەرکردەی ناسراو ئەندامی سەرکردایەتی حزب (سعدی عزیز).

## دەشتێو و (12) کاتژمێر شەڕی گەرم

لەگەڵ گەردی بەیان و کازیوەدا، هێرشی ناکاوی دوژمن لە هەر چوار کەناردا، ڕووبەڕووی نرکەی سنگ و پەلامار و هەڵمەتی پێچەوانەی پێشمەرگە بووەوە، تەقە هەڵگیرا، پێکدادانی خوێناوی سەرتاپای ناوچەکەی هەژاند، هەر زوو دابڕ دابڕ سەرباز و مغاویر و قوات خاسە چۆکی پێدادان و شکستیان خوارد. تەنانەت ساروخ و شەستیری کۆپتەر و تۆپبارانی خەستیش دادی نەدان.

پێشمەرگەکان دەیانزانی بەرامبەر بە کێ شەڕ دەکەن، لە ئاقار و نزیکی چ شارێکی قارەماندا دەجەنگێن، بەڵێ لە قەلادزێ لە ئامێزی یادی کارەساتە دڵتەزێنەکەی شاری شەهیدان و 1974/4/24 کە گوڕ و تینێکی تازەتر و ورەیەکی قایمتری دایە کاروانی سووری عیشق و ئازادی و یادی (130) شەهیدەکەی کەلە چەند خولەکێکی کەمدا بە دەستی ئەو دوژمنە ڕەگەز پەرستە لە ناوچوون، زیاتر شێرەکانی دەرپەڕیوی لانەی دەخرۆشاند، تەکان لە دوای تەکان بۆ تۆڵەسەندن جۆشی دەدان، کەلاکی کەلەک بووی ئەوانیان دەکردە مەتەرێزی شەرەف و خۆبەختکردن، تا کار گەیشتە شەڕی دەستە و یەخە و مان و نەمان، کاتێکیش درێژە کێشانی شەڕەکە و کەم فیشەکی شاڵاوی بۆ ڕۆڵە سۆسیالیستەکان هێنا و کەوتنە سەنگەری بەرگری کردن، هەر پێشمەرگە بوو چۆکی خۆی دەبەست، مەگەر دوژمن، بەسەر لاشەی پیرۆزەکەیدا بازی بدابا، تاو ناتاوێ شەڕەکە پتر گەرم دەبوو پتر هاشەی چەکە ڕێزەکان و شریخەی برنەو و ڕەمبەی ئارپێچی، ئاوێتەی یەک دەبوون و بەرانگژی تۆپی جۆرا و جۆر و کۆپتەر و زرێپۆش

دەبوونەوە و ئاوازی مردنیان بە گوێچکەی خاوەنی چەکە قورسەکان دەگەیاند و ئاسمانی شەڕەکەیان لە ڕەوە کۆپتەر چۆل دەکرد. ئەو ڕۆژە ئەو دوازدە کاتژمێرە تەواوی شەڕی دەستەویەخە و هەڵمەتی پێشمەرگە، بووە تۆمارێکی هەرگیز نەمر لە مێژووی گەلەکەمان نموونەی ڕاست و دروستی پەیمان و وەفای پێشمەرگە بۆ گەل و نیشتمان، کە تا هەتایە بۆ نەوەکانی دوارۆژ وەکو شانازی دەمێنێتەوە، چۆن شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان لە پێناوی ژیانێکی خۆشتر و ئاشتی و مافی گەلە ژێر دەستەکەیان، چاو نەترسانە بەرەو مەرگ هەنگاویان دەنا، خاکی دەشتێویان بە خوێنی گەش و پڕ لە هیوایان سوور دەکرد.

## دەشتێو و زیانی دوژمن

دەشتێو لە ڕووی داگیرکەر و چاوچنۆکەکاندا بووبووە یەک پارچە ئاگر دار و بەرد و گلی ئاقارەکەی لە ژێر پۆستالی ڕەشیاندا دەبووە لوغم و بە ڕوویاندا دەتەقیەوە، شەقار دەبوو، پێشمەرگەی لێ دەهاتەدەر و چۆکی بە دوژمن دادەدا، گورزی کاریگەریان دەوەشاندە هێزە بە هەزارە زەندەق چووە لەرزوکەکەی بەعس لە داستانی دەشتێو، زیانی فاشیستە بەر چاو تەنگ و شۆڤینە دەروون ڕەشەکان بریتی بوو لە کوشتن و بریندارکردنی زیاتر لە (330) سەرباز و دەرەجەدار، کە عقید ڕوکینک و چەند ئەفسەرێکی تر لە نێو کوژراوەکاندا بوون، خستنە خوارەوەی دوو کۆپتەر.

## گردە چیوە و نموونەیەک لە هەڵمەتی نەبەردتنەی پێشمەرگە

لە کاتێک هەڤاڵی سەرکردە، پارتیزانی لێزان و فەرماندەی هێزەکانی هەولێر و خۆشناوەتی حزب، تێکۆشەری هەڵکەوتووی نێو ژان و ئازارەکانی ڕەنجدەرانی کوردستان، فەرمانی گرتنی گردە چیوەی دەرکرد. گردە چیوە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ بوو لە ڕووی عەسکەرییەوە، تاڕادەیەکی زۆر تەرازووی شەڕەکەی بەلای ئەو هێزەدا دەشکاندەوە، کەلە دەستی بوایە، بۆیە هەڤاڵی فەرماندە بە خۆی و دەستەیەک لە گیانبازانی ئاگربڕ، بە نەخشەیەکی ڕێک و پێک هەڵمەتیان بۆ برد و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە هێزەکەی دوژمنیان پاککردەوە، بەڵام بەداخەوە بە نرخێکی بەهاگران، بە شەهیدبوونی خەباتگێڕی سەرکردە کاک (سەعدی عزیز) ناسراو بە سەعدی گچکە.

## دەشتێو و کاروانی سووری شەهیدان

ئەمجارەش کاروانی سووری شەهیدانی حزب و گەل ژمارەیەکە لە کوڕە هەرە شۆڕشگێڕ و بە وەفا و بە ئەمەکی مەخموور و دیبەگە دەشتی هەولێر و ساڵەیی و کۆیە و خۆشناوەتی، ئەمجارەیان پێشمەرگە سۆسیالیستەکان لە دەشتێو دا، قینی پەنگا خواردووی چەند ساڵەی دەروونیان لە لوولەی تفەنگەکانیانەوە بەسەر دوژمندا داباراند و لە سەنگەری پتەوی تۆڵە سەندنەوە، سەختانە بەڵێنەکانی خۆیان بۆ گەلە ژێر دەستەکەیان گەیاندە سەر، بە خوێنی ئاڵیان بەرگریان لە ڕێبازە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکەیان کرد و زەنگی هاتن و مژدەی هاتنی بەهارێکی تریان بەگوێچکەی بە حەسرەتی ئازادی و ئاشتی گەیاند.

بەهاری کوردستانی هەمیشە بە خوێن ئاودراویان، جارێکی دیکەش ئاو درایەوە، تا نەورۆزی سەرکەوتن و خەبات و قوربانیدانی ئەمساڵەی پێ لە دایک بێ، ئەم داستانەش بە خوێنی سووری (18) پێشمەرگە تۆمارکرا، ئەو نەبەردیە نەمرە، ئێستاش وێردی سەرزاری هەموو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و خاوەن ویژدانە و هەربۆیە دایکی نیشتمان بە شانازییەوە باوەشی وەفای بۆ تەرمی پیرۆزی ئەو (18) پاڵەوانە، ئەو (18) ئاڵا هەڵگرەی ڕێبازی سۆسیالیزمی زانستی کردەوە، ئەوانیش بریتین لە:

1. شەهیدی پایە بەرز (سەعدی عەزیز) ئەندامی سەرکردایەتی حزب
2. شەهید ئەحمەد حمەد ئەمین / فەرماندەی کەرت
3. جەعفەر ئەسوەد / فەرماندەی کەرت
4. جەواد کەریم مەحمود
5. جەعفەر کەریم مەحمود
6. فەریق هەمزە وەلی
7. شاهێن عزەدین
8. سەباح جەمیل
9. ئەحمەد حەمدکەریم
10. جەبار ئیسماعیل

11. کەمال واحید مەحمود

12. حوسێن ڕەحمان سەعید

13. فەرخ قادر

14. تاهیر محەمەد عەلی

15. فاڕوق سەدیق

16. محەمەد حمەدئەمین

17. سامی عوبەید

18. عوسمان ئەحمەد حەسن

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی تۆمارکەرانی داستانە زیندووەکەی (دەشتێو) و هەموو شەهیدانی کوردستان و عێراق.

---

* ئەم بابەتە لە ژمارە(3)ی شوباتی 1987 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە، دیارە شەهید هەژار ئەم بابەتەی بەناوی خوستراو(م.سەنگەر) بڵاوکردۆتەوە.

# برایەتی

کۆتایی حوزەیرانی 1981 پ.م (م . ح)

عەسرێکی زوو بو، لە گوندی (........) شۆڕمان کردەوە و دوو دوو ڕێچکەمان بەست، هێشتا خۆر ئاوا نەبووبوو گەیشتینە جێی مەبەست، بە پێی ئەو نەخشەی کە دانرابوو لە نێوان هەردوو گوندی(...........– ...........) شەقامی گشتی (هەولێر– کەرکووک) مان بە درێژایی زیاتر لە کیلۆمەترێک کۆنترۆل کرد، هەر بەپێی نەخشەکە جگە لەو دوو بۆسە پتەوەی لەلایەن دوو دەستە پێشمەرگە جەربەزەکان بۆ ئەوسەر و ئەم سەری ڕێگا دانرا بوون، جگە لەو پێشمەرگانەش کە بۆ ئەسناد لە پشتەوەتر جێمابوون. دەستەیەکی دیکەش لە پێشمەرگە دانرابوون بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکان و پشکنینیان و کۆکردنەوەیان لەو شوێنەی کە هەڤاڵی ڕابەری سیاسی هێزەکە نەدوەی لێ دەکرد و ڕێباز و سیاسەتی حزبی شیدەکردەوە، ئیتر هەر ئۆتۆمبێل دەهات و ڕامان دەگرت و بە گورج و گۆڵی دەمان پشکنین و ناسنامەکانمان لە نەفەرەکان وەردەگرت، ئەگەر بۆرە پیاوێکی ڕژێمیشمان چنگ کەوتایە جیامان دەکردەوە، ئەوانی ترمان بەرەو شوێنی دیاریکرای (ندوة)کردن بەرێزەوە بەڕێدەکردن، هەڤاڵی ڕابەری سیاسیش بەدەم بەخێرهاتنی گەرم پێشوازی لێدەکردن و لە ڕۆشنکردنەوەی ڕێباز و سیاسەتی حزب وەڵامدانەوەی جارناجاری پرسیارەکانیان، هەر دەیگووت بولبولە و دەخوێنێ، بەڵام هەر زوو لەبەر زۆری ڕاگیراوەکان و بە تایبەت

تێنەگەشتنی برا عەرەبەکانمان لە کوردی، جار ناجاریش نەدوەکە دەکرا بە عەرەبی، شەو بالی ڕەشی خۆی تەواو کێشا بوو، کاتژمێر هەنگاوەکانی خێراتر دەبوو، ڕاگیراوەکانیش زیادیان دەکرد و خۆیان لە ئافرەت و پیاو و گەورە و بچووک دەبینیەوە.

کات درەنگ داهات، زیاتر لە(100) ئۆتۆمبێل لە بەیار و ڕۆژهەڵاتی شەقامەکە ڕاگیرابوون، ئەو لکە جۆمەی تایبەت بوو بە (ندوة) کردن جمەی دەهات لە خەڵک دیاربوو لە دوورەوە شەقامەکەی بە خێرایی هەڵدەویژنی، کاتێ ئیشارەتی بۆ کرا بوەستی بە ناچاری ئیستۆپێکی هێندە بەڕکی گرت زیرەی لە شەقامەکە هەڵستاند ئەگەر شوفێرەکە زیرەک نەبوایە لەوانەیە وەرگەڕابایە پاش ئەوەی خۆمان پێناساندن کە پێشمەرگەی سوسیالیستین دیاربوو وشەی پێشمەرگە ڕەنگی لە ڕوو پەڕاندن، باوکی شۆفێرەکە ڕیش ماش وبرنجیەک بوو، ئافرەتەکان کە دوو کچ و دایکیان بوون، کردیانە زاق و زیق و کوڕەش نوقتی گیرا، ئەگەرچی عەرەب بوون، بەڵام من بە شرە عەرەبییەکەم تێگەیشتم کە دەیانگووت: (بۆ خاتری خوا مەمانکوژن ... هیچ تاوانێکمان نییە).

بە تایبەتی کە دامان بەزاندن، بەسەر دەست و پێی یەکە یەکەمان دەکەوتن، ئەم دیمەنەش بە تەواوی گومانی پیاو خراپی پیاوەکە و کوڕەی بۆ پەیداکردین، لەبەر خۆمانەوە دەمانگووت.. ڕەنگە نێچیرێکی باش بێ، ئاخر زۆر پێدەچوو .. هەر بۆیەش زۆر بە وردی ئەوان و ئۆتۆمبێلەکە و تا جەنتای ئافرەتەکانیشمان پشکنی، هیچ شتێکمان نەدۆزییەوە کە ئیسپاتی پیاو خەراپەیان بکات.. دیاردەی ترسەکەیان نەبێ!! لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و ڕەفتاری پێشمەرگانە، ئەوان هەر هات و

هاواریان بوو، پاش ئەوەی بۆ لای خەڵکە ڕاگیراوەکەمان بردن، کە زۆر لە هاوڵاتی عەرەبی تیا بوو، پشوویێکیان هاتەوە بەر، بەڵام هەر لە پاڕانەوەش نەدەکەوتن و دەیانگووت ..(هەرچیمان پێیە هەرچیتان دەویٚ .. بەس کوشتن نەبیٚ..!!). ئەم قسانە گومانی تری لە ناخمان دەچاند، کاتیٚ بە وردیش لیٚمان کۆڵینەوە، دەرکەوت خیٚزانیٚکی ڕومادی بوون و هاتبوون بۆ هاوینە هەوارەکان بچن. ما زەندەق چوونەکەیان ببیٚتە جیٚگای سەرنج و پرسیاری ئیٚمە؟! لەگەڵ ئەوەشدا بە هەرحاڵ باوەڕمان پیٚ هیٚنان کە نایان کوژین .. دوو گەنجی بەغدایش کە هاوزمانی ئەوان و قوتابی زانکۆ بوون، بۆ ئەم مەبەستە زۆر یارمەتیان داین، پاش ئەوەی بڕیار درا خەلکەکە ئازاد بکریٚن و ئەدەبیات و پۆستەری شەهیدانیان بەسەر دابەشکرا، بەڕیٚزەوە بەڕیٚمان کردن. هەڤاڵی ڕابەری سیاسیش هاتە لای ئەو خیٚزانە کە خەریکی سواربوونی ئۆتۆمبیٚلەکەیان بوون، داوای بوردنی لیٚکردن و دڵی دانەوە، کابرای ڕیش ماش و برنج هاتە خوار و نیٚو چەوانی هەڤاڵ ڕابەری سیاسی و ئیٚمەشی بە ڕیزە ماچ کرد، دیاربوو قورگی پڕ گریان بوو، گوتی ..(ببورن ناحەقمان نەبوو بترسیٚن ئەمە یەکەم جارمانە دیٚینە (شیمال)، واش تیٚگەیەندرا بووین کە پیٚشمەرگە کۆمەڵە دڕندەیەکن و دژی عەرەبن و هەر بکەوینە دەستیان ژن یا پیاو یا منداڵیش بیٚ سەرمان دەبڕن، کاتیٚکیش باسی ڕیٚباز و سیاسەتی حزبەکەتان و برایەتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەش و میٚژووی ئەم دوو گەلەتان کرد، هەروام دەزانی ئیٚمەی پیٚ دەخەلەتیٚنن) هەڤاڵی ڕابەری سیاسی وەک پیشەی بوو بە هیٚمنی گووتی: (خاڵ، ئیٚوە نابیٚ وا خۆش باوەڕ بن و بە درۆ و دەلەسەی بەعسیە عەفلەقیە فاشیستەکان باوەڕ بکەن، ئەو خویٚن ڕیٚژانە شۆڕشە ڕەواکەی ئیٚمە

چەواشە دەکەن، جەماوەری عەرەبی برای بێ ئاگای پێ لە خشتە دەبەن).

ئەوە بوو بەڕێمان کردن بە کابراشمان گووت ... ئاگاداری خۆت بە و تۆ لە پێش خەڵکەکە ئێمەت ماچکرد نەخو زمانتان لێبدەن و بتانگرن، کابراش وەڵامی دایەوە (خۆزگە زووتر ڕاست و درووستی ئێوە و شۆرشەکەی ئێوەم بۆ ڕوون دەبۆوە... ئێستاش مادام سروشتی ئێوەی برام ناسی، باکم بە گرتن نییە).

لەو کاتەدا ئەو شیعرە بەرزەی بێکەسی شاعیرم هاتەوە یاد کە دەڵێ:

دۆستی کورد و عەرب زۆر کۆنە تاریخ شاهێدە

ناحەزی ڕووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ.

---

*ئەم بابەتە لە ژمارە(3)ی شوباتی 1987 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی پێنجەم
# سێ چیرۆکی فـــۆلکلۆر

# ڕێوی و پورە ئایشە

ڕێویەکی گەڕیدەی لەڕ لە دارستانێکی نزیک گوندە بچوک و خنجیلانەکەی ماڵی پورە ئایشە دەژیا و لانەی کردبوو. هەموو شەوێک مام ڕێوی هێرشێکی بێ بەزەیانەی دەکردە سەر پورە ئایشە و مریشک یان کەڵەشێرێکی ئەبرد و لەناو دارستانەکەدا ئەیخوارد، پورە ئایشەش دەست بە دوعا وەستابوو، لە یەزدان ئەپاڕایەوە بەڵکو ڕێوی توشی کارەساتی خۆی بێت. وا دیاربوو ڕێوی زۆر لە خۆی بایی ببوو، چونکە نەپورە ئایشەش و نەگوندەکە تاکە سەگێکیان نەبوو.. شەوێکیان بوو بە قیرە و پورە ئایشە قیژاندی ڕێوی بۆی دەرچوو کەوتە ناو چاڵێک، ئەم لاو ئەولای کرد بێ سوود بوو. مامە ڕێوی لەسەرە مەرگی خۆی ترسا و تا بەیانی نەداوە چارەیەک لەخۆی بکات، بۆیە لە یەزدان پاڕایەوە ئیتر تۆبە بکاو پەیمانی دا زیان لە کەس نەدات و ئازاری پورە ئایشەش نەدات. بۆیە وتی: (خوایە دوو قەزناخ گەنمم خێر بێت تەنیا ئەمجارە ڕزگارم بێت). هەر چۆنێ بوو ڕزگاری بوو. کە لە چاڵەکە هاتە دەرەوە و دوورکەوتەوە وتی بەخوا سەیرە من و مریشک نەخواردن کوجا مەرحەبا. نیازی خەراب کرد، خۆی ئامادە کرد بۆ گیانی پورە ئایشەی بەسەزمان لە دڵی خۆیا وتی تازە ڕزگارم بوو ئیتر تۆبە و پەیمانی چی!. شەو ڕاشکا، گوتی بەخوا تا بەیانی نەداوە هەر چۆنێ بێت ئەبێ خۆم بگەیەنمە گیانی پورە ئایشە، شەقاوێ ئەڕۆی و ئەی وت مریشکە ڕەشە میوانم وە ئەیدا لە قاقای پێکەنین و ئاگای لەخۆی نەما و لەناکاو کەوتە ناو چاڵ..ئیتر چەند هەوڵ و تەقەڵلای دا بەلام بێ سود بوو

نەیتوانی بێتە دەرەوە، وای ئەزانی ئەتوانێ فێڵ لە یەزدان بکا بۆیە ئەی وت خوایە خۆ بەخۆت دەزانی من بەدوای دار ڕبە ئەگەڕام تا خێرەکەم بکەم..بەڵام بێ ئەنجام مایەوە و ڕزگاری نەبوو، لە تینویەتیان هێنکە هێنکی پێ کەوتبوو، پورە ئایشەش کە لەدار کردن ئەگەڕایەوە تووشی مام ڕێوی بوو، ئا بەمجۆرە، وتی ڕێوی بنۆشە دەردی مریشکە ڕەشەی دایە بەر کوتەکان تا ڕێوی بێهۆش کرد، ئا بەم جۆرە ڕێوی تۆپی و پورە ئایشەش سوپاسی بێ پایانی یەزدانی کرد.

# کیسەڵ

مام کیسەڵ لە نێو ئاوێکدا ژیانی ڕۆژانەی بەسەر ئەبرد، جار جاریش ئەهاتە دەرەوە و لەناو لم و زیخی تەنکی ئاوەکەدا یاری ئەکرد. هەر کە هەستی بە یەکێکی لایدە بکردایە خۆی ئەخزاندە بن ئەو بەردە زلەی کە لە نێو ئاوەکەدا بوو، ئا بەم جۆرە تا ڕۆژێکیان کچی پاشا بەڕێکەوت ئەم کیسەڵەی بینی، داوای کرد کە بۆی بگرنو کاتێ مام کیسەڵیان گرتو بردیان بۆ کۆشکی پاشا، ئەویش خستیە نێو ئاوی باخچەکەیان کە جۆرەها میوە و دار و گوڵی تێدابوو. بەڵێ ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی ئاوی لادێکەیان بوو، هەموو ڕۆژێک بە جۆرەها خواردنی باش بۆ مام کیسەڵ ئەچوو، بەڵام مام کیسەڵ هەر لاواز و کزتر ئەبوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان کچی پاشا لێی پرسی ها کیسەڵ گیان چیت گەرەکە لەزێڕەوە هەتا گەوهەر! تا بۆت بێنم، بفەرموو ئارەزووی چیتە غەم بۆ چ ئەخۆیت؟ مام کیسەڵ بێ وەڵام بوو. وتی ئەی باشە بۆ وا داماوی، حەز لەم شوێنە خۆشە ناکەیت؟ کیسەڵی بەستەزمان، پاش ئەوەی سوپاسی کچی پاشای کرد، وتی ئارەزووی نیشتمانە شیرینەکەی خۆم ئەکەم، هەر بەردێکی نیشتمانەکەشم لەگەڵ هەموو زێڕ و خشڵی تۆ ناگۆڕمەوە. بەمە کچی پاشا تورەبوو لەدڵی خۆیدا وتی ئەبێ هیچ شوێنی لە باغەکەی ئێمە خۆشتر بێت. بڕیاریدا کە کیسەڵ بگەڕێننەوە نیشتمانەکەی، کە کیسەڵیان بەرەڵا کرد، ڕووی کردە دۆڵێک چووە ناو ئاوی جاران و بە پەلە چووە بن بەردە زلەکە دایە قاقای پێکەنین، وتیان دە باشە مام کیسەڵ کوا نیشتمانی تۆ؟ وتی نێو ئەم گۆمە و ژێر ئەم بەردە زلە هەوە، ئەوسا کچی پاشا بە قوڕگی پڕ گریانەوە وتی خۆزگە منیش وەک تۆ ژیانێکی ئەوها سادوم دەبوو، بەمجۆرە مام کیسەڵیشی خەڵات کرد.

# تاقیبی گوێ بڕینی خۆیان دەکەن

باران نم نم دەباری، بەدوای شوانیدا ئەگەڕامو، ڕووم کردە گوندێکی گەورەهەستم کرد کە گردۆلکەو زوورگەکانیشم بینیوە، کاتێ گەیمە ناو گوندو لەلای ڕۆژئاواوە بە بەری هەڵچووم، چوار سەگی گەورە هەر لە گورگ ئەچوون پەلاماریان دام، هەر نەمابوو بوو بمخۆن، گوری گوێ بڕابوون، تا خاوەنەکەی کە پیاوێکی بەساڵاچوبوو هات لێی پاس کردم، وا دیاربوو ئەی ناسیم، منیش هەستم پێ نە ئەکرد و چاوەکانی فرمێسکی تیا قەتیس ما، وتی ڕۆڵە فەرموو دانیشەو پشوێ بدە، منیش سوپاسم کردوو وتم خاڵەگیان ئەبێ بڕۆم، کاتێ بەرە و ڕۆژهەڵاتی گوندەکە ڕۆیشتم سێ چوار سەگی ترم بینی گۆردە بوون، تەواو ترسام و خۆ ئەو سەگانە گەورەتر و هەر دەڵێی بەرازن، کاتێ بەلایان دا تێپەڕیم بەلاونیوییەوە سەریان بەرزکردەوە و بێ حەپە و هەستو خوست بوون و ڕوویان لێ وەرگێڕام، بەڵام تەواو هیلاک ببوم بۆیە کە گەیمە نزیک دیوەخانی ئاغای گوند بڕیارمدا لەوێ پشوو بدەم، جا پاش نان خواردن ئێوارە خەڵکی لادێ کە ڕوویان دەدیوەخان کرد و بەخێرهاتنیان کردم، پرسیان ها کاکەگیان لەکوێوە دێی و بۆ کوێ ئەچی؟ منیش وتم بەخوا ڕەنجبەرم، بەدوای شوانیدا ئەگەڕێم، جا بەوەندەی نا بەوەندەی کردمیان بە شوان، وا دیاربوو مامەبەساڵا چووەکەزۆر لایەنگیرم بوو، ئەی وت هەژارە و غەدری لێ مەکەن، چاوەکانیشی فرمێسکیان هەڵدەڕشت، وتم بەخوا ئەم گوندە سەگی دڕی لێیە و سەگەکانی ئا ئەم مامەیەهەر لە زگ بوو بمخۆن تا لێی پاس کردم، کەچی ئەم سێ چوار سەگە گۆردەیەی نەقۆڵایەیی ئەو ماڵەی

خوار دیوەخان هەر حەپەیان نەهات! مامەبەسالا چووەکەهاتە وەلام، ڕۆڵە تۆم بینیوە و ناتناسمەوە! منیش وتم بە هەتیوی گەورە بوویمە و بابم ناوی پیرۆت بوو، دایکیشیم زریغ، مامەی بەسالا چووچاوەکانی پڕ بوو لە گریان. وتی خەڵکینە کوڕی پیرۆتی مام ئارییە بۆچی نایناسنەوە، خەڵکی بناری هەڵگورد بوو، ناسیانەوە و ها باوکت هەر تۆی نەبوو بە ڕەحمەت بێ کوڕێکی تریشی هەبوو زوو مرد.

مامەپیرەوتی ڕۆڵە تەمەنت پێنج تا شەش ساڵان دەبوو شوانی بەرخۆلەکانم بویت، لە یادمە کە دێرە ڕەش ترەکی تۆ گوێچکی بێچوەکانت بڕی، ئەم سەگانەی من هەمان ئەو بێچوانەن کەتۆ گوێچکەکانت بڕین، جا تاقیبی گوێ بڕینی خۆیان دەکەن و تۆیان ناسیوەتەوەبۆیەپەلاماریان دای.

---

* (دیارە شەهید هەژار دێدەوانی ئەم سێ کورتە چیرۆکە فۆلکلۆریەی لەبەرواری 1979/7/1 نووسیویەتی و تۆماری کردوون، ئەم بەروارە لەسەر دەستنووسەکەی هەبوو).

# بەشێ شەشەم
# چەند تێکستێکی حەیران

# چەند تێکستێکی حەیران

حەیران لە سەرێ سەکرا
ئەتو بە من بلێ خوشکە
هەتا ئەمنیش بە تۆ بلێم برا
ئاوان و کزور لە گوندێ مە
گەلەک زۆرن
لە بەینی من و تۆ با چ نەکەن شکا.

* * *

حەیران
بابە ئەگەر مردم قەبرم لاڕێ بێ
ڕاستی سەرم دەلاقەکی لێ بێ
ئەگەر کیژ و کاڵی گوندی مە
چوونە داران با چاوەکم لێ بێ.
کیژ دەرێ کەسم لە ماڵە بابان نەمێنێ
بە عام بچینە سەر قەبری کوڕە تیم لاوی خۆم
هەتا فاتیحایەکی لۆ هەدیە کەین
بە عام بلێن ئامین هەزار ڕەحمەتانی لێ بێ.

* * *

حەیران لەجێ ستێرا لە مەرقەدی شوانا
گەشتمە حەیرانی بەدوو چاوێ بە فرمێسک

گوتم حەیران لۆ هێندە عێدزی
گوتی عێدزێ من لەبەرئەوەی نی یە
ئەگەر باب و برایێ من
لە زینوێ شێخی لەدوو کاروانینە
عێدزیێ من لەبەر ئەوەیە
گەوارەکی ڕەشی تاریی داهێنا
تەڕ دەکا شەمامان شەمامەی باخەرێ
لە کوڕەتیم حەیرانی لۆ شەو ڕاموسانێ
لەسەر بەندانێ تاریفە قەتێی کوێستانی
خۆمن بە چ خەراپیێ خۆم شک نایە تەنکەلاو
بەڵام سەریێ چەند مانگە خایەنی
بەقسەی پڕ و پیرەژنی گوندی
لەگەڵ دەردێ شەو ڕاموسانێ.

* * *

حەیران لە دوو شیوانی
بریا با کولیکەک بامە لە کولیکی نیسانێ
شین بامە لەسەر گردەکەی قەبرستانێ
بەرامبەر بە ماڵی نازدار و نازدار حەیرانی
دەوجا ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ
لەگەڵ کۆمەڵی کیژا دەچوو لۆ ئاو هینانێ
وەکی دەهاتەوە بەچاوەکی ڕەشی پڕ کل
بە تیلاکەکی خوار
ئەوجا کوندەی دا دەنا لەسەر کوندەرانێ.

* * *

حەیران دووشیوان لەمن بەگەڕە
ڕۆژەکەی مبارەک هەردێ
دەردەکا هوردە پەڕە
دەوجا زەینی خۆ بدەنە
بەژنەکەی باریک دوو چاوێ بەرەک
وەکی لەگەڵ کۆمەڵی کیژان
دێتەوە لەسەر کانیەکەی پشت ماڵان
جۆتە مەمکۆکەی دەرێی پەنیرێ تەڕە
بەدەم دەکا جونە بەچاو دەرێ وەرە.

* * *

حەیران لە دێدەوانی
بولبول دەخوێنی لەدار قەزوانی
هەوسار بوارەکی گەلە شینە
نیسان سۆرە درەنگم دەزانی
هەراران و بەیبونان سوسنان
سەریان تێکەڵ کرد لە منیان گرت دەراو و کانی
دوونێ بە درەنگەوە
دەگەشتمە پلکە پێناوی
گۆتم چاوی مەحبوبە گچکەکەی من
گەلە ڕەشە وەڵڵا کلی پێ ناوێ
پلکە پێناو دەی گۆ هەلا هەلا
کلێ حەوت دەوڵەتانی لەخۆ کردیتە بار گرانی.

* * *

شەقڵاوە لە بن سەفینی
خەزێمێ نازدار حەیرانی
زەردە ئاورینگان دینی
نازدار حەیران دەڵێ
مرکێ کوڕانە دڵی من پیران ناحوبێنی
دەک بابێ من خێرا بکا چ خێران نەبینی
داری دەرۆزە بەدەستی خۆوە ببینی
مار بەمار بگێڕین هەتا هێوارێ مستەکی زاتی تێدا نەبینی
نینۆکەی نەبی خۆ پێ بخورێنی
جۆی بچێنی چەودەری بینی
گەنمی بچینی زیوانی بینی
کاوڕە گوڕولۆکەکی نەبی
بەکورتەک و شەلوار دا
ڕۆژی شایی و هەرایێ
لەناو خەڵکی خۆ بێ پێ ڕاوەشێنی
* * *
دارەکەی دێدەوانیم لەمن دوو لکە
شواشینک شین دەبوون
کە بەر دەوەرینن هوردە پەلکە
شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ
دەچوومە جێ ژوانی بەژنێ باریکە لۆکە
دەستی خۆم دەگێڕا لەناو باخەر و مەمکا
یاری خۆم دەشبهاند بە بەردیلەکانی
بە دامەن و بەرۆکا

کیژ دەیگۆ لۆ دیار نەبووی هەوڕۆکە.

* * *

حەیران لە قەبر بەتانی
مارەکی لێ نا بەوێ بەیانی
بەیانی زوو بوو کەس نەی دەزانی
زەینێ خۆ بدەنێ
بەژنی باریک سەر کێشە
لە بەرایێ کۆچ و کۆچباری
شۆڕ دەبوونەوە کلکەی شاخی
هەڵیان دەدا بەرامبەر گردجانی.

* * *

حەیران لە چۆمانێ
بەژنی باریک دادەنیشت لە بن هەیوانێ
بەرامبەر بە کاولە دوکانێ
دەیگۆ گەلێ دەستە خوشکینە
وەرن با بکەین شینە
لەگەڵ داد و فیغانێ
کورەتیم لاوێ من بەجێما
گەلەک بەغەریبی
لە چیایەکەی کوردستانێ

* * *

شەقڵاوە لە بن سەفینی
بەژنی باریک دەرێ لاوە
نەکەی لە چ مەدرەسەی بخوێنی

هەتا ئەتوو دەردەچی
جوتە شەمام لە بن کەوێ و کراسی
دەترسم ژەنگی هەر بینی
* * *
شەقڵاوە لە بن سەفینی
ڕەبی بابی من چ خێرا لەخۆ نەبینی
وەکی ئەمنی دا پیرەمێردی سەگباب بەماڵی دنیایێ
لەسەر سینگ و سەردەمی من
بووە دەلال و مشتری
لەم وابی ئیزرائیلە ڕوحێم لێ دەستێنی
دەرێی پیرە سەیی یە
شەوێ تا بەیانی
پشتێم پێ دەخورێنی
ئەمنی نەدا کوڕەکی پازدە ساڵی
بەخۆم چاردەمە
شەوێ تاکو سبیانێ
وەکی خەریتەی پیرە بڕنۆیێ
شەوێ هەتا سبیانێ
لەپشتی خۆم بئاڵێنی
* * *
حەیران لە بناری کۆیێ
بینە با ماچ کەم خەت و خاڵی گەردەنێ
ناوەڵڵا بەینی هەردوو برۆیێ
بەژنی یاری خۆ بە چ دەشبهێنم

بەدارەکانی خالس و مەندەلیان
لەسەری دەگرتەوە نارنجە
لەبەنەی دەگرتەوە لیمۆییێ
ئەوسارەکینێ گەلەک بریندارم
لەسەر چیایەکەی پیرەوێزێ
بەخۆم و بەپیرە بڕنۆیێ
بمبەنە شارەکەی ئیرانێ
پیرە شنۆیێ
سستەر بێن دانیشن لام
تێربم لە گفتوگۆیێ.

---

* شەهید هەژار لە 1980/6/3 لەدانیشتنێکدا لەگەڵ(ڕەسوڵ هەمزە) کە خزمم و ئاشنای بووە و خەڵکی گوندی ( دووشیوان)ە و ئێستا دانیشتووی دارەتووە، ئەم چەند تێکستەحەیرانانەی لەزاری ئەو وەرگرتووەو تۆماری کردوون.

# بەشی حەفتەم
# بەستەو شیعری فۆلکلۆری

# کچی لادێ

کچی لادێیە فریشتە و پۆڕە
بازنی دەستی زەرد و سۆرە
مل بەخەناوکە گوارە لە گوێیە
هەتاکو دەمرم هەر چاوم لێیە
کراسی زەرد کەتان وا لەسەر پێیە
کەواکەی پەمپە ئێ لەگە کۆکە
ماچی هەنگوینە مەمکی هنگوتکە
داخی لە دڵە کوڕە مەنتکە
کە دەخوێنێ جەرگی گەنج بڕە
مەمکی شەمامە هەناری خڕە
فنجانەی قاوە ئەشقی یەک دڵە
ماچی پڕ زارە ئەڵقەی لە زێڕە
قژی ڕەش خاوە بەژنی کنێرە
خاڵی سەر ڕوومەت بە من بسپێرە.
کەپرەکت لۆ کەم شێلە و بیل بێلە
حەیفە خونچە گوڵ بۆ پیاوی گێلە

❊ ❊ ❊

کەپرەکت لۆ کەم لە قولەی دەربەندی
داوێمە کەپرێ گوریێ نەرمۆکە
حەیفم چاو بە کل چاو بە فرمێسکە.

---

لە1975/11/ کانی بزرە نووسراوە.

# کوڕی بێوەژنێ

بەردێ لە بەستێ
بە ڕیشی بابی
کوڕی بێوەژنێ
بە من چا نابی
❊ ❊ ❊
ڕانکو چۆغەر پنی پنی
کوڕی بێوەژنێ
ئاقرۆک دەم دەمی
❊ ❊ ❊
کورتەک و شەڵوار
سی فۆنی شینە
کوڕی بێوەژنێ
وازمان لێ بینە
❊ ❊ ❊
ڕانی شڕ و مڕ
تووتڕکان بردی
مێردت پێ ناکەم
لە برسان مردی.
❊ ❊ ❊
کورتەک و شەرواڵ
خەت خەتی سۆرە

کوڕی بێوەژنێ
مەکە بە لۆرە
مێردت پێ ناکەم
هەوریەکەت سۆرە.

* * *

کورتەک و شەرواڵ
تەختی مەکینە
کوڕی بێوەژنێ
وازمان لێ بینە.

* * *

کورتەک و شەرواڵ
سیفۆنی ڕەشە
کوڕی بێوەژنێ
مەکە هەڕەشە.

* * *

حەیران لە دەڵو گوڵی
دەچمە قەسەرێ لەبۆ کاولی
مێردت پێ ناکەم کوڕی بێوەژنێ
لە برسان مردی.

* * *

حەیران لە فیکە جەمی
بایەکی لێ دام
پەرچەم پەرچەمی
مێردت پێ ناکەم

کوڕی بێوەژنێ
ئاقرۆک دەم دەمی.

* * *

حەیران لە گردەبۆری
بەخۆم کوڕە ئاریمە و
کچەمل بەمۆری

## دوو عەشیرەت شەڕ دەکا

ڕوارە و گوارە و مەلەکە
دوو عەشیرەت شەڕ دەکا
مەنتک لەگەڵ بارەکا
ڕەحمانی حاجی حسێنی
دەچتە سەر چیای پیرزینی
ڕەحمان گاز دەکا عەلی
هەسپێ بۆرە دەربینی
زینی حەجەمی لێ بکا
تەنگەی لێ بشەتینی
دەچووە سەر خانەی زینی
خۆی هاویشتە ڕکێبێ
بەتەنها دەیشکێنێ
ئاغەی چاوچنۆک دەینی
لانکیان پێ دەهەژینی.

* * *

ئەستێرە بڕۆ ئەستێرە
بۆت نەمایمە ئەستێرە
دوو شوانان مەڕ لێ خوڕی
بێرکەران بێرە بێرە
دایکەی دەستی دا مەنجەڵ
کیژە دەگری سەر بێرە

لەبەر تۆ نەبی خانم
ئەمن چ دەکەم لێرە
بەردێ سەر بێریم
بەردەکی شینە
نێرێ پێش مەڕیم
قۆچ تێ وەرینا
کیژ دەرێ لاوە
زوو بم فڕێنە
مەچوە داخوازیم
باوکم بێ دینە
دەرێ ئەمن ئاغام
کرمانج چ نینە.
بەردێ سەر بێریم
بەردەکی ڕەشە
شەکی ناو مەڕیم
سەر تەبەشە
کیژ دەرێ کوڕەتیم
سارەکەی خۆشە
لەناو پاوانی
با بکەین وەنەوشە.

* * *

دەچی یە باغی بیستانە
پەرژینی گور و نێرگزە
دەسک دەسک ببەستە

بۆم بەدیاری بنێرە
لەبەرت مرم لەبەرە
گوڵ کردیان سێبەرە
کەس نەڵێ یارم بە پەڕە
بوکمان چوو خاتونەک
بارگەمان چوو قەتارەک
هاتە جێی بارگەی بوکی
چی یە مەشکە و دۆران
بوکمان کێ یە پور ئامان .

# بەندو بالۆرەی ساوار کوتانەوە

کیژ هەر کیژی سەر مەزرایێ
دەخیلت بم دەخیلایێ
وەک عارەبی بەر بەغدایێ
بەماچێکی چت لێ نایێ

* * *

کیژ هەر کیژی دوو شیوانێ
دەسکە ڕەیحانی بەر دووکانێ
خۆزگە بە ڕێی کا کێشانی
ماچیان بکەی دێنە ژوانێ

* * *

کیژ هەر کیژی کانی بزرەیە
قۆندەرەیان بن عانەیە
بازنی دەستیان بە کلی لەیە
ماچیان نەکەی زەوقیان نی یە

* * *

کیژ هەر کیژی میرەکانێ
کەرە دێزەی مشکی دانێ
دەمگرت لەبن کوندەرانێ
دەیگۆ شەوێ وەرە ژوانێ

* * *

کیژ هەر کیژی بێستانەیە

بسک سۆری بەخەنەیە
ڕێی دووریان سەر جۆگەیە
ماچیان نەکەی بێ فایدەیە

* * *

کیژ هەر کیژی بەلەبانی
گوڵێ باغی دێدەوانی
توخوا کەنگی بچمە ژوانی

* * *

کیژ هەر کیژێ بردبڕی یە
بسک سۆری کەنگری یە
مەمکیان خڕە پڕ دەستی یە

* * *

کیژ هەر کیژی کان سوسکەیە
مەمکیان توندە گلۆژەیە
پیاوەکانیان کەیفیان نی یە

* * *

کیژ هەر کیژی ئاخوڕەیە
بازنی دەستیان بە کلی لەیە
مەمکیان نەگری زەوقیان نی یە

* * *

کیژ هەر کیژی کەر دزی یە
بسک سۆری قورمزی یە
ماچیان نەکەی زەوقیان نی یە

* * *

کیژ هەر کیژی باقرتەیە
دڵیان مردیە بێ فایدەیە
ماچیشیان کەی زەوقیان نی یە

* * *

کیژ هەر کیژی ڕولکەیە
چارۆک تۆڵەی گەورەیە
قیمەتی وان سێ هێلکەیە

* * *

قوەت دەرچوو لە بەغدایێ
لەبۆ سەرێ سەر مەزرایێ
کیژ دەگریی هێ هێ دایێ
لەخۆ بندەغر لێ سووتایێ

* **

کوتکێ دەستم گلۆرەیە
مقام گۆتن بە نۆرەیە
دەنگم نایە دەنگ هەرینم
وەکی پۆڕی بچریکینم
هەرچی نووستیە هەریستینم
ئەو کیژانەش هێروە بینم.

# کانی

ئەو کانیەکەی لە تەلانی
خۆم هەر قەناند بە گۆچاری
کێ ئاو لێ برد کیژی خاری
❊ ❊ ❊
ئەو کانیەکەی لە قەسپۆکی
بەخۆم لێدا بە نینۆکی
کێ ئاو لێبرد یار فاتمۆکی
❊ ❊ ❊
ئەو کانیەکەی بەردەلانی
بەخۆم چاک کرد بە شوانی
بێری ئاوی لۆم لێ هانی
❊ ❊ ❊
ئەو کانیەکەی بن گەوەڕێ
خۆم لێ دەکرد شەو لەوەڕێ
ڕووخا چاوی زڕداک دەرێ
❊ ❊ ❊
ئەو کانیەکەی لەبن توویێ
توم داوەشاند لۆم بلوێ
دەیگۆ شوانە چاوت دەرێ
❊ ❊ ❊

ئەو کانیەکەی گردەلانی
لێم ماچ دەکرد کیژی مامی
بەخێرێ کوندە و کوندەرانی

* * *

ئەو کانیەکەی لەقەد گردی
بەشوانانم بەرد رێژ کردی
لۆ ماچێکی کیژێ پلکی

---

لە 1980/6/3 من و ڕەسوڵ هەمزە دانیشتبوین لە مەنتکاوە.

# کۆتر

لەکۆتران کۆترێ سپی مە
لەسەر دارێ هەر نیشتیمە
عەشقی سنگ و مەمکی سپی مە

* * *

لەکۆتران وەس واس واسم
لەڕێێ دارکەران جاسوسم
من عەشقی سینگی ئەڵماسم

* * *

لەکۆتران ئەز کیوی مە
سێ ڕۆژان نە نیشتیمە
ئەشقی کیژی ئاغەی گوندیمە.

# کەوێی بەری

کەوێی بەری لەسەر شینی
شەماڵ لێی داو دەی هەژینی
ماچێکم دێ چەند بێ دینی
کیژی ئاغای نێرەگینی

* * *

کەوێی بەری خەت بە خەتە
وەکی جووتی مام پیرۆتە
لەسەرم دا ئەم حکومەتە
دەست هەڵناگرم لەم کەڵەگەتە

* * *

کەوێی بەری گوڵی مۆرە
لۆی هاتیە لە ئەستەنبوڵە
لەسەرم دا پاشای کۆرە
دەست هەڵناگرم لەم گوڵە سۆرە

* * *

کەوێی بەری دامە دامە
ئینگلیز هەموو بە تەمانە
کیژەکی هەند خانوومانە
لۆ منە و نەعلەت لە بێگانە

# ئاوی غازر

ئاوی غازر گارە گارە
گەر خۆی دەینا داروبارە
مەمکی کیژەی سێوی تارە
* * *
ئاوی غازر ورشە ورشە
گەر خۆی دەینا گیشە و قرشە
مەمکی یارم سێوی ترشە
* * *
ئاوی غازر نەڕە نەڕە
گەر خۆی دەینا گۆزە و جەڕە
مەمکی یارم سێوی تەڕە

# لەگەرتوومە

لەگەرتوومە تۆ بگێڕەوە
چاوی ڕەشت مەشێرەوە
چی لە کنتە بینێرەوە
* * *
لەگەر توومە لەگەرێتە
کارمامزەکەی مل قەریتە
هەتا دەمرم تەمام پێتە
* * *
لەگەرتوومە چاوی چاوم
لەسەر تۆ چەندیان لێداوم
هەر لام وایە خەڵات کراوم
* * *
لەگەرتوومە چاو ئەستێرە
خزمەتێکمان پێ بسپێرە
هەر ئەمشۆکەم ماوە لێرە
* * *
لەگەرتوومە ڕوو بەخاڵە
ڕێم پێت کەوتیە ئەوجارە
ماچم دێ دڵ بریندارە
* * *

سەعاتی دەستت
دوو پەنجە پانە
قەولمان هاوین بوو
ئەوا زستانە

* * *

خۆزگەم بە دەرزی
تیژوو تەنکە
دایم پەروەردەی
سینگ و مەمکە

* * *

هەر ناکەم ناکەم حاکمێ کەرکوێ
سەد سوار هاتن لە چەشنی کروکێ
لاوێ خۆ دەکەم مەڕ لە مێکوکێ

* * *

داسو قەیناخم دانا
ناکەم درویێنەی جۆیێ
مەمکی یارێم گەوایە
لەبەر زەبری مەرۆیێ

## مقامی گاس لێدان

کلۆ هاتیە پێ کوڕە
سەپانان مڕە مڕە
تێلەکیش مەمکی خڕە
کلۆ هاتیە بەغارە
سەپانان گارە گارە
تێلەکێشمان مندارە
کلۆ هاتیە پایزە
سەپانان گیزە گیزە
تێلەکێشمان مامزە

❊ ❊ ❊

بایێ شەماڵ بە پایز دێ
دەدا لە پەلکی دار گیزێ
خەو خۆشە لەگەڵ مامزێ
بایێ شەماڵ بەهاوینێ
دەدا لە رەوسە و جۆخینێ
خەو خۆشە لەگەڵ هەمینێ
بایێ شەماڵ بە زستانێ
دەدا لە پەلکی بیستانێ
خەو خۆشە لەگەڵ گوستانێ
بایێ شەماڵ بە بەهارێ
دەدا لەپەلکی هەنارێ

خەو خۆشە لەگەڵ خەزارێ
بایێ شەماڵ بایێ شەماڵ
لەگەروان دێ بە ناڵەناڵ
دایکی کیژان ماینی عەتار
دایکی کیژان مل بە مەتار

## بە بەر منداڵ هەڵگوتن

لەبەرت دەمرم هندیشی
تۆز لە باڵای دەنیشی
بەخۆی جوانە خاڵیشی

* * *

لەبەرت دەمرم لەبەرێ
ئاوێ دەینی بە کەرێ
لۆ دایکی قەلەندەرێ

* * *

لەبەرت دەمرم لەبۆکی
ماست لەمەنجەلۆکی
میوانە لە دایکۆکی

* * *

لەبەرت دەمرم لەبەرە
نێک بە کلیل و خەنجەرە
کیژ دەرێن هێروە وەرە

* * *

لەبەرت دەمرم لاوژە
نێچیروان و کەو کوژە
کیژی خارت مەکوژە

* * *

لەبەرت مرم لە باتێ
هەر جێیەکی دەگاتێ

کیژ لێی دەگرن جەماتێ

* * *

لەبەرت مرم هەر هەندی
شەکرە و لەباتی قەندی
زاوای ئەحمدە فەندی

* * *

لەبەرت دەمرم لە بێنێ
کولیکی قەڵات و بیتوێنێ
هەمووی گەینە پژدێنێ
کیژ لە سوان تایان دێنێ

# چاو

چاوم بە چاوە کاڵەکەت
ناوێرم بێمەماڵەکەت
لەبەر بابە سەر بۆزەکەت
لەبەر دایک سەنگ سارەکەت

* * *

چاوم بە چاوە ڕەشەکەت
دەمم بە هوردە نەخشەکەت
ناوێرم بێمە مارەکەت
لەبەر دایکە ڕوو ڕەشەکەت

* * *

بەکێ دەچی چاوەکەی
بە خاڵە نولاوەکەی
بەکێ دەچی لوتەکەی
بە مامە نابوتەکەی

## لاو هاتیه

لاویه به گوراویه
حەفت دۆستی لە گوندی یە
هەموی کیژی خەڵکی یە
بەکەس قایل نی یە
ئیلا کیژی خاڵی یە
❊ ❊ ❊
لاوەهاتیە لە بەستێ
کیسەو قۆدی لە دەستێ
دەرێ کا کیژی بەسێ
ماچم بداتێ و نەترسێ
هەڵی دەگرم سێ بەسێ
❊ ❊ ❊
لاوە هاتیە لەدێ یە
سواری هەسپەکی شێ یە
هەگبەی دیناری پێ یە
هەر دەبری کەوێ یە
لە بۆ بەژنی یارێ یە
❊ ❊ ❊
لاو هەرستا لە خەوێ
دەستی ناگری جەلەوێ
دەرێ دایە ژنم دەوێ

## بەلۆرە

...... ڕۆمی ڕۆمی
بەژنت داریٚ چۆلی
مەڕۆ براژنی خۆمی

.....حانی حانی
کێڵگەت بەردەقانی
هاوێشتمە شوانی

....خاڵی خاڵی
دەکوژی بەرخەوانی
قوڕ بەسەری گاوانی

بالۆرە بای دەماری
بە ڕۆمیٚ شێخ کەمالی
ناکەم کوڕی خاڵی

* * *

بەلۆری بادینی
...چوو ئاوی بێنی
....چوو لێی بستێنی
...چوو پێکیان بێنی

* * *

بەلۆری نازانم
سێوی سەر لکانم
خۆخێ ناو ڕەزانم
خوشکی دوو برایانم
* * *
سوارە سوارە
سواری ماین بۆرە
هەرگرە عەیشە سۆرە
بیبە هۆبە بە هۆبە
* * *
سوار ماین شێ یە
هەگرە ناو عەیشێ یە
بێ بەدێ بەدێ
خەنجەر و تفەنگت پێیە
* * *
سوار ماین بەشە
هەگرە عەیشە ڕەشە
سەرینی لە هەشە
..... ڕەش و ڕەشە
* * *
سوار ماین بۆرە
عەیشە ڕەش کۆرە

مەردبە دڵ بگۆڕە
سەگباب مەلورە
❊ ❊ ❊
ڕاوکەرێ لە ڕاوێ
مامزی بگرە بە داوێ
دایکی لێ دەنێ بە پراوێ
جیران پەلاران داوێ
❊ ❊ ❊
جوتیاری هێستری
باژۆ بن کفری
لەژنێ خۆت کەمتری
❊ ❊ ❊
جوتیاری گاڕەشە
خەتت بیست و شەشە
یارت کراس ڕەشە
❊ ❊ ❊

جوتیاری گایە
خەتت لابەلایە
یارت قەولی دایە
❊ ❊ ❊
شوان شوانێ مەڕی
کەتیە لە لاپەڕی
وەک سەگ پێم دەوەڕی

* * *

شوانەی بزنی
کارکەت پنی پنی
یارت لەبەر مری
زانیم کاکی منی

* * *

شوانە شوانە
شوانێ بەرخۆرانە
لەوی کەند و جۆمانە
بگرە زەرد مەمکۆڵانە

* * *

شوانە شوانە
لەوێ بگرە ژانە
سەری سێ مانگانە
بسکی من قەیتانە
میزی برام دەرمانە
بیکە لە چاوانە

* * *

شوانە شوانە
شوانە و شێرە
گۆپار دارکنێرە
مەڕت بدە بێرە
دەمەک وەرە ئێرە

یارت وا لەبیرە

* * *

چ نییە چ نییە
کورە مام چ نییە
هەناویان کرمییە
بابیان هەر ڕنییە

* * *

گەلەکە گەلەکە
کورە خاڵ گەلەکە
چاویان چەند بەلەکە
بابیان مل بەچەکە

* * *

دەرۆم بەرەو کوێستان
مەمکان قیت هەرستان
لە ڕقی کەونە دۆستان

* * *

کوڕۆکە کوڕۆکە
ڕانکی پینە و پەڕۆکە
داکیان .....ئەوڕۆکە

* * *

دوجارە دوجارە
هەریان دا ڕەشمارە
چیخیان دوو مەنارە

ئاغا نارە نارە
ئاغاژن لە پارە
ئاغا ژن لە خارە
حەزرەتیان مندارە

# هەی مشکە

هەی مشکە مشکە مشکە
لەبەینی مشک و جورجی
شەهاب لێی هەر کەتیە
لەو شەهابی سەر ژنانی
سەر لە خانی دەرناین
حەفت سەرکاری شەهابی
هەر حەفتیان ڕێزیان کردیە
ڕۆین لەبۆ هەولێرێ
شکایەتیان کردیە
پێنج پۆلیس و دوو محامی
جەلبیان لە دوو مشکیە
لەوێ مشکیان دەگرد
لەوێ قۆربەستیان دەکرد
دەیان بردە کن عەونی
عەونی وەی گۆت ئەی مشک
ئەو قسەی شەهاب لێ دەکا
چ دەغرت نەهێشتیا
مشک دەیگۆت ئەفەندی
قسەی شەهابیم ڕاستە
چ درۆی لە گەردا نینە
ئەو گەنمەکەی عومێرە

هەمووم گور بڕ کردیه
ئەو جۆیەکەی بەرماران
هەمووم پڕ خۆر کردیه
شەمامک مرکی بابمه و
شەهاب زەفتی کردیه
مشک ڕۆیی دوو بەدوو
به قەمتەرەی دا دەچوو
ئاشەوان زراوی دەچوو
ئاشەوان وەی گۆت ژنێ
ئەو کوتکو پیمەڕەم بینه کنێ
مشک چوویته دوڕ کونێ
زارێ حەمەدەمینی
مشک و پێ مەڕەی بینی
مشکێ لەکونێ دەربینی
مشک هەرات بەڕاستی
کەوته ناو مەنجەرێ ماستی
پیرەژن ڕاناوەستی
دووکەری لێ هەر دەستا
لەولایه ڕاهات ڕووقیا به بەستان
نەخۆی دایه دایه
چاوم کۆرەبی مشک تێدا خنکایه

# جورج

ھە جورجە جورجە جورجە
جورج لەبن کەنداری
جورج چویتە سەرداری
دەخواتن پرتەقاری
نایەلی مام عەولا بیباتە شاری
ھەمووی دەخوا بەزاری
مام عەولا ھاتیە لەو لایە
تەنەکەکی لەدەست دایە
دەرێ سوێندم بەو خودایە
بەو نانەی لەمارم دایە
دەکوژم جورجی بێ حەیایە
عەقر و ھۆشم نەمایە
عەولا چووە بن کوندەرانی
داری ھاویشتە سەر شانی
ڕاوەستا ھەتا بەیانی
تا دێتە دەرێ جورجی جوانی
لەت لەتی بکا بە ددانی
جورج ھاتە دەرێ زوو بە زوو
بە بن پێی عەولای داوەچوو
عەولا لەترسان زراوی دەچوو
جورج چویتە ناو کەندوو

مام عەولا ئاگری تێبەربوو
عەولا گۆتی کورم حەمەدەمینە
ئەو کوتک و پێ مەڕەم زوو لۆ بینە
جورجێ لەکونێ دەربینە
کلکی دیارە بڕەک شینە
لەولایە ڕاهات هەمینە
عەولا گۆتیە هەمینێ
سەری خۆت نێ لە قوڕە شینێ
نەوەک جورج بت بینێ
هەر لۆ ناو کادینێ
جورج ڕاپەڕی بەتوندی
پەتەی گرت و پساندی
مەشکەی گرتو دڕاندی
کەر دیتی و زۆڕاندی
پشیلە دیتی و میاواندی
مندار دیتی و زیڕاندی
مندار پسا بەیەک جار
عەیشێ لەسەر بانی کەوتە خوار
هاواری کرد جارجار
ئای کوڕەکەم لاوی یار
هەناوی هەموو هاتە خوار
لەترسی جورجی هار
لەولایە هات عەولا بەغار
دەستی دایتە دوو گۆپار

جورجی دەکوژم بەیەکجار
جورج هەرات لۆ بن دارێ
کەتنەوە دووی سەیێ مارێ
جورج چووە باغەری خەیارێ
خۆی نەجولاند هەتا ئێوارێ
خەیار لە جورجی ئاووس بوو
بە زکەکی دوو کوڕی بوو

---

شەهید هەژار لە 1980/6/3 لەدانیشتنێکدا لەگەڵ(ڕەسوڵ هەمزە) زۆربەی ئەم بەستە و بەیتانەی‌لەزاری ئەو وەرگرتووەو تۆماری کردوون.


# بەشی هەشتەم
# دیکۆمێنت و ئەلبومی وێنەکـــــــــــان

حەیران

حەیران لە دووری شوانی
بریابا کولیکەی بامە
لە کولکەی نیسانی
شین بامە لە سەر
گردەکەی قبرستانی
بەرامبەر بە مالی
نازدار و نازدار حەیرانی
دەوجا ئەنگوزەتینی خۆ
بدەی دەحەپتە لەگەل
کۆمەلی کیژا دەچوو
لە ناو هەیناکی
وەک دەصابەوە
بە جادەی ڕێشەدرکل
بە تیلاکەی خۆر
ئەوجا گوندەی دادەنا
لە سەر گوندەرانی

١٩٨٠/٦/٢
دانیشتوین لەگەل ڕسول حمزە

**دەستنووسی شەهید هەژار**



**دەستنووسی شەهید هەژار**



# لەیادی شەهیدبوونی سەیداو شۆڕش

دیموکراسی بۆعیراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆکوردستان

## ئاڵای ئازادی

رایة الحریة

ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق / ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر

ژمارە (١١) ساڵی دووەم حوزەیرانی ١٩٨٧

× میژووی خەباتی گەلەکەمان، لەمانگی حوزەیراندا پڕە لەسەرکەوتنو گیانبازی، لەهەمان کاتیشدا پڕە لەنسکو و بیرەوەری تال و ئەزموون. حزبەکەی ئێمەش لەتەمەنی خەباتی خۆیدا، ژمارەیەك لەو بیرەوەریو سەرکەوتنانەی نووسیوەتەوە، کە لەپیش هەموویانەوەدا یادی شەهید بوونی سەیدا ( صالح یوسفی) رابەرو ( قادر شورش ) ی سەرکردەو شۆڕشگێرە.

سەیدا صالح یوسفی دامەزرینەرو رابەرو سکرتیری یەکەمی حزبمان، لە رۆژی ١٩٨١/٦/٢٥ دا، بەهۆی نامەیەکی لوغم کراو شەهید بوو. شەهید سەیدا صالح یوسفی رابەریکی هەلکەوتووی کوردستانو کەسایەتیەکی نیشتمانی عیراقی و جیهانی بوو. ئەو مروفە پایەبەرزە بوو، هەموو تەمەنی خۆی لە پیناوی هینانەدی مافە رەواکانی گەلی کوردو کیشەی زەحمەتکیشانو سەربەستیو سەروەری عیراق تەرخان کردووە. لەژیانیدا بەدەیان ئەرکی پڕ لە لیپرسراویەتی لە بوارەکانی سیاسی، کومەلایەتی و روشنبیری گرتوتە.. بو ل (٦)

## شەهیدبوونی هەڤاڵی نەمر هەژار دێرەوانی

بەداخ و پەژارەیەکی زورەوە هەوالی شەهیدبوونی قارەمانیکی راستەقینەی شورش و گەلەکەمانو سەرکردەیەکی چالاکی خەباتی پیشمەرگەیی رادەگەیەنین، ئەویش شەهیدبونی پالەوان ( محمد حسن عمر ) ی نازسراو بە هەژار دیدەوانی فەرماندەی قوەی سەفینی هیزی پیشمەرگەی حزبمانە. شەهید هەژار دیدەوانی لە سەنگەری پیشەوەی دیفاعکردن لەبوونی گەلی کوردمانوپاراستنی خاکی کوردستاندا، لە کاتژمیر حەوت وبیست دەقیقەی ئیوارەی رۆژی ١٩٨٧/٥/٢٩ دا، لەنزیك ئوردوگای ( شیف چنارك) لەسەر شەقامی گشتی دیرەلوك ـ ئیلادزی گیانی پاکی بەخشی.

شەهید هەژار دیدەوانی.. بو ل( ٧)

## کۆبوونەوەی کۆنیستەی ئامادەکردن .. هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێشەوەبردنی حزبە

لەرۆژی ٦ـ٨ی ئەم مانگە، کومیتەی ئامادەکردنی حزبمان ( حزبی سوسیالیستی کوردستان ـ عیراق ئیتجاهی دیموکراتی شورشگیر) کوبونەوەی دەوری ئاسایی خوی بەستاو لەم بارەوەش بەلاغیکی لەمەر کارەکانی کوبوونەوەو بریارو راسپاردەکانەوە بلاوکردەوە.

لەبەر روشنایی بەلاغی کوتایی کوبوونەوەو ئەو بریارور اسپاردانەی کە وەرگیراون، روون دەبیتەوە کە کوبوونەوە بە شیوەیەکی تیروتەسەل لەبارودوخی ئەمروی ولات و ناوچەکە بەگشتی، هەلومەرجی خەبات، ریگەو وەسیلەکانی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی فاشیزم، رولی چالاکانەی حزبی کولیوەتەوەو پاشانیش هاتە سەر پیداچوونەوەوهەلسەنگاندنی چالاکیەکانی حزب لەهەموو بوارەکانی خەباتیدا.

لەمەر بارودوخی ئیستای عیراق کوبوونەوە ئەو تەنگوچەلەمە ئابووری، سیاسی، کومەلایەتیو سەربازیەکانیدەست نیشان کرد کە ئاوقای رژیمی فاشی عیراق بوتەوە. هەروەها لەو ئاکامانەی کولیەوە کە بەرهەمی حەوت ساڵی ئەریکی کونەپەرستانەیەو دریژە کیشانیشی نەك هەر هەرەشە لەسەروەری ولاتەکەی ئیمە، بەلکە لەتەواوی ئاسایشی ناوچەکەو جیهان دەکات و ئەوەی کە پیشتریش رەچاو دەکرا، کە شەڕی نیوان عیراقو ئیران بو ئەملاو ئەولا پەل باوێو ئیمپریالزمی جیهانیش ئەم دەرفەتە بقوزیتەوە بو دەست تیوەردان لە ئیشوکاری ناوچەکە، وا ئەمرو دەبینین لەئەنجامی ئەم شەرە کەنداوی عەرەبی بوتە مەیدانی خودەرخستنو تەدەخولی هیزی سەرمایەدارانی روژئاواو بو ل (٦)

## زنجیرەیەك چالاکی پێشمەرگانە

پیشمەرگە دلیرەکانی حزبمان هاوشان لەگەل پیشمەرگەی کوردستان بەردەوامن لە ئەنجامدانی چالاکی شورشگیرانەو بەرگری کردن لەخاکی بەخوین پاریزراوی کوردستانو بەرپەرچ دانەوەی ئالاوی راگواستنو ویرانکردنی کوردستان.. لیرەدا سێ چالاکی هاوبەش دەخەینە روو.

هیزیکی هاوبەش کەپیکهاتبوو لە قوەی سەفینو دەشتی هەولیری حزبمان بە فەرماندەی شەهیدی پالەوان ( هەژار دیدەوانی) لەگەل هیزیکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیژنەی ناوچەی ئامیدی، لەرۆژی ١٩ی ئایاردا کاتی شەش و نیوی ئیوارە، بە هاوەن توپبارانی فەوجی عەسکەری( بیباد ) یان کردو لەهەمان کاتیشدا هیزیکی پیشمەرگە خویان گەیاندە نزیکی(٢٠٠)متری بو ل (٧)

## ئازارێکی دیکەی ناشیستەکان

لەکاتژمیر حەوت و دە دەقیقەی ئیوارەی رۆژی ٥ ی حوزەیران، رەوە فروکەیەکی جەنگی ئالاویکی کتوپریان کردە سەر بارەگاکانی مەلبەندی بادینانی حزبیشیوعی عیراقوبەچەکی کیمیاوی قەدەغە کراو ناوچەکەیان بوردومانکرد.

لە ئەنجامی ئەم هیرشە درندانەیە دوو پیشمەرگەی حزبی شیوعی عیراق شەهید بوونو نزیکەی( سەد) پیشمەرگەو هاولاتیش لەناوچەکە بریندار بوون کە خوش بەختانە چارەسەریان کراوەو لە مەترسی ئە[illegible] بوون بو ل (٧)

ژمارە یازدەی حوزەیرانی 1987 رۆژنامەی ئاڵای ئازادی کە هەواڵی شەهید بوونی هەژار دێدەوانی تیا بڵاوکراوەتەوە

پێشکەشە بە شەهید قەهار عەزیزو بەوانەی شەونخونیان کێشا تا مۆژدەی سەرکەوتنیان بیست.

# بووکێ

## ئارا سوور

(( هەژار دێدەوانی ))



ئەوا هاتن ..
کاکلەی ئەم رەشووروتانەی
دەمرن بۆ ژیان
ئەی نەمانگوت بەهاتنیان
ئەم بەرزە فرە سەرسەختانە
قینی پەنگ خواردووی دەروون و
تین و گوڕیان
پالەپەستۆی بێ ئەندازەو
سۆزی گەرم و
نەستی زامداری مکوڕییان
گینگل دەخواو،
تەقینەوەی کتوپڕیان
هەلدەچێت و دادەمرکێ
هەلدەچێت و ..
لە نێو مێشکیان چڕتر دەبێ .
ئەی نەمانگوت ..
بەهەورازی رکابەریەکی پیرۆزدا
سەرسەختانە هەنگاو دەنێن
لە نێو وێستگەی
زامی تامەزرۆی ئێمەدا
دەنگدانەوەیان مۆژدەیە و
لەنگەر دەگرێ.
ئەی نەمانگوت بەهاتنی
بەرزە فرە سەرسەختەکان
لێوی منال خەندە دەگرێ
گول دەپشکوێ
خەمی داسەپیوی دوێنێ
گەشە سەندووی ئەمڕۆ و ڕۆژگار.
لە سوور سیمای ..

شیعر



شۆخو شەنگی ئەم هەرێمە ناسۆرەدا
بەرگە ناگرێ

هاشو هۆشی هەنگوستە چاو
بی چەندو چوون چۆك دادەدا.
ئەی نەمانگوت، بەهاتنیان
قەلە رەشکە، دالٌ، باشوکە
دندوکی کۆمی پر قینو باڵیان دەشکێ
تونجریشکەو توترك دەرزی
هێندەی پیخوستی خوێناوی
بەسەریدا هەڵخلیسکێ.
خۆ بینیشتان..
بەگەیشتنیان، دەست بەجێی
کچ بوو..دەخزی بۆ ژوانگە
گوڵ بوو.. لەبەرۆکیان لەدرا
بوێر.. پێشوازیجیان دەکرا.
پێشبینیەکان لەدایك بوون
فرچکیان گرت

چاوی لێکەن..
ڕاکات .. دوانزەی نیوەرۆیە
دیمەن.. دوی تریەسپیانە
هەڵك .. جووتیاری رەنجدەرە
خوان.. نەخشەی پەلامارە
وێنە .. پێشمەرگەو سەنگەرە
زەماوەندی.. تریەسپیانی تازە بووك
بەیەکەم گوللەی ئاربی جی
بۆ گەورەکچ زەنگی لێدا
دەسەیرکەن..
شۆرشگێرانی شارو دێ
بینای چاویان لەخالێکدا..سیرەی گرتووە
هێزی هەستیان لەهەمان خالٌ.. راگرتووە
دلٌ یەگوری هەمان خالٌە
ئەم خالٌە تریەسپیانەو.. تازە بووکە
بەرووی چرە دووکەلٌی رەش..
پیشمەرگەی گرتوتە ئامێز
پێدەکەنێ
بەری گێژەلوکەی نەگبەت..
بەری رەشەبا دەگرێت و
هەلناقەنێ.
تریەسپیان تازە بووکەو
وەکو چرا وا دەسوتێ..
دەسەیرکەن..




جار جار تەمێ، گەردەلوولێ
بەری تیشکەکانی دەگرێ
ھەست راگرە..
تەم گەردەلوول...
ترپەسپیان و پیشمەرگە
کێ دەبەزێ؟!
لەکاتێکا ترپەسپیان..تارای سوور بوو
ھەر بستێکی، ھەر سەربان و
ھەر خشتێکی، ھەر تیزەکی
قارەمانێکی لەپشت بوو
لێمشتی خوینی بکوژانی قونگرەی بوو
لەناویندا..بێریەی سەرو
ناسنامەی پر لەشوورەیی فاشیستەکان
خوێن مالی بوو
تەم، گەردەلوول کەرەنگر بوو!!
دەسەپرکەن..
ترپەسپیان چۆن روو سوورە..
چۆن شەھیدە
چۆن بووکی دەشتی ھەولێرو..تارای خوێنە
چۆن کەژاوە سەرسەختەکەی
مژدەیەکی لەدایکبووی
ناخی دەروونی رەنجدەرە
چۆن پەیامە.
دەسەپرکەن...
لەسینگورکی دابێژراوی ..شێرەکوری
گۆڤەندەکەی رەنگی ئالە..
داماتووەکەی
تۆمارێکی مێژوو کردەو
ھیوا.. چەکەرەی تیا دەکا..
ئالەو کاتە..
(ھێرش و ھەڤال و زریان) دێن
دەلێن باوکمان لەسەر چۆپی
نێو گۆڤەند و شایی سووری ترپەسپیان
شەھید کرا.

---

بەگۆری: بەقوربانی.
تیز: ئەو شوینەیە لەقەلاتەوە تیری لیداوین..سەنگەر
کەرەنگر: پەلکە چرووی ھەلوەریو.
(ھێرش و ھەڤال و زریان): دووکورو کچیکی شەھید (قەھار)ی نەمرن.

**شیعری (بووکی تارا سوور) لە ژمارە سێی شوباتی 1987 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوبۆتەوە**

لە داستانەکانی پێشمەرگە.

# داستانی شۆپیران

ئامادەکردنی
هەژار دیدەوانی

شەوی ٢٩/٣٠ تەموزی١٩٧٩

هێشتا تیشکی خور زەردەی مابوو، دووکەرتی تێکوشەر لە هەرێمی٨ دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگە گیان لەسەردەست و جەربەزەکانی حزب، لە هەلگرانی ڕێبازە زەسەنەکەی سوسیالیزمی زانستی، لە خەرابەی گوندی کانی بزرەوە، بەکەندی لوولەو دامێنی(گردی شەرگە) دوو دوو پەیک ئاسا بەدەربەندانداا شوریان کردەوە. هەرچەندە ئەوکاتە ناوچەکە بەشەوو ڕوژ کونترولو پێخوستی بەچکە فاشیستەکان بوو، بەلام هەلئو بەرزە فرو بازە بەتواناکان لەشەقەی بالیانداو خویان گەیاندە گوندی(کەردز)و بەپێی نەخشەیەکی ڕێکو پێک بەفەرماندایەتی(حسین دوشکەو خدر حاجی عەلی)، دەستیان بەسەر ئەو چوارسەد سەر مەرەدا گرت کە ڕژیمی فاشی بەناوی(کومەلەی هەرەوەزی کەردز)کردبویە سەرچاوەیەکی چاوسوورکردنەوەو بەبەعسی کردنو رووتاندنەوەی جوتیارە زەحمەتکیشەکانو، بەرەو دیدەوان کیلیان کردەوە. ئەوشەوە بەماندوو بوونو شەکەتیو شەونخوونی مەرەکانیان لەپشتی دولەدەمانچەوە بەرەو(شوپیران) داگیرا.

شوپیرانو پێناسێک

شوپیران گوندێکی خنجیلانەو بچووکی بناری دیدەوانی کوانووی پێشمەرگەو چوارکیلومەتریکبەستی( شرغە )یە لەدولێکی نیمچە قوولو درێژ، لەنێوان دوو تەپولکەی بەرزداو لەبەری بەروژ قوت بوتەوە. لەبەرانبەریدا بەناو قوتابخانەیەک، بەلام بی ماموستاو خانوێکی گەورەی رەقو تەق بەدیدەکری. ئەم گوندە بێنازە سەربەناحیەی(شورش)ە لەقەزاکویە ـ پاریزگای هەولێر. هەر لەسەرەتای پێکەوەنانیەوە وەک گوندێکی دواکەوتوو لەپێویستیەکانی ژیان بی بەش بووە. چەندین جاژیش لەلایەن رژیم سوتاوەو جوتیارە چەوساوەکان سەرلەنوی دروستیان کردوتەوە. زەحمەتکیشانی ئەم گوندە ژیکەلەیە، ژیانیان بەندە بە کشت و کالو بەخیوکردنی مەرو مالات. لەسەرووی گوند بەکیلو مەتری دارتوویکی پتەو لەتەکیدا بیریکی ئاو بەدیدەکری.

شوپیرانو بەرەبەیانی ٣٠/ی تەمووزی١٩٧٩.

- جوتیارەکان؛ وەک پیشەیانە لەگەل گەردی بەیانی رووەو کارو فەرمان وەدەر کەوتن، هەندی رووەو پەریزو هەندی بەرەو جوخینو

داستانی (شۆپیران) لە ژمارە دووی تشرینی یەکەمی 1986 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوبۆتەوە

لە داستانەکانی پێشمەرگە

# داستانی دەشتێو

ئامادەکردنی بو چاپ
- م. سەنگەر -

گژو گیا، دارودرەخت، گولوگولزار، خەریك بوو سەر لە نوی ببورژینەوەو چرۆ دەر بکەن. بەهار لەخو ئامادەکردن بوو بوسەرەتای ئەو حەزو ئارەزووانەی لە ناخی نەوروزدا بەئاواتی لەدایکبوون بوون. زستانە پیرە لەدوا روژەکانی چوکدادانو، سەختیو تەرو تووشی پەیتا پەیتا ملکەچی وەرزیکی نوی بوو. دەبەقەد زستانە ئالوزەکەی ئەو کات، کوردستانی زامداریش لە گیژاویکی تەنگو شەوەزەنگی ئەنگوستەچاویش لە سایەی رژیمیکی شوفینی، بالی رەشی کیشابوو، هەلومەرجی ئەوکات ئیجگار ناخوشو پر کویرەوەری بوو، کوردستانی خوشەویستمان هەر لەخانەقینەوە تا زاخو، بەقولایی چەندان کیلومەتر چول و هول کرابوو، باو، باوی بەعەرەب کردنو بەبەعسی کردنی رولەکانی گەل بوو، رژیمی رەگەزپەرست، گەر لە توانای دابووایە، چیا گەردن کەشەکانی کوردستانی تەخت دەکرد! وەك چون لادیکانی ویرانکرد، بەهەزاران شورشگیری لەبیشەو مەلبەندی باوك و باپیرانی دەرپەراندو لە شارەکانی خوارووی ولات سیمپیچی کردنو، ناموسو کەرامەتی کوردی خاوەن پرسەی خستە ژیر رەحمەتی درندانەو ئایدیولوژیە شوفینیەکەی، و ئەوکاتە نیشتمانەکەمان بەقەد خەلکە بی دەرەتانەکەی سیخووری تیا ئاخنرابوو. ببوو بە یەکپارچە سەربازگەو مولگەی دوژمن، ئەمانە هەموو سەرچاوەی ئەو رقوقینە پیروزە بوون، کە لە ناخی دلی زەحمەتکیشانی کوردستاندا پەنگیان خواردبووە، زیاتر لەسالو نیویکیش بوو شورشی نویی گەلەکەمانی تیدا لەدایك ببوو. شورشیك کە بەتاووگوڕ ئاگری دەسەندو پیشمەرگە قینی گینگلخواردووی دەروونیان لە نەبەردیە یەك لەدوای یەکەکاندا هەلدەرشت.

دەشتێو روژی ١٩٧٨/٣/٨.

ت؛ ئەمجارەیان شورشگیرانی شورشی تازە، هەلگرانی ریبازە

داستانی (دەشتێو) لە ژمارە سێی شوباتی 1987 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوبۆتەوە

لە رۆژمێری پێشمەرگەدا

# برایەتی


پ.م (م.ح)

کوتایی حوزەیرانی ١٩٨١


ئەسریکی زوو بوو، لە گوندی(          )شورمان کردەوەو دوو دوو ریچکەمان بەست.هیشتا خور ئاوانەبوو بوو گەیشتینە جیی مەبەست، بەپیی ئەو نەخشەیەی کە دانرابوو لە نیوان هەردوو گوندی(          )-(          )شەقامی گشتی(هەولیر-کەرکووك)مان بە دریژایی زیاتر لە کیلو مەتریك کونترول کرد.هەر بەپیی نەخشەکە جگە لە ودوو بوسەپتەوەی لە لایەن دوو دەستە پیشمەرگە جەربەزەکان بو ئەوسەر ئەم سەری ریگاکە دانرابوون، جگە لەو پیشمەرگانەش کە بوئەسناد لە پشتەوەتر جی مابوون.دەستەیەکی دیکەش لە پیشمەرگە دانرابوون بو راگرتنی ئوتومبیلەکان و پشکنینیان و کوکردنەوەیان لەو شوینەی کە هەفالی رابەری سیاسی هیزەکە نەدوەی لی دەکردو ریبازو سیاسەتی حزبی شیدە کردەوە.ئیتر هەر ئوتوموبیل بوودەهات و رامان دەگرت و بەگورجوگولی دەمان پشکنین و ناسنامەکانمان لە نەفەرەکان وەردەگرت ئەگەر بورە پیاویکی رژیمیشمان چنگ کەوتایە جیامان دەکردەوە،ئەوانی ترمان بەرەو شوینی دیاریکراوی(ندوة) کردن بە ریزەوە بەریدە کرد، هەفالی رابەری سیاسیش بەدەم بەخیر هاتنی گەرم پیشوازی لیدەکردن و لە روشنکردنەوەی ریبازو سیاسەتی حزب وەلامدانەوەی جارناجاری پرسیارەکانیان، هەر دەیگوت بولبولەو دەخوینی، بەلام هەر زوو لەبەر زوری راگیراوەکان و بەتایبەتی نەگەیشتنی براعەرەبەکانمان لە کوردی،جارناجاریش نەدوەکە دەکرا بە عەرەبی.بەو بالی رەشی خوی تەواو کیشا بوو، کاتژمیر هەنگاوەکانی خیراتر دەبوو، راگیراوەکانیش زیادیان دەکردو، خویان لە ئافرەت و پیاوو گەورەو بچووك دەبینیەوە.

کات درەنگ داهات، زیاتر لە (١٠٠) ئوتوموبیل لە بەدیاروروژهەلاتی شەقامەکە راگیرابوون، ئەو لکە جومەی تایبەت بوو بە(ندوة) کردن جەمەی دەهات لە خەلك.دیاربوو هاتوچوش یەکجار کەم ببووەوە، دوا ئوتوموبیل کە هات دیاربوو لە دوورەوە شەقامەکەی بەخیرایی هەلدەویزنی،کاتی ئشارەتی بوکرا بوەستی بەناچاری ئیستوپیکی هیندە بەرکی گرت زیرەی لە شەقامەکە هەلستاند ئەگەر شوفیرەکە زیرەك نەبوایە لەوانەیە وەرگەرابایە.پاش ئەوەی خومان پیناساندن کە پیشمەرگەی سوسیالیستین دیاربوو وشەی پیشمەرگە رەنگی لە روو پەراندن، باوکی شوفیرەکە ریش ماشوبرنجیەك بوو،کەوتە پارانەوە، ئافرەتەکان کە دوو کچ و دایکیان بوون، کردیانە زاق و زیق و کورەش نوتقی گیرا.ئەگەر چی

بابەتی (برایەتی) لە ژمارە سێی شوباتی 1987 گۆڤاری پێشکەوتن بڵاوبۆتەوە



**شەهید هەژار**



شەهید هەژار سەردەمی خوێندكاری - هەولێر




شەهید مەهدی و شەهید هەژار



شەهید هەژار و موراد مەنتک - 1976



شەهید مەهدی – عوسمان حەسەن – شەهید هەژار – 1979/10/25



**عوسمان حەسەن – شەهید هەژار – ڕەسول هەمزە**



**شەهید هەژار – ئۆمەر پیرۆت – مراد ڕەسول لەکاتی کارکردنیان لە پرۆژەی دارستانی بێستانە**

**1979/12/4**



گارە – مەتین – سەربەست - عوسمان برای شەهید – لۆزان – فارس برای شەهید – سەنگەر – پەشێو – محەمەد - 2023



محەمەد عوسمان – عوسمان حەسەن برای شەهید – فاتیمە سەلیم دایکی شەهید – فارس حەسەن برای شەهید 1992




**عوسمان حەسەن – ستار سەلیم – فارس حەسەن برا و خاڵی شەهید هەژار 2023**



**فاتیمە سەلیم دایکی شەهید هەژار**

**لە 2017/1/27 کۆچی دوایی کردووە**



**شەهید هەژار - 1984**




شەهید هەژار – محەمەد زێنەب - 1980




شەهید هەژار





**شەهید هەژار لەکاتی خوێندنەوەی شیعر لە ئاهەنگێک 1984**



**شەهید هەژار هاوینی 1985 شوشان**



شەهید هەژار – زرار جۆلا - 1985




شەهید هەژار – فرهاد منتک



**شەهید هەژار – نایف رەحمان - 1983**




**شەهید مام قادر شۆڕش – شەهید هەژار دێدەوانی**




**شەهید هەژار – زرار جۆلا – شەهید قەندیل – موحسین بانی مارانی – 1985 شوشان**



**دڵشاد کۆیی – شەهید هەژار – 1985 شوشان**



مامۆستا ئەمین – شەهید هەژار – هاوینی 1985



عەبدولخالق زەنگەنە - شەهید هەژار - 1985




خەسرۆ – شەهید هەژار – رێبوار مەنتک - 1985



چەتۆ مەنتک – شەهید هەژار –1985 شوشان



**بڵند – شەهید هەژار –1985**




**مامۆستا دارا – شەهید هەژار – دکتۆر هیوا شەقڵاوەیی - 1985**



شەهید هەڵمەت – سالار – دلێر – مام رەشاد – رۆستەم – ئاکۆ – د. بێستون – نایف – شەهید هەژار – بڵند - چەتۆ - پشتیوان



ئیسماعیل – رەشید رواندزی – چەتۆ مەنتک – ئاکۆ ئاکۆیی – شەهید هەژار - 1985



شەهید هەژار - 1984



شەیدا مەنتک – شەهید مەهدی – شەهید هەژار – 1983 بارزان



بەختیاری راگەیاندن – شەهید هەژار - 1983



کەریم باوەڕ – ڕێباز مستەفا – شێرکۆ – شەهید هەژار – بێستون - 1983



کەریم باوەڕ – حەمید عەسکەری – فاخیر – شەهید هەژار – بێستون – ئەحمەد ژێسێ – بێکەس - 1984



شەهید هەژار – 1985 شوشان



شەهید هەژار – 1981/5/12 نەغەدە



**مامۆستا دارا – شەهید هەژار – شەهید قەندیل - 1985**



**بێکەس – ئەڵوەند – حەمید عەسکەری – ئەحمەد ژێسێ – شەهید هەژار – بێستون –**

**شەهید هەڵمەت 1984/8/8 لەکاتی پێشکەشکردنی شانۆگەری**



راوەستاوان: ئەسوەد – شەهید مامۆستا جەمال – عوسمان بانبیمارانی – بەڵێن عەبدوڵلا – کەریم باوەڕ - سمکۆ

دانیشتوان: شەهید هەژار – ئاسۆ حەسەن – کەماله درێژ



راوەستاوان: بڕوا – شەهید هەژار – نەناسراو – نەناسراو – رزگار چاوشین – حەمە حسک – قادر کرۆنە – شەهید جەمال

دانیشتوان: تەنیا – ڕێبوار – مام ڕەشاد – نەناسراو - خەسرۆ



**راوەستاوان: سمکۆ – ئاکۆ – د.هیوا – رەشید – نایف – د.سوارە – شەهید هەژار**


**دانیشتوان: ئیسماعیل – چەتۆ مەنتک – عوسمان بانیمارانی – کاکە رەش - 1985**



**زرار جۆلا – دکتۆر هیوا – سمکۆ ئەنوەر – کەمال درێژ – بەڵێن عەبدوڵلا – شەهید هەژار - 1985**



عوسمان حەسەن مەنتک برای شەهید هەژار - 1983



شەهید هەژار



**هێنانەوەی روفاتی شەهید هەژار لە بناری چیای مەتین – 1991/11/28**



**هێنانەوەی روفاتی شەهید هەژار– 1991/11/28**



کۆمەڵێک پێشمەرگەی زەحمەتکێشان - 1985



راوەستاوان: کاکە رەش – شەهید هەژار – بەڵێن عەبدوڵڵا – کەمال – ئەسوەد

دانیشتوان: د.هیوا – ئاکۆ ئاکۆیی – ئیسماعیل – مام رەشاد




راوەستاوان: بەهمەن حوسێن – شەهید هەژار – د.بێستون – خەسرۆ – چەتۆ مەنتک – بڵند

دانیشتوان: ئاسۆ حەسەن – ساڵح ئامێدی - 1985



شەهید هەژار – چەتۆ – محسین – فەرهاد – د.هیوا – شێروان – عوسمان بانیمارانی – نایف – سمکۆ - رەشید




شەهید هەڵمەت – بێکەس – شەهید هەژار – مامۆستا دارا – ئاوارە کۆیی – مام رەشاد



کاتی هێنانەوەی روفاتی شەهید هەژار لە بناری چیای مەتین – 1991/11/28




نەناسراو – مامۆستا کاوە – ئازاد – کەریم باوەڕ – شەهید هەڵمەت – شەهید هەژار – ئەوەی پشتەوە ئاوارە کۆیی



شەهید هەژار – 1985 - شوشان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - عێراق



شەهید "محمد حسن عمر" ناسراو بە "هەژار دێرەوانی"

❖ لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری هەولێر لە دایک بووە.

❖ ٢٩-٥-١٩٨٧ لە گوندی "شیف جنارك" شەهید کرا.

Kurdistan Toilers Party-Iraq

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

زنجیرە(3)